## پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

**دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە**

خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا

لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن



**سەرپەرشتیارانی پرۆژە**

**د. لوقمان رەئوف**

**بابان ئەنوەر**


# کۆنفۆشیۆس

**وەرگێڕانی: کۆمەڵێك نوسەر**

**بەشی چوارەم**

**67**

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

# کۆنفۆشیۆس

وەرگێڕانی: کۆمەڵێک نوسەر
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد
تایپو هەڵەچنی: کەیوان عومەر- نیاز کەمال- زریان رەحیم
ساڵی چاپ: 2017
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
تیراژ: 750 دانە
چاپخانە: حەمدی
نرخ: 2000 دینار
سەرپەرشتیاری چاپ: ژیار عەلادین - حسێن سەعید
لەبڵاوکراوەکانی: دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
ideafoun@gmail.com
www.facebook.com/dezgai.idea
07701955044 - 0533220180
سلێمانی - گردی سەرچنار- نزیک کۆمەڵگەی بەهاران

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە ( 191 )



# کۆنفۆشیۆس

وەرگێڕانی: کۆمەڵێک نوسەر

بەشی چوارەم

## خوێنەری بەڕێز:

ئەم نامیلکانەی لەبەردەستدایە، بریتییە لەو پرۆژە فکری و فەلسەفیەی، کە دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە بە پرۆژەی (100) نامیلکەی فکری و فەلسەفی رایگەیاندبوو، ئەم بەشەش بریتییە لە بەشی چوارەم، بەم پێیەش تاوەکو ئێستا لەم پرۆژەیەدا (80) نامیلکەمان چاپکردوە.

بەشی یەکەم بریتییە لە (ئاشنابوون بە بێرکلی، ئاشنابوون بە باشلار، ئاشنابوون بە دیکارت، ئاشنابوون بە هایدگەر، ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 بەرگ، ئاشنابوون بە هانا ئارێنت، ئاشنابوون بە هیگڵ، ئاشنابوون بە سارتەر، ئاشنابوون بە نیچە، ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر، ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەک، ئاشنابوون بە مارکس (8) بەرگ).

بەشی دووەم بریتییە لە (ئاشنابوون بە فیورباخ، ئاشنابوون بە تۆماس مۆر، ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر، ئاشنابوون بە گرامشی 1،2، ئاشنابوون بە ئەرستۆ، ئاشنابوون بە دیموکراسی، ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 بەرگ، ئاشنابوون بە ئەرکون، ئاشنابوون بە فۆکۆ، ئاشنابوون بە ئەکیونی، ئاشنابوون بە ئەنگڵس، ئاشنابوون بە جۆن ستوارت میل 3 بەرگ، ئاشنابوون بە جاک لاکان، ئاشنابوون بە لایبنتز، ئاشنابوون بە میکاڤیلی).

بەشی سێیەم بریتییە لە (ئاشنابوون بە پۆڵ ریکۆر، ئاشنابوون بە ئاڵتۆسێر ئاشنابوون بە سپینۆزا، ئاشنابوون بە پۆپەر، ئاشنابوون بە دۆرکهایم، ئاشنابوون بە دریدا،

ئاشنابوون بە لیوتار، ئاشنابوون بە لینین 2 بەرگ، ئاشنابوون بە ترۆتسکی، ئاشنابوون بە بێرتراند راسڵ، ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم 2 بەرگ، ئاشنابوون بە ئەفلاتوون، ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ، ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار، ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی، ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم 2 بەرگ، ئاشنابوون بە مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست)

بەشی چوارەم بریتییە لە (کۆنفۆشیۆس، جۆن دیۆی، پیەربۆردیۆ، مارتن لوسەر، ئالان بادیۆ، ویتگنشتاین، ماوتسی تۆنگ، لیڤی شتراوس، چۆمسکی، والتەر بنیامین، مارتین بوبەر، مۆنتیسکۆ ،سپێنوزا، جولیا کریستیڤا، رولان بارت، رۆدۆلف کارناب، جۆرج باتای، فۆکۆیاما، دیڤد هارڤی، سان سیمۆن).

خوێنەری بەڕێز: بەدەرلەم پرۆژەیەو لەساڵی (2011)دوو بەشی تر بە شێوەی تاک تاک و وەک پاشکۆی گۆڤاری ئایدیا بڵاوکراونەتەوە، بەشی یەکەمیان (16)فەیلەسوفن کە بریتیین لە ( ویتگنشتاین، ئاشنابوون بە دیکارت، ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین ،میشێل فۆکۆ، لۆژیک ئەپستۆمۆلۆژیا، میتافیزیک، لە دیدی فەلسەفیەوە، کۆمەڵگەو دەوڵەت، دیموکراسی ئازادی تاک و کۆمەڵگە،بزوتنەوەی فێمێنیزم، سوقرات، سۆسیال دیموکرات فرۆید، وێنەی ژیان لە بۆچوونی بیرمەنداندا، ئیخوان موسلیمین داینەمۆی بەرهەمهێنانی توندوتیژی، نیچە، ئاشنابوون بە هیوم، ئاشنابوون بە بێرتراند راسل).

بەشی دووەم (25) نامیلکە و بریتین لە (ئاشنابوون بە ئەفلاتوون، ئاشنابوون بە سپینۆزا، ئاشنابوون بە کیرگە

گۆر، ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر، ئاشنابوون بە کارل پۆپەر، ئاشنابوون بە ئالان تۆرین، ئاشنابوون بە سوقرات ئاشنابوون بە ئەرستۆ، ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین، ئاشنابوون بە جان جاک رۆسۆ، ئاشنابوون بە دیڤد هیومئاشنابوون بە نیچە، ئاشنابوون بە فرۆید، ئاشنابوون بە جۆن لۆک، ئاشنابوون بە لینین، ئاشنابوون بە ئەریک فرۆم، ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت، ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم، بلیمەتی و شێتی، ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی، ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم، ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار، ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف، ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس، ئاشنابوون بە دریدا)

لە ئایندەیەکی نزیکیشدا بەشی پێنجەم کە خۆی لە کۆمەڵێک فەیلەسوف و چەمکی نوێ، کە ئەمڕۆ لە دونیای فکری و فەلسەفیدا هەن بڵاودەکەینەوە.

ئەم پرۆژەیەش لە ساڵی (2018)دا بە شێوازێکی نوێ و بە ناساندنێکی تر درێژەی دەبێت، چونکە بە پلەی یەکەم کار لەسەر بیرو هزری فەلسەفەی فەیلەسوفە نوێ و هاوچەرخەکانی دنیای بیریاری دەکات.

ئامانج لەم پرۆژەیەش مەبەستمانە ئەو کردارە بیری و عەقڵی و توانستە بیریانەی، کە بیرمەندو فەیلەسوفەکان بەدرێژایی مێژووی بیری مرۆڤایەتی ناویانە، بەئاسانترین رێگە بگەیەنینە خوێنەر، چونکە بیر هۆکارێکە مرۆڤ لەپێناو هێنانەدی خواست و دیوە شاراوەکانی مێشکدا لە بوارە جیاوازەکاندا بەکاریدەهێنێت، تاوەکو لەو رێگەیەوە داهێنان

و توانست و گەشەسەندنەکان بناسێنێت، لەبەرئەوەی ئەگەر ئەم شەپۆلە بیریارییە نەبوایە، ئێستا ژیان و پێشکەوتن بەم شێوازە نەدەبوو.

هەروەها دەمانەوێت لەم رێگەیەوە خوێنەر هەست بە بیرو ئایدیا جیاوازەکان و گرنگی بیرکردنەوەکان بکات، لەپێناو چارەسەرکردنی گرفتەکان و روانین لە جیهان بەو شێوازەی کە پێویستە لێیبڕوانێت، تاوەکو بگاتە ئەو کردارەی کە دیکارت لەسەرەتای رێنیسانسدا رایگەیاند» من بیردەکەمەوە، کەواتە من هەم»، واتە بخوێنەرەوە، بۆئەوەی بتوانیت بیربکەیتەوەو بوونیەتی خۆی بسەلمێنێت.

بۆیە ئەگەر بمانەوێت بیربکەینەوە، پێویستە بەر لە هەر شتێک، هۆکاری بیرکردنەوەکە دەستەبەربکەین، خوێندنەوەش یەکێکە لە هۆکارەکان و بەهۆشیەوە، بیرکردنەوەکان بەرئەنجامی دەبن، چونکە پرۆسەی بیرکردنەوە، لەپێناو هێنانەدی داهێنان و گەشەو پێشکەوتنە، ئەم گەشەکردنەی تەکنۆلۆژیای ئەمرۆش، بەرهەمی ئەم پرۆسەیەیە.

بۆیە نابێت پرۆسەی خوێندنەوەو بەرۆشنبیریکردن، نەک تاک، بەڵکو کۆمەڵگەش خۆی لێ نەبوێرێت، چونکە تەنها بیرەکان دەتوانن ژیان بگۆڕن، بۆیە پێویستە بەردەوام عەقڵەکان کراوەبن، لەپێناو بەرهەمهێنانی بیری نوێ و بنیادنانی ئایندەیەک، جیاوازتر لەرابردو.

**د. لوقمان رەئوف**

2017

# کۆنفۆشیۆس

پۆڵ ئەستراتێرن

وەرگێڕانی: مەجید مارابی

کۆنفۆشیۆس دەربارەی ژیان زۆری دەزانی، بەڵام ئێمە سەبارەت بە ژیانی ئەو زۆر کەممان زانیوە. ئەمەش دەبێتە هۆی سەرلێشێوانی ئێمە کاتێک کە سەبارەت بەو داوەری دەکەین، ئەو بە ئێمەی وت چۆن رەفتار بکەین، بەڵام ئێمە نەماتوانی تێبگەین کە ئەو بە وردی چی دەوێت.

کۆنفۆشیۆس رکابەرێکی نزیکە لە بەرامبەر بەهەژمونترین تاک لە مێژوودا، بەم جۆرەش ئێمە خۆشحاڵین کە فەلسەفەکەی ئەو ناڕوون و ئازاردەرە. کۆمەڵێک وتەی چاکەخوازانە، پەندی ناسک و جوان و مەتەڵ ئاسا، پێکەوە فەلسەفەیەکی هەرەباش بوون بۆ کارگوزاران. رێک نیازی (کۆنفۆشیۆس)یش هەر ئەوە بوو. ئەو بە پێچەوانەی بیرمەندانی دیکە نەیدەویست کە شوێنکەوتووەکانی بەرەڵاگەلێکی بێ پارە، پەرشوبڵاو لە شارێ و کوێرە رێگاکان، لە دۆخێکی رۆشنبینانەی ناکارادا بەسەربەرن. ئامانجی ئەوەبوو شاگردەکانی بکاتە فەرمانەبەرانی شایستەی حکومەت و سەرتر لە بێهودەترین خواستەکانیشی بەدیهاتن، چونکە ماوەی زیاتر لە دوو هەزار ساڵ ئامۆژگارییەکانی نەریتی خواپەرەستانە و خۆراکی رۆحی بۆ کارمەندان،

خاوەن قوتابخانەکان، وەزیران و بەڕێوەبەران لە نێوان یەک ریتمی ئازاردەرانەی ئیمپراتۆری چیندا فەراهەمکرد. هەر ئەم ئیمپراتۆریەتەشە کە هۆکاری نەفرەت و بێزاری ئێمەیە:»باشتر وایە لە سەردەمێکی شادی هێنەردا بژین» لە وەها کۆنفۆشیۆسێکدا دەرفەتی بەختەوەری هەیە. جێگەی سەرسوڕمان نەبوو کە بەدوای رێگە چارەیەکی دیکەوە بێت، ئەگەر لە سنوری خۆت زیاتر هەنگاوت دەنا، تەنانەت توشی هەڵەیەکی بچوک دەبوویت، خۆشبەختدەبوویت ئەگەر نەخەسێنراییت. دەرباری زۆربەی فەرمانڕەوایانی توندڕەوی چینی لەلایەن کۆمەڵێک منداڵە قوتابی چینیەوە ئیدارە دەکرا.

تا شۆڕشی کۆمۆنیستی ساڵی 1949 ئاینی کۆنفۆشیۆس هاوسەنگ بوو لەگەڵ شێوە ژیانی چینیدا، لە سەردەمی ماودا بە دودڵی و گومانەوە سەیری ئاینی کۆنفۆشیۆس دەکرا. خودی کۆنفۆشیۆسیش وەکو ئەندامێکی چینی «سەرمایەداران و زەویداران» دەکرایە ئامانجی جنێو و هێرشی کۆمۆنیستەکان. (لە راستیشدا ئەو وەها نەبوو، بەدرێژایی تەمەنی هەژار و بێکار بوو و هیچ موڵک و سامانێکی نەبوو). بە

درێژایی شۆڕشی کولتوری دەیەی ساڵی 1960 گاردە سەربازییە سورەکان هەوڵیاندا دوایین پاشماوەکانی ئاینی کۆنفۆشیۆس لە هزری چینیدا بسڕنەوە. سەرباری ئەوەش ماو هەندێک جار بۆ هاندانی هاوڕێیانی سودی لە وتەکانی کۆنفۆشیۆس وەردەگرت. ئەو دووخاڵەی کۆتاییش نیشانەی بۆچوونێکی نوستوو بەهێزە لە بیرۆکەی چینیدایە بەرامبەر بە ئاینی کۆنفۆشیۆس کە لەژێر ناوی مارکسیزمیشدا بەردەوام بوو.

لەلایەکی دیکە، ئاینی کۆنفۆشیۆس لە کاتی ئاوارەبوونی چینیەکاندا، لە تایوانەوە بگرە تاکو گەڕەکە چینی نشینەکان لە سەرتاسەری جیهان، بە زۆری زیندو ماوەتەوە. گوتەکانی کۆنفۆشیۆس لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوازرێتەوە و ناوی ئەو ناوەندێکی رۆشنبیری وەکو (شکسپیر) بۆ بەریتانیەکان و (گۆتە)ی بۆ ئەڵمانیەکان دۆزیوەتەوە.

بە هەمووی ئەمانەوە سەیر ئەوەیە کە خودی کۆنفۆشیۆس شکستیهێنا. یان خۆی وەها بیری دەکردەوە (ئێمە کێین کە دژایەتی وەها تاقانەیەک بکەین). کۆنفۆشیۆس پێیوابوو لە ژیاندا سەرکەوتوو نەبووە، لە بێهیواییدا کۆچی دوایکرد.

## ژیان و بەرهەمەکانی کۆنفۆشیۆس

کۆنفۆشیۆس وێنەی وشەی بەلاتینیی کراوی کۆنگ فۆتزۆ (بەواتای «مامۆستا کۆنگ»ە). ئەو سەدەی شەشەمی پێش زایین لەدایکبووە، زۆربەی تەمەنی لە باکوری ناوەڕاستی کەنارەکانی چین بەسەربرد. سەدەی شەشەمی پێش زایین گرنگی زۆریدا بە لێکۆڵینەوە سەبارەت بە کامڵبوونی مرۆڤ، لەو سەردەمە کە یەکەمین مرۆڤی ئەشکەوتنشین بە شێوەیەکی نەخوازراو ماڵەکەی سوتاند، جگە لە دایکبوونی کۆنفۆشیۆس ئەو سەدەیە شایەتی لە دایکبوونی ئاینی دائۆ (تائۆیزم)، و ئاینی (بودا)ش بوو، هاوکات دەستپێکی فەلسەفەی یۆنانیش بوو. ئەوەی کە بۆچی ئەو ڕووداوە فیکریە دیاریکەرانە دەبێت ڕێک لەو سەردەمەدا، بە زۆری لەو شارستانیەتانەی کە لە قۆناغی جیاواز لە گەشە و پەرەسەندندا بوون و هیچ پەیوەندیەکیان لەگەڵ یەکتر نەبوو ڕوویدا، بە شاراوەیی ماوەتەوە. (هەندێک لەو وەڵامانەی دەدرێتەوە – هاتنی کەشتیی بێگانە، کارو کاردانەوەی جیاواز لە ئاستی خۆردا، نەخۆشی هزری و شتی تری وەکو ئەوانە –

ئـەوە دەگەیەنێت کە توانای زەینی ئێمە لەم کاتە بەدواوە پێشکەوتنێکی ئەوتۆی بە خۆیەوە نەدیوە).

کۆنفۆشیۆس لـە ساڵی 551 پێش زایین لە پارێزگای دەرەبەگایەتی «لـوو» کە ئێستا بەشێک لە پارێزگای کەناری باکوری ناوەندی (شانتۆنگە) لەدایکبوو، لە بنەماڵەیەکی ئەشرافی دێرینی هـەژارکراوبوو، دەوترێت راستەوخۆ سەر بە تیرەی فەرمانڕەوایانی زنجیرەی شانگ بووە.

ئـەوەش کۆنترین زنجیرەی چین بـوو کە زیاتر لە شەسەد ساڵ، لە سەدەی هەژدەیەمەوە تا سـەدەی دوانـزەیـەمـی پێش زایین مایەوە. دەوتـرێـت خـەڵک دەفـری بـەردینی گوڵداریان دروستدەکرد و گوێچکە ماسی پەمەیی کاوریان (Cowrie) لەبری پارە بەکاردەهێنا. بە حیکایەتی ئەفسانەکان، خەتی چینی داهێنانی دانیشتوانی ئـەو ناوچـەیە بـووە، ئـەوان بـە هەڵکۆڵینی پەیامەکانی خۆیان لەسەر قاوغی کیسەڵ لەگەڵ کەس و کارەکەیان پەیوەندیان بەرقەرار دەکرد، بەڵام مێژوونوسانی جدی گرنگیەکی ئەوتۆیان

بەو جۆرە ئەفسانانە نــەداوە، تا ئـەوەی کە لێکۆڵینەوەی شوێنەوارناسی ئەمدوایانە بوون و شێوەی ژیانی وەها زنجیرەیەکی لە هەزارەی دووەمـی پێش زاییندا پشت ڕاست کردۆتەوە، بەڵام بە داخــەوە هیچ پەیامێک بۆ ئەندامانی سەرەتایی بنەماڵەی کۆنفۆشیۆس لە نێوان کەتیبە قاوغ کیسەڵیەکاندا نەدۆزراوەتەوە.

ئــەوەی کە دەیـزانـیـن ئـەوەیـە کـە باوکی کۆنفۆشیۆس سەربازێکی پلە نزم بـووە، لە کاتی لەدایکبوونی کۆنفۆشیۆسدا تەمەنی 70 ساڵان بـووە. کۆنفۆشیۆس سێ سـاڵان بوو کە باوکی کۆچی دواییکرد و لەلایەن دایکیەوە بەخێوکرا. (سەیر لەوەدایە لە نێوان ئەو دە بۆ دوانزە کەسەی کە فەلسەفە و ئاینە گەورەکانی جیهانیان پێکهێنا زۆربەیان لە خانەوادەی تاک سەرپەشتدا گەورە بوون).

کۆنفۆشیۆس دواتـر وەهـای بیر دێنێتەوە: «کاتێک پانزە ساڵان بووم تەنیا حەز و خولیام خوێندنەوە بوو». ئەوە کۆڵەکەی ژیانی بوو، کە دواتـر دەیبینی دابەشکراوە بەسەر چەند قۆناغێکی دیاریکراو: »لە تەمەنی سی ساڵیدا

ژیانم دەستپێکرد، لە چل ساڵیدا پشتم بە خۆم بەست، لە پەنجا ساڵیدا پێگەی خۆمم لە پرۆژەی گەورەی بووندا دۆزیەوە، لە شەست ساڵیدا تێگەیشتم کە پێویستە مشتومڕ نەکەم و ئێستا لە حەفتا ساڵیدا دەتوانم ئەوەی کە پێم خۆشە بەبێ شێوانی ژیانم ئەنجام بدەم». سەختە بتوانرێت بوترێت چەندەی ئەو بەسەرهاتە رۆحیە رەسەنە و چەندەشی ریوایەتی کۆنفۆشیۆسە لە حیکمەتی نەریتی زاڵ بەسەر «قۆناغەکانی تەمەنی مرۆڤ»دا، بەهەرحاڵ هەندێک شت سەبارەت بە خەسڵەتە تایبەتیەکانی ئەو یان شتێک کە خوێنەری ئەمڕۆیی «ژیان» دەیزانێت – لەخۆدەگرێت.

جیاواز لە حەز و خولیای کۆنفۆشیۆس بە فێربوون بە دانپێدانانی خۆی، لە سەرەتای ژیانی کەم دەزانین، کەم واتا جگە لە چیرۆکە هەمیشەییەکان کە لە دەوربەری هەر کەسایەتیەکی گەورەی وەکو ئەودا کۆدەبێتەوە (گرتنی باڵندەکان بە ئەفسونەوە لەسەر درەخت، دوبارە زیندووکردنەوەی سەگی خۆشەویستی فڵان کەس، ئەستێرەی کلکدار، لەو چەشنەنە).

لەو سەردەمەدا پشتاوپشتی 600 ساڵەی چوو، کە شارستانیەتیان هێنابووە چین، بەرەو لێکهەڵوەشان و لەناوچوون دەچوو. سەردەمی دەرەبەگایەتی بوو دەوڵەت و شارە دیاریکراوەکان بە دڵخواز پێکەوە پەیمانیان دەبەست و جەنگیان دەکرد.

شەڕڤانەکان بەوجۆرە دەژیان کە هەمیشە شەڕڤانان ژیاون (کوشتوبڕ، قاتوقڕی، عەیاشی) و خەڵکانی دیکەش تەنها منداڵیان دروست دەکرد، بۆ ئەوەی گەورەکانیان پشت بەهەنگاوی کەمی ڕێژەی دانیشتوان (کوشتن، برسیەتی، گەندەڵی) نەبەستن.

کارەساتی مرۆیی، لە قەبارەی نەریتی خۆرهەڵاتیانەیدا، برەوی هەبوو کە لەدوای شۆڕشی کۆمۆنیستی بەدواوە نەبینرا، ئەگەرچی هەندێک لە کارەساتە نەرتییەکان مایەوە. ئەو پەیوەندییە بەترس و دڵەڕاوکێ ڕۆژانەییەکان کاریگەرییەکی قوڵی لەسەر کۆنفۆشیۆسی گەنج هەبوو و سەختی و پراتیکێکی بەخشیە بیرۆکەکەی کە هەرگیز لەناو نەچوو. کۆنفۆشیۆس بەخێرایی بۆی دەرکەوت کە بۆ

لەناوبردنی ئەو ئازارە بێ ئەندازەیە چەمکی کۆمەڵگە دەبێت بە تەواوەتی بگۆڕدرێت. کۆمەڵگە دەبێت لە بەرژەوەندی هەموو دانیشتوانەکەیدا بەکاربێت، نەک تەنها ئامرازێک بێت بۆ خۆهەڵواسین بە فەرمانڕەواکانیدا. کۆنفۆشیۆس یەکەم کەس بوو ئەم پرنسیپە پشتگوێ خراوەی جێگیرکرد. دووسەد ساڵ دواتر بوو کە یۆنانیانی دێرین لەمبارەیەوە دەستیان بە قسەو باس و لێکۆڵینەوە کرد، بەڵام چونکە لەوبارەیەوە لێکۆڵینەوەیانکرد، بە زوویی چەمکێکی ئابستراکتی ئاڵۆزیان سەبارەت بە دادگەری خستەڕوو. کۆنفۆشیۆسس دەرفەتی ئەوەی نەبوو بە درێژایی چەندین ساڵ فۆرمگرتنی خۆی لەوباریەوە قسەو باس بکات، هەر بۆیە بیروبۆچوونەکانی پراتیکی و کارامە مانەوە. بەو بڕوایە گەیشت کە پێویستە چەمکی کۆمەڵگە نەک خودی کۆمەڵگە بگۆڕدرێت. فەرمانڕەوا دەبێت فەرمانڕەوایی بکات، بەڕێوەبەرو جێبەجێکاریش ئەرکەکان ئەنجام بدەن. کتومت وەکو ئەوەی چۆن باز دەبێت، بە سەر منداڵەکانیەوە باوکایەتی بکات. شۆڕشێک

کە ئەو مژدەی دەدا شۆڕش لە تێڕوانین و ڕەفتاردابوو. هەرکەس پێویستە هەوڵبدات ڕۆڵی خۆی بە زۆرترین لێوەشاوەیی و ڕاستگۆیی بگێڕێت.

بەڵام سەبارەت بەمە و بابەتە پەیوەندیدارەکان، لێکدانەوەو دەربڕینێکی هەبوو کە ڕێگەی شرۆڤەکردنێکی زیاتری بە شوێنکەوتوانی دەدا، بۆ نمونە: «ئەگەر تیۆرییەک لایەنگری بۆ پەیدادەبوو. دەستی غەیبی لە پشتبوو». «فەرمانڕەوابوون دژوارە، بەڵام فەرمانبەربوونیش ئاسان نییە». «خەڵکانی ڕاستگۆ بە شێوازێکی دیکە هەڵسوکەوت دەکەن». کارنەکردن کاتێک کە دادپەروەری حوکمڕانە، ترسنۆکانەیە».

ئەم نەبوونی کەم تا زۆر یەکدەست و بەرفراوانەی لۆژیک کە تایبەتمەندی تێزەکانی کۆنفۆشیۆس بوو دەرکەوت کە بەهێزترین خاڵی ئاینی کۆنفۆشیۆس بوو، لە کۆتاییدا نەدەکرا بە تەواوەتی بسەلمێنرێت، ئەگەر بە باشی لێی وردببیتەوە شتێکت تێدا دەدۆزییەوە کە هەموو شتێکی دەسەلماند. ئاینی کۆنفۆشیۆس لە خاڵە بەهێزەکەیدا لەگەڵ کتێبی پیرۆز و دەقە

پیرۆزەکانی ئاینە دێرینەکان هاوبەش بوو. کۆنفۆشیۆس لە هەژدەساڵیدا هاوسەرگیری کرد کوڕێکی هەبوو بە ناوی (لیۆ) کە بە واتای ماسی گەورە بوو. (لیۆ باوکە بەناوبانگەکەی بێهیوا کرد و هەرگیز نەبووە ئەو ماسیە گەورەیەی کە کۆنفۆشیۆس بەهیوای بوو) کۆنفۆشیۆس هەژاربوو، بۆ بژێوی ژیانی ناچاربوو کاری جۆراوجۆر بکات لەوانە کارکردن لە نوسینگەی گەنم فرۆشتن، بەرپرسیارێتی ئاژەڵە کێویەکان لە شوێنی راگرتنی ئاژەڵانی پیرۆز. لە ساتە بەتاڵەکاندا خۆی بە خوێندنەوەی مێژوو، مۆسیقا، نزاکردنەوە سەرقاڵدەکرد و بە زوویی وەکو زاناترین کەسی لوو ناوبانگی دەکرد. کۆنفۆشیۆس بەرزەفڕبوو، بەهیوای ئەوە بوو پۆستێکی باڵای حکومی بەدەست بێنێت، بۆئەوەی لەو ڕێگایەوە بیروباوەڕەکانی پراتیک بکات. دیاربوو فەرمانڕەوایانی خۆشبژێو نەیاندەویست وەها بێزارکەرێک بۆ ئیدارەی کاروباری قەڵەمڕەوی خۆیان وەربگرن و وەرگرتنی کۆنفۆشیۆس هەرگیز لە قۆناغی موقابەلە سەرتر نەچوو. (کۆنفۆشیۆس گەنجێکی

جدی بوو کە دەیوست زانستی بەربڵاوی خۆی بخاتە بەردەست هەموو جیهانیان، نە ئەوەی کە وەکو شێوازێک لە گفتوگۆ پیشەییەکاندا سودی لێوەربگرێت). لەو سەردەمەدا، وەکو ئەمڕۆ کەسانێک کە نەیاندەویست لەبواری دڵخوازی خۆیاندا پیشەیەک بدۆزنەوە زۆرتر روویان لە راهێنانی دەکرد. ویلایەتی «لوو» شانازی بە هەبوونی ئەو قوتابخانانەوە دەکرد، کە دابونەریت و تەشریفاتی دەربـاری فێری دەرباریانی داهاتوو بکردایە. ئەو قوتابخانانە بە شێوەی باو دەربارانی دێرینیان بەکاردەهێنا کە لە دابونەریتی ئاڵۆزی دەربـاریدا زانستی پسپۆڕانەی تایبەتیان هەبوو، بەڵام بەهۆی هەندێک هەڵەی نەخوازراوەوە پیشەکەیان لەدەستداوە و هەندێک جاریش دەبووە هۆی لە دەستدانی داراییە تایبەتیەکانیان کە هەندێک زیاتر لە موچەکەیانی دەهێنا. کۆنفۆشیۆس بڕیاریدا قوتابخانەیەک دامەزرێنێت کە جیاوازی هەبوو، بەڕێوەبەران و جێبەجێکارانی فێری ئەوەدەکرد چۆن کاروباری حکومەت راپەڕێنن.

خۆشبەختانە کۆنفۆشیۆس کەسایەتیەکەی

راکێشەر و ئیلهامبەخشی هەبوو، سەبارەت بە شیاوبوونی پرسیارێک نەدەکرا و بە زوویی چەند شاگردێکی راکێشا. پێدەچێت قوتابخانەکەی ئەو زۆر هاوشێوەی ئەو قوتابخانانە بووبێت کە فەیلەسوفانی یۆنانی کۆن لە سەدەکانی دواتردا دایانمەزراند. قوتابخانە کەشێکی نارەسمی و بێ رازانەوەی هەبوو. مامۆستا هەندێکجار بە پیاسەکردن و هەندێکجاریش لە ژێر سێبەری درەختێکدا، وانەی بە قوتابیەکانی دەوتەوە. هەندێک جار وانەی دارشتنی دەوتەوە، بەڵام وانەکان بە زۆری لە پرسیارو وەڵام پێکدەهاتن.

وەڵامەکانی مامۆستا زیاتر بە شێوەی پەندو ئامۆژگاری بوون.»، ئەگەر سوپایەکی بێ ئەزمون ببەیت بۆ جەنگ، لە دەستیان دەدەیت.» پیاوی سەرتر دەست بە وتارەوە دەگرێت نەک کردار»، «ئەگەر عەیبەکان چارەسەر نەکەیت عەیبدارتر دەبیت.» ئەم وتانە رەنگە 2500 ساڵ پێش ئێستا تا رادەیەک وەکو ئەمڕۆ دواکەوتوانە بەرچاو بکەون، بەهەرحاڵ دەڵێن کۆنفۆشیۆس بێ تەحەمول بەرامبەر بە گەمژەکان.»، ئەگەر من گۆشەیەک لە بابەتەکە نیشان بدەم

قوتابی خۆی لە 3 بابەتەکەی دیکە تێنەگات، دەریدەکەم.» لە قوتابخانەی کۆنفۆشیۆسدا شوێنێک بۆ دۆڕەوەکان و لۆمەکراوەکان نەبوو.

ئەو بە بەردەوامی نزیکەی بیست قوتایی هەبوو، لە شازادەوە بگرە تا گەدا، ئەو گوتانەی کۆنفۆشیۆس کە بەدەستی ئێمە گەیشتوون هەموویان کۆن و ناکارا نین. هەندێکیان قسەو باس هەڵدەگرن، هەندێکی تەمومژاوی و مەتەڵئاسان و هەندێکی قوڵن. «کەسێک کە بەهای وشەکان نازانێت بەدوای شتێکدا دەگەڕێت کە خۆی هەیەتی، ژیانی بەتاڵ بەدوای شتێکەوەیە کە لە کەسانی دیکەدا دەبینرێت.» دەوترێت لە گوتەکانی ئەودا جاروبار ڕەنگێک لە تەشەری شاراوەی خۆرهەڵاتی هەیە کە هەڵبەت بۆ خۆرئاواییەکان دەست نادات.

کۆنفۆشیۆس لە بنەڕەتدا مامۆستایەکی مۆڕاڵی بوو، بە بەردەوامی بێ ریا بوو و متمانەی بە قسەهێنان و بردن نەبوو، ئامانجی ئەوەبوو کە ڕەفتارو هەڵسوکەوتی دروست فێری شاگردەکانی بکات. ئەوان ئەگەر دەیانویست بەسەر خەڵکدا حوکمڕانی بکەن

پێویستبوو سەرەتا حوکمڕانیکردن بەسەر خۆیاندا فێرببن، بەڵام گەوهەری گوتارەکانی زایەڵەیەکی ئاشنایی هەیە: سەرتر بوون بە واتای خۆشویستنی یەکتر بوو. ئەم شەوقە مۆڕاڵییە قوڵەی مرۆڤ لەوانەیە کۆنفۆشیۆس زیاتر لە پێنج سەد ساڵ پێش لە دایکبوونی مەسیح دەری بڕیبێت، لە هەمانکاتدا بە بنەمایەکی ئاینی ناژمێردرێت. رەنگە کۆنفۆشیۆس بناغەی ئاینێکی دانابێت(ئاینی کۆنفۆشیۆس)، بەڵام تێزەکانی ئەو لە خۆیدا ئاینی نەبوون، لە راستیدا ئاینەکەشی هەر بەمجۆرەبوو. ئەو مەتەڵە چینیەش بە دڵنیایەوە بە یارمەتی وەدرەنگ کەوتنی داوە.

ئەم پارادۆکسە ئاڵۆزیەکی دیکەی تێدایە، تێزەکانی کۆنفۆشیۆس لەوانەیە ئاینی نەبووبێتن، بەڵام خۆی ئاینی بوو، یان پێدەچێت ئاینی بووبێت، بەزۆری ئاینی بووە. لە هەندێک حاڵەتی دیکەدا دووڕوو بووە. قسەکانی لەو باریەوە شتێک لە نێوان دوور لە راستی و مەتەڵ ئاسادایە. هەرگیز لەوە تێنەگەیشتین کە تا چ ئاستێک کامە لەو دوو رووەی بەرژەوەندی تایبەت، یان پێویستی سیاسی لەپشت بووە.

پێدەچێت کۆنفۆشیۆس لەو بڕوایەدا بووبێت کە لە بووندا هێزێک بۆ خێر هەیە کە هەندێک کەس لەوانەیە بڕوا بە سیستمێکی لەپێشتر و سەرتر بهێنن، لەهەمانکاتدا هۆکارێکی روون بۆ سەلماندنی وەها گەشبینیەک بوونی نییە، کۆنفۆشیۆس پیاوێکی خاوەن ئیمانی ستایشدەکرد بە ترس لە ئاسمان دەژیا، بەڵام زۆربەی دابونەریتە ئاینییەکانی سەردەمی خۆی بەخورافات دەزانی، لەلایەکی دیکەوە زیارتکردنی پێخۆش بوو و بەرهەمەکانی بەسودمەند لەقەڵەم دەدا.

لەم بارەیەوە، هەروەها چەند حاڵەتێکی دیکە، کۆنفۆشیۆس لێکچوونێکی زۆری لەگەڵ سوقرات هەبوو، لە راستیدا تەنها رۆژهەڵات ناسێکی گەورە نەبووە کە کۆنفۆشیۆس بە مەسیحیەکی سوقراتی وەسفبکات. (ئەو تۆمەتە سستە لە کاتێکدا کە سوکایەتییە بە سی کەس، لە گرنگترین کەسایەتیەکانی مێژوو هەمان گەوهەری بەنرخی حەقیقەتیشی تێدایە.)

توخمی سەرەکی تێزەکانی کۆنفۆشیۆس بە پیتی چینی «جین» نیشان دەدرێت. ئەوەش

بەواتای تێکەڵبوونی چەمکی بەرزەفڕانەی، دانایی و عەشق بە مرۆڤایەتی بووە. لێکچوونێکی زۆری لەگەڵ چەمکی مەسیحی مێهرەبانی و خۆشەویستی هەیە، (هەروەها دەڵێت جین بوو کە زەینی بە بودیسم زیادکرد، ئەگەرچی ئەوە چەندین سەدە پاش مردنی کۆنفۆشیۆس روویدا. ئامۆژگاریەکانی کۆنفۆشیۆس لەگەڵ جین تەئکید لەسەر تایبەتمەندی کامڵبوونی تا(دانایی)و (رەوشتبەرزی) دەکردەوە. ئەو لە ژیانی رۆژانەیدا لەسەر پێویستی (نیازی خواپەرەستی) و پابەندبوون بە رێوشوێنە نەریتیەکان جەختی دەکردەوە، بەڵام ئەم پابەندبوونە ماناداربوو، ئەگەر بەشێوەی تەشریفاتی رووتی لێدەهات، هەم لە تاک و هەم لە کۆمەڵدا دەبووە مایەی خەمۆکی. ئامانجی کۆنفۆشیۆس پێکهێنانی چۆنتزۆ (تاکی باڵا) بوو کە لە دانایی و هەماهەنگی، بەدەر لە دڵەڕاوکە و ململانێی دەژیا.

بە هەمووی ئەمانەوە، پێویستە بووترێت کە واتای تەوەری جین لە ئەندێشەی کۆنفۆشیۆسدا دەبووە هۆی شرۆڤەی رەنگاوڕەنگ و

جۆراوجۆر. وەرگێڕانی خودی وشەکە لە کەماڵی مۆڕاڵییەوە بۆ بڵندی خوو و رەوشت، لە مرۆڤایەتی و مرۆڤدۆستیەوە بۆ میهرەبانی، یان تەنانەت جۆردۆستی سادەی لەخۆ دەگرت. پیتی چینی جین لە دوو بەش پێکدێت، «مرۆڤ» و «ژمارەی دوو». مرۆڤ 2+ = مرۆڤ لە پەیوەندی بە مرۆڤ، بە واتایەکی دیکە، جین گرنگی بە مۆڕاڵی رۆحانی تاک نادات، زیاتر چاودێری رەفتاری کۆمەڵایەتی یان سروشتی ئاکارییە کە لە مەیدانی کۆمەڵایەتیدا دەردەکەوێت. کۆنفۆشیۆس ئەمەی لە گوتەکانیدا (لۆن یۆ کە {لە دەقی خۆرئاوایدا} بەزۆری Analectsی پێدەوترێت) روونکردەوەتەوە، «چونکە پرسیاری واتای جینیان دەکرد، کۆنفۆشیۆس وەڵامی دەدایەوە:»بە واتای میهرەبانی و دەربڕینی خۆشەویستیە بەرامبەر بە هاوجۆرەکان.» دواتر ئەمەی زیاتر شیکردەوە: »پێنج شت هەیە هەرکەسێک جێبەجێیان بکات دەبێتە جین. رێز، نەرمی نواندن، متمانە، پشتکاری هۆشمەندانە و لێبوردەیی، ئەگەر کەسێک رێزداربێت، بێڕێزی نابینێت. ئەگەر دانبەخۆداگر بێت لەناودڵەکاندا

جێگەدەگرێت. ئەگەر خاوەن متمانە بێت، بەرپرسارێتی پێدەسپێردرێت، ئەگەر پشتکاری هەبێت و هۆشیار بێت بە ئەنجام دەگات. ئەگەر میهرەبان بێت، ئەوەندە باش دەبێت کە بتوانێت ئەختیاری کەسانی دیکەی پێ بسپێرێت.»

کۆنفۆشیۆس جینی بە بەشێک لە راهێنان و پەروەردە دەزانی، بەواتایەکی دیکە پێویست بوو وەها رەفتارێک وەکو وانە بوترێتەوە نەک ئەوەی تاک تەنها لە رووی ئەزمونەوە بەدەستی بهێنێت، لە سەردەمی ئەوداخوێندن و فێربوون بەشێوازی رەفتار لەقەڵەم دەدرا نەک بۆ بەدەستهێنانی زانستێکی تایبەت. کۆنفۆشیۆس لەگەڵ ئەو روانگەیە هاوبۆچوون بوو. بەدەستهێنانی زانست حیکمەت بوو، نەک جین. ئەم واتایە نەک هەر مۆڕاڵ، بەڵکو بەها نەریتیەکانیش بە تایبەت ئەرکناسی بەرامبەر بە دایک و باوکی لەخۆ دەگرت، هەندێک گەورەتر بوو لە رێزگرتنێکی سادە لە ئەوان. تێگەیشتن و قبوڵکردنی تێکڕای سیستمی بەهاکان و دابونەریتی ئەوان بوو.

تا سەردەمی کۆنفۆشیۆس نەریتە

مۆراڵیەکانی چین بە تەواوەتی پێکهاتبوون. دوو چەمکی سەرەکی لەم پەیوەندیەدا دائۆ\تائۆ و دێ و تا دەناسرا. دائۆ لە وشەدا بە واتای «رێگا»یە – هەر بەو واتایەی کە مەسیح بەکاری هێنا کاتێک وتی: من رێگاو رۆشناییم» هاوتا خۆراییە ناسراوەکەشی «هەقیقەتە»، ئەگەرچی ئەو توخمە شێنەییەی دائۆی تێدا نییە، هەر تاکێک بۆ باشتر ژیانی رۆحی پێویست بوو کە روو لە«رێگا» بکات، بەڵام دائۆ تەنها بۆ تاکەکان نەبوو، لەوانە بوو تێکڕای وڵاتێک لە رێگا دوور بکەوێتەوە.

تێڕوانینی کۆنفۆشیۆس بەرامبەر بە دائۆ بە تەواوەتی دووڕوویانە بوو، بە تەشەرێکی حەکیمانەوە بەو ئەنجامە دەگەیشت کە:»هەرکەس ئەو رۆژە بمرێت کە شتێکی سەبارەت بەرێگا زانیوە ژیانی بەفیڕۆنەچووە.»، بەڵام کۆنفۆشیۆس گەشبین نەبوو بەرامبەر بەو ئایینەی (ئاینی دائۆ)، یان (تائۆئیسم) کە لەو چەمکەوە سەریهەڵدا. ئەو ئاینە جۆرێک لە دەروونگەرایی دەخستەڕوو کە دەبووە هۆی ئەوەی تاک لە کۆمەڵگە دووربگرێت، لە لای

کۆنفۆشیۆس ئاکار بریتی بوو لە بەشداری تاک لە کۆمەڵدا، لەلایەکی دیکە ڕێگای کاتێک پەسەند دەکرد کە ئاماژەی بە دابونەریتی مۆڕاڵی دەدا. زیاتر لە فێربوونی جێندا دەیتوانی یارمەتیدەرێکی گەورە بێت.

ئیتر چەمکی سەرەکی ئاکاری نەریتی چین دێ نەبوو. بە شێوەی باو زیاتر لە «دانایی» وەریدەگێڕن، بەڵام دێ واتای «گرتنیش» دەدات. مرۆڤ بە گرتنەبەری دێ ڕێگای دانایی دەدۆزێتەوە، بەڵام لێرەشدا کۆنفۆشیۆس دوو ڕووە. لە یەکێک لە گەشتەکانیدا کاتێک هوان تۆی بەناوبانگ {وەزیری کاروباری سەربازی دەرباری سۆنگ} بەدوایەوە بوو و گیانی لە مەترسیدا بوو، هێمنایەتی خۆی وەها دەردەبڕێت:»من دانایی لە ئاسمانەوە فێربووم، هوان تۆیی چۆن دەتوانێت زیان بە من بگەیەنێت؟».

ئەوە دەگەیەنێت کە ئێمە دانایی لە ئاسمان وەردەگرین. زیاتر واپێدەچێت کە کۆنفۆشیۆس وتوویەتی ئێمە توانای تاکبوون بۆ دانایی لە ئاسمان وەردەگرین. ئەوەش دەتوانێت

له تاکێکەوە بۆ تاکێکی دیکە جیاواز بێت، بەڵام ئەرکی هەرکام لە ئێمەیە کە تواناو لێوەشاوەیەکی ئاکاری کە هەمانە پەروەردە بکەین. دەبێت ئەمە دەغدەغەی سەرەکی مۆراڵی ئێمە بێت، کەموکۆڕی لەم کارەدا هەبوو کە کۆنفۆشیۆسی نیگەران دەکرد. «کەموکورتی لە پەروەردەی دانایی، کەموکورتی لە تێفکرین لەوەی کە فێربووین، لاوازی بەرگریکردن لەوەی کە دەزانین راستە، لاوازی لە چارەسەری کێشە و کەموکۆڕیەکانی خود، ئەمە ئەو شتانەیە کە ئازارم دەدا».

دێ هەروەها دەتوانێت رۆڵی کۆمەڵایەتی ئامۆژگاریانەی هەبێت. دەکرێت دیسیپلینی گشتی بە سزادان یان سەرمەشق بپارێزیت». بە فەرمان خەڵک هیدایەت و رێنوێنی بکەن لە دەردەسەری و کێشە بەدوور دەبن، بەڵام هەست بە شەرمەزاری بەدانایی هیدایەتیان بکەن، بە قوربانیدان سنورداریان بکەنەوە ئەو کات هەست بە شەرمدەکەن، بە پەیوەستبوونیان بە یەکتری خۆیان چاک دەکەن.» ئەمە ئەوپەڕی گەشبینیە لە چینی سەدەی شەشەمی پێش

زایین، لە سەردەمی پڕ ئاشۆبی زنجیرەی چـوودا کە وڵات لـەژێر هەیمەنەی وردە ستەمکاران و فرەمانڕەوایانی شەڕانیدا بوو، وەها ئامۆژگاریەکی دڵسۆزانە ئەوپەڕی شێتی دەهاتە بەرچاو. بە وەها هەنگاوێک هیچ شتێک بەدەست نەدەهات فەرمانڕەوایکردن ئاسانتر دەبوو؟ خەڵک ڕەزامەند دەبوون؟ دواتر چی دەبوو؟

خاڵی گرنگ لە روانگەی ئەودا پرنسیپی ڕەها بوو. دێ شتێک نەبوو جگەلە هەنگاوێکی کامڵبوون بۆ پێشەوە. میهرەبانی، ویـژدان، سەرمەشق – ئەمانە لەو سەردەمی دێرینەدا لە راستیدا شتگەلێکی تازەبوون، مەحاڵ دەهاتە بەرچاو مانەوەیان پێوستی بەشتێکی هاوشێوەی موعجیزە بوو، بەڵام موعجیزە هەم لە چین (بە ئاینی کۆنفۆشیۆس) و هەم لە خۆرئاوا بە «ئاینی مەسیحیەت» روویدا، بەبێ ئەو توخمە مرۆڤدۆستانەیە کە لە بەربەرێتی کاولکەرەوە سەری دەرهێنابوو، شارستانیەتێکی مرۆڤساز و باڵابوونی نەبوو.(تەنها ئەوەندە بەسە ئاورێک لەخوێن ڕشتنە ترسناکانەکانی شارستانیەتی

میسرو مایا بدەینەوە، کە بە بەردەوامی لە گەشەدابن بێ ئەوەی ئەو توخمە مرۆڤ دۆستییەیان تێداپێکبێت). پاساوکردنی ئەو هەنگاوە گەشەییەی »ناموٶمکین« لە کۆمەلی مرۆییدا، کە یەکەمجار کۆنفۆشیۆس ئەوی بە گشتی دەربڕی سەختە. چ شتێک ئەوی هاندا بۆ ئەوەی ئەو جۆردۆستییە نوێیە بهێنێتە ئاراوە؟ تەنها دەتوانین گومانی ئەوە بکەین، بە تێڕوانین بەرامبەر بە رابردوو دەتوانین ببینین کە رێگایەک هەبوو کە ئەگەری چوونە دەرەوە لە قۆناغی بەربەریەت و بەدیهاتنی ئامانجە مرۆییەکان دابینبکات. ئایا کۆنفۆشیۆس لە رووی غەریزەوە ئەوەی دۆزیەوە؟

وەلامەکە بە روونی بەرچاو دەکەوێت: کۆنفۆشیۆس دەبێت بە بڕوابوونی بە خوا – خواوەندێکی بە بەزەیی - ئەوەی دۆزیبێتەوە. مخابن کۆنفۆشیۆس، لە باشترین دۆخدا، نەزانم بلێ بوو. بە تەواوەتی بڕوای بە چارەسەری لە رێگای خواپەرستیەوە هەبوو، بەلام کاتێک ئەو کردەیەی بە خواباوەڕی و بڕوابوون بە جیهانێکی دیکە یان میتافیزیک لە هەر جۆرێکی

دەگەیشت بە ئاشکرا خۆی لێ لادەدا.»چی – لو پرسی: چۆن دەبێت ڕێز لە ڕۆحی مردوەکان و خواکان بگرین. مامۆستا وتی: ئێوە تەنانەت ناتوانن ڕێز لە مرۆڤ بگرن، چۆن دەتوانن ڕێز لە ڕۆح بگرن؟»

«دەتوانم سەبارەت بە مردن پرسیار بکەم؟»

«تۆ تەنانەت لە ژیان تێناگەی، چۆن دەتوانیت لە مردن تێبگەیت؟»

لە هەمانکاتدا کۆنفۆشیۆس بڕوایەکی نەوتراوی بە شتێک هەبووە. ئەوەش شتێکی باڵا نەبوو، بەڵام وەکو هەر ئاینێک یارمەتیدەری ئامانجە سەرەکیەکە بوو. ئەو بڕوای بە ئامانجی مۆراڵی مرۆڤایەتی هەبوو. ئەرکی سەرشانی ئێمەیە خۆمان باشتر بکەین، تا ئەو جێگەیەی کە دەتوانین مرۆڤی کامڵ و مرۆڤی چاکتر بین. ئەمە تەنها ڕێگای واتادارە بۆ ژیان، بۆ سەرکەوتنی پاداشتی یان تەنانەت بۆ شکستی سزایی، لە جیهاندا کۆتاییەک بوونی نییە، کار دەبێت بە بۆنەی خۆیەوە بەدەر لە پەیامەکانی ئەنجام بدرێت. ئەمە بەر لە دوو هەزار ساڵ پێش لە داروین، ئاینێکی دنیایی و هاوئاراستەیە

لەگەڵ کامڵبووندا. بە شێوازی خۆی دەربڕی پرنسیب و ڕەسەنایەتی مرۆیی و گەڕانی خێرە بەبۆنەی خودی ئەوەوە.

وەها شەوقێکی بەرز جێگەی خۆی هەبوو، بەڵام بە کردەوە پێویست بوو چ هەڵسووکەوتێک بگرینەبەر؟ کۆنفۆشیۆس ئەگەر واقعبین نەبوو، هیچ نەدەبوو و مۆڕاڵەکانی ئەو لە پەسەندکردن و پێشنیاری سەردەمیانەی ڕەفتار لە ژیانی ڕۆژانەدا ئەولاتر نەدەچوو. «حەزەکانتان کۆنترۆڵ بکەن» و «ئەوەی بە خۆت ڕەوا نییە، بۆ کەسانی دیکەش بە ڕەوای مەزانە». مەسەلەی تێڕوانین و سازانە:»کاروباری کۆمەڵایەتی خۆت بەبێ ڕەنجان ڕێکبخەن» دەبێت هەوڵبدەین لە نیگەرانی و ترس بەدەربین»، بەڵام چۆن چۆنی؟ «ئەگەر کەسێک پاش پێداچوونەوە بۆی دەرکەوێت کە شیاوی لۆمەکردنی خۆیی نییە، لەو حاڵەتدا دەبێت لە چی نیگەران بێت و لە چی بترسێت؟»

بە ڕوانگەیەکی ئەمڕۆییەوە لە مۆڕاڵی کۆنفۆشیۆسدا تەنها کەموکوڕییەکی گەورە دەبینرێت. مۆڕاڵی ئێمە لێمان دەخوازێت زیاتر

لایەنی یەکسانی خوازانەی کۆمەڵگەی ئێمە نیشان بدات، بۆیە نابێت جێگەی سەرسوڕمان بێت کە ئاکارەکانی کۆنفۆشیۆس ڕەنگدانەوەی خەسڵەتی سەرەتایی و چینایەتی کۆمەڵگەی چین لە سەردەمی زنجیرەی چوودا زیاتر لە 2 هەزارو پێنسەد ساڵ پێش ئێستا. کۆنفۆشیۆس ئاکاری بە چینایەتی دەبینی. ئەو کەسانەی کە توانای مۆڕاڵیان بەرزبوایەت بە جین دەگەیشتن. خەڵکانی سەرتربوون و سەر بە چینی حاکم بوون.

چینە دەسەڵاتدارەکان بە بەردەوامی خۆیان بە سەرتر زانیووە و چینە دەسەڵاتدارەکانی وڵاتی چین لە سەدەی شەشەمی پێش زایین پێویستیان بە کۆنفۆشیۆس نەبوو کە ئەو هەقیقەتە سەرەتاییە نیشان بدات، لە لایەکی دیکە، چاوەڕوانی ئەوەیان نەدەکرد کە خەڵک وەکو ئەوان ڕەفتار بکات. خوانەخواسە، «بەوجۆرە هەڵسوکەوت بکە کە دەیڵێم، نە بەوجۆرەی کە پراتیکی دەکەم.» مۆڕاڵ هەمیشە بەرۆکی پرسی چینایەتی گرتووە. کاتێک کۆمەڵگە بە ئاراستەی خێرو ئاسایشی ئێمەیە، باش بوون

ئاسانە، بەڵام کاتێک یاساکان لە بەرژەوەندی خەڵکدا نەبن وەها مەیلێک بە باشبوون بوونی نییە، (خاڵێک کە لە زۆربەی زیندانیانی وڵاتانی سەرتاسەری جیهاندا دیارە).

ڕەنگە لێرەدا کۆنفۆشیۆس خۆ بەزلزان بەرچاو بکەوێت، بەڵام لەراستیدا بە تێگەیشتنی شۆڕشگێڕانەی لە ئەخلاق دەیویست پرسی چینەکان بە جۆرێک لەسەر ڕێگا هەڵبگرێت، تاکی سەرتر لەوانەیە لە چینەکانی سەرەوە بێت. بەڵام ئەگەر وەکو ئەو ڕەفتار بکەین جیاوازیەک لە نێوان ئێمە و ئەودا نابێت، بەڵام جیاوازیەکان زیاتر لەمە بوو. تاکی سەرتر ڕەفتاری نمونە(بە واتای وردی وشە) لەخۆ نیشان دەدا. ئاکارەکانی تاکی سەرتر سەرمەشق بوو، (یان قەد ئەو تاکی سەرتر نەبوو). لەم بارەیەوە کۆنفۆشیۆس مۆڕاڵەکانی خۆیی جیهانی کردەوە و هەموو چینەکانی لەتێکڕای قۆناغەکاندا لە خۆدەگرت.

بە هەمووی ئەمانەوە، بەجێماوانی ناکۆکی چینایەتی لە هەندێک لە ئامۆژگارییە ئەخلاقییە پراتیکیەکانی ئەودا دەبینرێت:»چینگ فەرمانڕەوای چی سەبارەت بە حکومەت لە

کۆنفۆشیۆسی پرسی. کۆنفۆشیۆس وەڵامی دایەوە: «رێگە بدەین کە حاکم حاکم بێت، رەعیەتیش رەعیەت، رۆڵەش رۆڵە بێت»، فەرمانڕەوا وتی:»زۆر چاکە! لە راستیدا ئەگەر حاکم حاکم نەبوایەت و رەعیەتیش رەعیەت، باوک باوک، رۆڵە رۆڵە، ئیتر متمانەم بەرامبەر بەهەموو شتێک لە دەست دەدا، تەنانەت نەمدەزانی ژەمە خۆراکی دواترم لە کوێوە دێت.» هەندێک کەس توخمێک لە تەشەر و کۆمیدیایان لە وتەکانی کۆنفۆشیۆسدا بەدیکردوە، بەڵام سەبارەت بەو وەها شتێک نەگونجاوە. ئەخلاقی کۆنفۆشیۆس لەوانەیە شۆڕشگێڕانە بووبێت، بەڵام لە بواری سیاسیەوە موحافزکارێکی تەواوبووە. بە سەرنجدان بە شەپۆلاوی بوونی سیاسی و رۆژ رەشیەک کە ئەو لە دەوروبەری خۆی دەیبینی، ئەمە ئەوەندە سەرسوڕهێنەر نییە، لەو جۆرە سەردەمانەدا تەنها پیرە کۆنەپەرستەکان نین کە هەست بە پێویستی «حکومەتی زلهێزی» وەکو سەردەمانی دێرین دەکەن. بۆ کۆنفۆشیۆس ساڵانی دوور و درێژی زنجیرەی سەردەمی زێڕین لەبەرچاوە

که حومەتێکی جێگیر، دەسکەوتی رۆشنبیری، سەقامگیری هەبوو و ئیمپراتۆر زاڵبوو بەسەر ژێردەستەکانیدا، لە سەردەمی کۆنفۆشیۆسدا ئەو سیستەمی ئەربابیە روو لە دارِمان بوو و دەرەبەگە فیودالەکان بوون بە سەردارانی شەڕخواز. بە بۆچوونی ئەو لایەکی دیکەی کۆمەڵگەی چینایەتی بشێوی و ئاژاوە بوو.

لەهەمانکاتدا، بە بۆچوونی کۆنفۆشیۆس توخمی سەرەکی کۆمەڵگەیەکی ئاکاری، چین نەبوو، سۆز بوو. لێرەدا باشتر وایە ئاینی کۆنفۆشیۆس لەگەڵ مەسیحیەت بەراورد بکەین. هەردوکیان پرنسیپی «یەکترتان خۆش بوێتیان پەیڕەو دەکرد»، بەڵام کۆنفۆشیۆس وەها جەسارەتێکی هەبوو کە بڵێت ئەمە دەتوانرێت لە بواری تاکەکەسیەوە بۆ تێکڕای کۆمەڵ پەرەبدرێت. مەسیحیەت باسی حکومەت و دەوڵەت ناکات:»کاری سزار بە سزار بسپێرە.» مەسیحیەت میراتگری «ئەخلاقی کۆیلەکان» لە ئیمپراتۆریەتێکی ستەمکاردا بوو، لەسەر سۆز، خۆشەویستی تاک، رزگاری تاک، هەروەها خۆشەویستی فیداکارانە بەرامبەر بە خەڵکانی تر لە ئایندا تەئکیدی دەکردەوە. دوای چەندین

سەدە وەها بیروباوەڕێک بەشێوەی مارکسیزم هاتەکایەوە، ئەگەرچی حکومەت لە خۆرئاوا هەر بەو شێوەیە واقعبینانە مایەوە نەک پرنسیپ گەرا. کۆنفۆشیۆس لەپاراستنی تایبەتمەندیەکانی نەریتی چینیدا و پابەندبوونی بە ئاکاری گشتی، هاومانای ژیانی چینی بوو. بە درێژایی چەندین سەدە ئاکاری نمونەیی و ئامۆژگاریەکانی سەبارەت بەخۆش ویستنی یەکتری، وەکو خودی چین تەنها کەمێک گۆڕانکاری قبوڵکرد. سەرباری رەتکردنەوە توندەکانیش، هێشتا هەندێک توخمی ئاینی کۆنفۆشیۆس لە مارکسیزمی ماودا دەبینرێت. تەنانەت بە سەرهەڵدانی مارکسیزم، پەیوەندی وێنەی چینیەکان لە خۆیان و حکومەت، هەروەها قایم و پتەوە بە تەشەنکردنی بیروباوڕی خۆرئاوا بۆ چین، تێگەیشتنی ئەم جۆرە لێکچوون و جیاوازییە کولتوریانە بە شێوەیەکی بەرچاو گرنگی پەیداکردووە.

کۆنفۆشیۆس لە کتێبی سیانزەیەمی وتەکانیدا بەتایبەتی ئاماژە بە فەلسەفەی سیاسی خۆی دەکات. ئەوەش بە کۆمەڵە ئامۆژگارییەکی راشکاوانەوە دەستپێدەکات:

«دێزۆ – لۆ سەبارەت بە حکومەتی پرسی.

مامۆستا وتی: بە بوون بە سەرمەشق خەڵک هانبدە، بۆئەوەی بەسەختی کاربکەن.»

«دێزۆ – لۆ پرسیاری کرد ئیتر چی بکەم؟ مامۆستا وەڵامی دایەوە: هەرگیز هەوڵ و تێکۆشانەکانت کەم مەکەرەوە.»

کاتێک لە کۆنفۆشیۆسیان پرسی چۆن دەبێت حکومداریی بکرێت، لە وەڵامدا وتی:» سەبارەت بە هەڵە بچووکەکان نەرمی بنوێنە و کەسە لێوەشاوەکان هەڵسەنگێنە.»

«بەڵام مرۆڤە لێوەشاوەکان چۆن بناسین؟»

مامۆستا وتی: »ئەوانەی کە خۆت دەیناسی بەرزبکەرەوە. ئەوانەش کە نایانناسی بە لێهاتووی خۆیان دەردەخەن.»

بەڵام مامۆستا بە زوویی لەم قسە لاوەکیانە ئەولاتر دەچێت، کاتێک پرسیاریان لێکرد ئەگەر جڵەوی دەسەڵات بدەنە دەستی یەکەم کاری چی دەبێت، کۆنفۆشیۆس لە وەڵامدا وتی:» بەر لە هەرشتێک لەوە دڵنیا دەبم کە هەموو شتێک بە دروستی ناوی لێنرابێت.»

«بە راستی؟ ئەمە هەندێک گەمژانە نییە؟»

«چەندە نەزانی! کاتێک قسەیەکت بۆ وتن

نییە، بێدەنگ بە.»

کۆنفۆشیۆس پاش لۆمەکردنی ئەو شاگردە بێ بەختە چووە سەر گەڵاڵەکردنی تیۆری زمانی حکومەت:»، ئەگەر ناوەکان دروست نەبن زمان بابەتی نییە، کاتێک زمان بابەتی نییە، هیچ کارێک بە دروستی ئەنجام نادرێت. کاتێک هیچ کارێک بە دروستی ئەنجام نادرێت، مەراسیم و بۆنەکان تێکدەچن، مۆسیقا ناساز دەبێت و سزاکان لەگەڵ تاوانەکان نایەنەوە. کاتێک ئیتر سزا لەگەڵ تاوان هاوتەریب نییە، کەس نازانێت لەکوێیە. بەم پێیە مرۆڤ هەرچی بیر لەوە بکاتەوە کە بیکاتە گوتارێکی شیاوی تێگەیشتن و ئەوەی کە دەیڵێت بتوانێت ئەنجامی بدات، سەبارەت بە زمان، راشکاوی و وردبینی ئەوپەڕی گرنگیان هەیە. هیچ شتێک نابێت شیاوی خراپ لێکدانەوەی هەڵکەوتی بێت.» هەمووی ئەمانە دروستە، بەڵام کاری لەپێشینەی ئێوە چییە؟ لە راستیدا رەنگە هەندێک بەلامانەوە سەیربێت کە ئەمانە چ پەیوەندیەکیان بە حکومەتەوە هەیە.(ماوەی چەندین سەدە، رێنوێنیە ناڕوونەکان بەشێکی جیایی هەڵنەگری

حکومەت بوون.)

کۆنفۆشیۆس لە باسەکەی دواتریدا لە سەر ئەم شێوازە پێداگری دەکات. سەبارەت بە کاری کشتوکاڵی وەڵامێکی تێر و تەسەل دەداتەوە کە پەیوەندیەکی ئەتۆی بە کشت و کاڵەوە نییە، « فانچی لە کۆنفۆشیۆسی پرسی کە بەروبووم چۆن چۆنی بەرهەم بهێنن. مامۆستا وەڵامی دایـەوە. من جوتیارێکی لێهاتوو نیم.» دواتر فانچی سەبارەت بە چاندنی سەوزە پرسیاریکرد، کۆنفۆشیۆس لە وەڵامدا وتی:»من باخەوانێکی لێهاتوو نیم.»

کاتێک فانچی رۆیشت مامۆستا وتـی: »چ گـەمـژەیـەک بـوو! کـاتێـک کـە سـەرکـردەکـان سەرقاڵی ئاین و بۆنەکان بن، خەڵکی ئاسایی ناوێرن بێڕێزی بکەن. کاتێک ئەوان دادپەروەرانە مامەڵە بکەن، کەسێک توانای سەرکێشی کردنی نییە، کاتێک ئەوان هەوڵی بەدەستهێنانی متمانە بـدەن، کەسێک ناوێرێت ساختەکاری بکات، ئەگەر وەها کارگەلێک ببێتە باو، خەڵک دەستە دەسـتـە لـە دوور و نـزیـکـەوە، منـداڵ لـە کۆڵ روویـان تێدەکەن. قسەکردن لە کشتوکاڵ چ

قازانجێکی هەیە؟»
دواتر پێدەچێت کۆنفۆشیۆس بۆچوونی دژ دەرببڕێت. ئەو کە پێشتر لێهاتوویی پراتیکی رەتکردبووە و بە سوکی لەقەڵەمیدابوو، ئەمجارە ئاماژە بەسەرتربوون و پوختەبوونی دەکات:»وێنای بکەن کەسێک دەتوانێت تێکڕای سێ سەد کتێبی سروتە نەریتیەکان بخوێنێتەوە. پیشەیەکی ئیداری بەو بدەن کە توانای بەکارهێنانی نییە، بۆ گەشتێکی سیاسی رەوانەی دەرەوەی بکەن دەردەکەوێت کە توانای بەکارهێنانی لێهاتوویەکانی خۆیی نییە، ئەو هەموو شیعرە چ کەڵکێکی هەیە، هەرچەندەش فێر بووبێت؟» پەروەردەکردنی تایبەت بە شیعر جیاوازیەکی ئەوتۆی لەگەڵ بەرهەمهێنانی شێلمدا نییە، – هەردوکیان لە پەروەردەکردنی جیندا بێکەڵکن. کاتێک کەسێک ئەو توانا و لێوەشاوەییەی هەبێت، ئەو دووانەکەی دیکەش حاسڵدەبێت.»، ئەگەر فەرمانڕەواییەکەی راستگۆیانە بێت، ئەوانی دیکە پەیرەوی لێدەکەن بێ ئەوەی پێویستی بە فەرمان و بڕیار هەبێت.»
بەوجۆرەی کە لە زۆبەی قسەکانی

کۆنفۆشیۆسدا دەتوانرێت ببینرێت، ئەمە پرسێکی جێی پەسەندە، بەڵام بە کردەوە خۆشباوەڕیەکی ڕەهایە. بە لەبەرچاوگرتنی سروشتی مرۆیی، خەڵک بە هەوڵێکی زیاترەوە پەیڕەوی فەرمانەکانی زاڵمی خوێنڕێژ دەکەن تاکو پەیڕەویکردن لە فەمانڕەوایی پاک و بێگەرد بە نیازپاکیەوە. کەواتە بۆچی وەها ئامۆژگارییەک جێی پەسەندە؟ چونکە کۆنفۆشیۆس هەوڵیدەدا فەرمانڕەوایانی بێزراو و ناڕەوای سەردەمی خۆی چاک بکات. هەر هەولێک لە پێناو کاروباری شایستە و شیاودا شایانی پەسەندکردن و ستایشکردنە، بەڵام کۆنفۆشیۆس لە هەڵبژاردنی وەها بۆچوونێکدا، پەیوەندی و بۆنەی وەها ئامۆژگاریەکی بەکات و شوێنی دیاریکراوەوە دەبەستەوە.

تێکڕای ئامۆژگارییە سیاسیەکانی ئەو کەموکوڕیەیان تێدایە. چەندە بەجێتر بێت زووتر وەلا دەنرێت. ئەوەندە بەسە ئامۆژگارییە سیاسیەکانی کۆنفۆشیۆس لەگەڵ بەرهەمێکی گەورەی دیکەی لە پەروەردەی سیاسی، واتا شەهریاری ماکیاڤیلی، بەراورد بکەین. ئاواتە

سیاسیەکانی کۆنفۆشیۆس لە ئیتالیای سەردەمی رینسانس کە زۆربەی فەرمانڕەواکانی لە بڕوادارانی گەورەی ئیلهام بەخشین بە دانیشتوانی خۆیان بە رەفتاری فەرهەنگی و شیاوی لاسایی کردنەوەبوون نەیدەتوانی واتایەکی هەبێت. کتێبەکەی ماکیاڤیلی لە هەوڵی ئەوەدابوو چاوی فەرمانڕەوا بەرامبەر بە واقعیەتە سیاسیەکان بکاتەوە، رەفتاری خراپ هەمیشە براوەیە. لەسەر ئەم بنەمایە، شەهریار بۆ سەرداری چینی کۆتاییەکانی زنجیرەی چوو زیادی بوو. ئەم جۆرە هەڵپەرەستیە رێگە پێنەدراو و ریاکارانەیە لەوێدا سروشتی لاوەکی بوو، بۆ هەر فەرمانڕەوایەکی چوو کە دەیویست پلەکەی خۆی بپارێزێت وەکو پێویستی دەژمێردرا. کۆنفۆشیۆس هەوڵیدەدا هاوسەنکی لە بەرژەوەندی تێڕوانینێکی پێشکەوتوانەتردا بگۆڕێت.

دەسکەوتی سەرەکی کۆنفۆشیۆس توانای پەروەردەیی ئەو بوو. مەبەستی سەرەکی قوتابخانەکەی ئەو، پەروەردەکردنی کارمەندان و کارگوزارانێک بوو کە بتوانن بۆچوونە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی ئەو پراتیک بکەن.

پـەروەردەی رەفـتـاری مـرۆڤ و کۆمەڵگەی میـهـرەبـان، کۆنفۆشـیـۆس بـە بـەردەوامـی جەختی دەکـردەوە کە گەیشتن بە جین نەک لە بەرژەوەندی تاکدایە، بەڵکو لە بەرژەوەندی تێکڕای کۆمەڵگەدایە.

«ئەو خۆی پەروەردەدەکرد و لەو رێگایەوە دەیـتـوانـی ئاشتی و بـەخـتـەوەری بباتە ناو خەڵکەوە.» چاوەڕوانی ئەوە لەو بەڕێوەبەرانە دەکرا کە کارەکەی خۆیان بە ئەرکێکی مێژوویی بزانن نەک تەنها کەرەستەیەک بۆ پێشکەوتن و گەورەکردنەوەی خۆیان.»شەرمەزارییە کە تەنها ئامانجت ببێتە داهات.» مرۆڤی چاکەکار نابێت نیگەرانی هەژاری بێت.

سەرباری ئەو رێزەی کە کۆنفۆشیۆس بۆ سیستمی چینایەتی لە سیاسەتدا هەیبوو لە قوتابخانەکەیدا گرنگی پێنەدەدا. ئەو بڕوای بە «پـەروەردە بۆ هـەمـووان بە بێ گوێدانە چینەکانیان» هەبوو. لەو سەردەمەدا، خوێندن تایبەت بە چینە باڵاکان بـوو، بۆیە روانگەی ئازاد و گشتگری ئەو دەرفەتێکی تایبەتی بۆ زۆربـەی ئەو کەسانە بوو کە بـەدەر لە وەها

حاڵەتێک ژیانێکی سەخت و نالەباریان هەبوو و لە سەرتاسەری ژیانی خۆیاندا وەفادار و سوپاسگوزاری مامۆستاکەی خۆیان بوون. لەو بارەیەوە، کۆنفۆشیۆس توانی بۆ دەزگای ئیداری ناوچەکەی خۆیان زەوقێکی نویێ و بیروباوەڕێکی نوێی جێبخات. ئەو دەیزانی چی دەکات. «کاتێک پەروەردە لە ئارادا بێت، جیاوازی چینایەتی بوونی نییە.»، (بەداخەوە ئەمەش لە روانگەی ئێمەوە خۆشباوەڕیەکی جێگەی رێز و ستایشکردنە.)

لە هەمانکاتدا سەربارى ئەم یەکسانی خوازییە شاراوەیە، کۆنفۆشیۆس هەندێک دەمارگرژی پاراستبوو.»رەوا نییە، گەورە رەسەنەکان کاری جەستەی بزانن باشتروایە ئەوان بەرپرسیارێتی گەورەیان پێبسپێردرێت. رەواش نییە بەرپرسیارێتی گەورە بە بچوکەکان بسپێردرێت، بەڵکە شایستەی ئەوەن کاری جەستەیی بکەن.»

کۆنفۆشیۆس مامۆستایەکی گەورەبوو و زۆربەی شاگردەکانی بەڕێوەبەرانێکی زۆر سەرکەوتوو بوون. (لە هەمانکاتدا تاڕادەیەک

هاوکات لەگەل داخ و پەژارەی مامۆستای بەساڵاچووی کە هێشتا بەبێ سەرکەوتن تۆمارەکانی باج وەرگرتن دەور دەگێڕیت). شاگردەکانی کۆنفۆشیۆس، بە دروستی، زۆربەی بنەما نازانستیەکانی ئەویان لەگەڵ چوونە ناو دنیای واقعی وەلانا. گرنگیدان بە باوەڕی مرۆیی و شۆڕشگێڕانە یارمەتی ئەوانیدابوو لە گروپی یاریدەدەرەکاندا کارێک بدۆزنەوە. بەو حاڵەشەوە، ئەم یەکەم نەوەی کۆنفۆشیۆسیە لە بەڕێوەبەران و کارگوزارانی خوێندەوار مامۆستای گەورەی خۆیان و ئەو شتانەی کە فێری کردبوون فەرامۆش نەکرد. جۆرێک لە ئەنجومەنی برایەتی مرۆییان پێکهێنا و مەعلوماتەکانیان لە شێوەی ژیانی ئەوان، هەروەها لە تێڕاونینی ئەوان بەرامبەر بە پیشەکەیان کاریگەری هەبوو. یەکەمین تۆیی رۆشنگەری دەچێنرا. لەوە بەدواوە کەم کەس هەبوو لەو بڕوایەدابن کە فەرمانڕەواکانیان سەر بە رەگەزێکی خواوەندی ئاسان و بە فەرمانی ئاسمان فەرمانڕەوایی دەکەن. ئێستا تێگەیشتبوون کە حکومەت دەتوانێت بەڵێنیدەر

و گەرەنتی کەری بەرژەوەندی گشتی بێت و بەڕێوەبەرانی نویێ ئەوپەڕی هەوڵی خۆیانیان دەخستەکار، بۆئەوەی بەرپرسەکانی خۆیان لە هەڵگیرسانی جەنگی بێهودە پەشیمان بکەنەوە.

لە نێوان شاگردەکانی کۆنفۆشیۆسدا ئاغازادەگەلێک لە پارێزگاکانی دیکەوە هەبوون، بەڵام سەرەنجام ژمارەیەک لە ئەندامانی پەیجۆر و خانەدانی حکومیش وردەوردە لە وانەکانی ئەودا دەرکەوتن. بەو جۆرە کۆنفۆشیۆس ئەمیرزادەی فەرمانڕەوای داهاتووی لە خانەدانی لوو، یانگ هووی بینی(نابێت ئەو لەگەڵ ناوبانگەکەی یانگ ئەو بە هەڵە وەرگیرێت، کە پاش ئەوەی حکومەتەکەی شێواو و ئاڵۆزبوو، بوو بە گاڵتەجاڕی هەمووان.) یانگ هوو کەوتە ژێر کاریگەری کۆنفۆشیۆسەوە کە بە دەسەڵات گەیشت، فەیلەسوفی بەسالاچووی لە پۆستی وەزارەتی بەداواداچوونی تاوانەکاندا دانا. سەرەنجام کۆنفۆشیۆس توانی پرنسیپەکانی پراتیک بکات.

بە گوێرەی تێکڕای راپۆرتەکان کۆنفۆشیۆس

وەکو وەزیری بەدواداچوونی تاوانەکان سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا، ئەگەرچی پێدەچێت سەرکەوتنەکەی پەیوەندیەکی ئەوتۆی بە پرنسیپە بەناوبانگەکانیەوە نەبووبێت. کۆنفۆشیۆس حکومەتی وەحشی لە بەرامبەر تاوانکارانی خۆجێیدا دامەزراند. ئێچ.جی. کریل، نووسەری ژیاننامەکەی ئەو، دەنووسێت»تا ئەو کاتەی ئەو لەسەرکاربوو لە سەرزەمینی لوودا دزی نەمابوو.» کۆنفۆشیۆس تا ئەو جێگەی پێشکەوتنی بەدەستهێنا کە بۆ «داهێنانی جلی ناباو» سزای کوشتنی دیارکرد و بە زوویی کاروبارەکان لە سەرتاسەری پارێزگا وەها رێکخرا «کە پیاوان ئاگاداربوون لەلای راستی شەقامەوە هاتوچۆ بکەن و ژنانیش لەلای چەپەوە دەڕوشتن» سەرەنجام بینیان تا ئەم شوێنە بەسە. کەسێک پێشنیاری ئەوەی کردە وەزیری بالآی هەشتا کچی جوان بۆ ئەوەی لە شەڕی کۆنفۆشیۆس رزگاری بێت. وەزیری گەورە کە لە شاگردەکانی کۆنفۆشیۆس نەبوو خوی لەوەدا بە لاواز دەبینی ئەگەر وەها پێشنیارێک رەتبکاتەوە. کۆنفۆشیۆس لە

پۆستەکەی دوورخرایەوە، پیاوان و ژنانی لوو دیسان گەرأنەوە سەر ڕێگە ڕۆیشتن لە ڕێڕەوی پێشوودا و جلی مۆدەی ڕۆژیان لەبەرکرد بۆ ئەوەی کە بە هۆیەوە گیانیان لە دەست بدەن و تاوانکاران لە کار و پیشەی نەگونجاو ئاسودە بوون و گەڕانەوە سەرکارەکانی پێشوویان.

بۆ سوپاسگوزاری کردن لە کۆنفۆشیۆس پێشنیاری بەرزکردنەوەی پلەکەی و پێدانی مووچەیەکی بەرچاویان پێکرد، بەڵام ئەو بە زوویی تێگەیشت کە ئەو پۆستە نوێیە تەنها تەشریفاتییە و ڕۆڵ و کاریگەریەکی نییە، بە نەفرەت و بێزاریەوە بەجێهێشت. ئەو حەزی لە پیشەیەک نەبوو کە دەسەڵاتی ئەوەی نەبوایەت لە کاروباری گرنگی وڵاتدا بەشداربێت. کۆنفۆشیۆس لەو کاتەدا زیاتر لە 50 ساڵی تەمەن بوو، بڕیاریدا لەگەڵ ژمارەیەک لە شاگردەکانی گەشتێکی زیارەت ئاسا بە دەوروبەری چیندا ئەنجام بدات، بەڵام ئەو گەشتە زیارەتییە بەمانا باوە ڕۆحانیەکەی نەبوو، ئامانجێکی پیرۆزی نەبوو و کۆنفۆشیۆس تێیدا بە دوای هیدایەتەوە نەبوو. گەشتە زیارەتیەکەی، وەکو فەلسەفەکەی

ئامانجی بەتەواوەتی دنیایی هەبوو. بەدوای پیشەیەکەوە بوو، ئەگەر نەیدەتوانی پیشەیەک بدۆزێتەوە رەنگە دەیتوانی فەرمانڕەوایەکی داهاتوو بدۆزێتەوە و پەروەردەی بکات بەو جۆرە پرنسیپەکانی بەکردەوە دەربهێنێت، بەڵام هەواڵی گەشتەکەی لە هەموو شوێنێک بڵاو ببوەوە. گەشتی ئەو بۆ گەڕان بەدوای جامی پیرۆز زیاتر لە دە ساڵی خایاند. جاروبار داوای دەستپێشخەری و راوێژیان لێدەکرد، بەڵام دیسان پێشنیاری پیشەی هەمیشەیی لە ئاستی گفتوگۆ زیاتر نەچوو.

سەبارەت بە هۆکارەکانی تەنها دەتوانین پشت بەگومان ببەستین. لەو کاتەدا کۆنفۆشیۆس بە ژیرترین پیاوی سەرتاسەری چین چاوی لێدەکرا. زۆربەی لێهاتووترین بەڕێوەبەرەکان لەلایەن ئەوەوە پەروەردە کرابوون و خۆی پۆستێکی نزمی قبوڵکردبوو بێ ئەوەی بەرتیلێک قبوڵ بکات، تواناکانی خۆی بە دوژمنەکانی بفرۆشێت. (وەها نامۆبوونێک تا رادەیەک ئەستورانە بەرچاو دەکەوت و یارمەتی دەری سەرهەڵدانی ئەو بڕوایەی دواتر بوو کە کۆنفۆشیۆس بە

کەسایەتیەکەی ئەفسانەیی دەزانرا کە هیچ کات بوونی نەبووە.) بە رواڵەت شتێکی نائاسایی لە کۆنفۆشیۆسدا هەبووە. جدی بوون، بێ مەیلی بەرامبەر بە سازش و سازشکاری، تایبەتمەندی کەسێتی ناخۆش، یان رەنگە ناخۆشی لە ورەدا – هەرگیز بە وردی نازانرێت چ شتێک لەناخی ئەودا دژی چینە داراکانی چین بوو. بڕوای من دوای خوێندنەوەی نوسراوەکانی، ئەوەیە کە رەنگەئەوان تەنها ئەویان بە وەرزکەر دەزانی.

تەنانەت پێدەچێت بەسەرهاتەکانی کۆنفۆشیۆس بە درێژایی گەشتە دە ساڵیەکەی ئەو توخمە خەمناکەی ئەوی تێدا هەبووە. کاتێک سەردانی ویلایەتی ڤیی کردبوو چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ نان دزۆی خوشکی حاکمی ویلایەتەکە هەبوو کە بەقولّی لایەنگرانی ئاڵۆزکاندبوو، بەڵام مێژووی ئەوەی کە ئەوانەی وەها ئاڵۆزکاندبوو دیندارانە لەقەڵەم دەدات، ئێمە تەنانەت نازانین نان دزۆ ئەو بەدناویەی بەناوبانگەی، بە دەر لە دەنگۆی سواو سەبارەت بە زینا، لە کوێوە و چۆن بەدەستهێناوە. کۆنفۆشیۆس لە پارێزگای سۆنگ تێگەیشت کە کەسێک بەنیازە پیلانی بۆ دابنێت،

بەو هۆیەوە جلێکی ساختەی لەبەرکرد و درێژەی بە گەشتە پڕ خەمەکەیدا، هەروەها دەوترێت لە سۆنگ لەگەڵ حاکم چاوپێکەوتنی هەبووە تا درەنگانی شەو مشتومڕی لەگەڵ کردووە، تا بەو قەناعەتەی گەیاندوە کە بۆچوونەکانی سەبارەت بەشێوازی حکومڕانی شیاوی پەیرەوی کردنە. زانیاری و بەڕێوەبەریێتی کارامە، نەک دەسەڵاتخوازی کەسێتی، کلیلی سەرکەوتنە. خەباتی کۆنفۆشیۆس سەرکەوتنێکی دیکەی بەدەستهێنابوو. بێزاری و سستی جارێکی دیکە نەزانی رووبەڕووی شکست کردبووەوە، بەڵام تەنانەت ئەو حاکمەش بە روگرژیەوە ئامادە نەبوو کارێک بە کۆنفۆشیۆس بدات، لە ئێستادا کۆنفۆشیۆس تەمەنی شەست و حەوت ساڵان بوو. هاوتەمەنەکانی هەموویان بەخۆشی و چاکییەوە خانەنشین کرابوون، بەڵام ئەو هێشتا هەوڵی دۆزینەوەی کاری دەدا. لە کۆتاییدا لایەنگران و پەیرەوانی ئەو ئەنجامە گەیشتن کە مامۆستاکەیان دووبارە بانگهێشتی ماڵەوە بکەن، بۆ پراتیکترین فەیلەسوف کە بە درێژایی تەمەنی لەپێشبوونی کاری رۆژانەی

به ویژدانانەی ئامۆژگاری کردبوو کاتی ئەوە هاتبوو ئەو وێنایەی کە دەتوانێت بژێوی ژیان دابین بکات، بۆ هەمیشە وەلا بنێت. کۆنفۆشیۆس گەڕایەوە ماڵەوەو پێنج ساڵی کۆتایی تەمەنی لە لوو بەسەر برد. ساڵانێکی خەمناک بوون. شاگردە خۆشەویستەکەی ئەو یەن هویی کۆچی دوایی کرد و کۆنفۆشیۆس بۆ یەکەمجار بە درێژایی تەمەنی بۆ ماوەیەکی کورت هەستی بە بێهیوایی کرد. بە شاگردەکانی دیکەی وت»بەداخەوە ئیتر کەسێک نییە، کە لەمن تێبگات.» بەو بڕوایە گەیشتبوو کە پەیامە گرنگەکانی هەرگیز بە نەوەکانی داهاتوو ناگات. لیوی کوڕیشی کۆچی دوایی کرد. بە کردەوە هیچ شتێک سەبارەت بە ژیانی لیوی نازانرێت، دەتورێت خەسڵەتی تایبەتی نەبووە، بەڵام بەڵگەنامەکانی ئەم دوایانە پێچەوانەی ئەوە نیشاندەدات، تەنها لە ماوەی یەک دوو سەدەدا، زیاتر لە چل هەزار کەس لە چین ئیدعای ئەوەیان دەکرد کە لە رەگەزی کۆنفۆشیۆسن – کە پێدەچێت بەهۆی کار و چالاکی جیاوازی تەنها کوڕەکەی ئەوەوە بووبێت.

کۆنفۆشیۆس دواین ساڵەکانی تەمەنی خۆی سەرفکرد لەپێناو خوێندنەوە، راستکردنەوە و نوسین و شرۆڤەی دەقە کۆنەکانی چین کرد. واتا بەرهەمە رەسەنەکانی سەردەمانێک کە چین لە قۆناغی دێرین هاتبووە دەرەوە. (لون – یۆ قسەکانی کۆنفۆشیۆس – بەر لەوەی کە لە ناوەڕاستی سەدەی سێهەمی پێش زایین لەسەر بەرد هەڵکۆڵرێت بەو کۆمەڵەیە زیاد کرا.) دەقە کلاسیکیەکانی چین لە بەرهەمی باڵای شیهپ (دروشمەکان، ناسراو بە کتێبی سرودەکان)، کە بابەتە ئەفسانەییەکان لەگەڵ وردەکانی ناوادەی رۆژانەی ژیانی چینیەکان لە کۆنترۆین سەردەمەکاندا ئاوێتە دەکات، تاکو ئی چینگ (کتێبی گۆڕانکاریەکان)، بەرهەمێکی رازاوی و زۆر کەڵک ئـاوەژوو، ئاوێتەیەکی لە عالەم و مەراسیمەکانی ئەودیو سروشت و بیرۆکەی دەروننـاسی لەخۆ دەگرێت، ئـەم بەرهەمەی دوایی وەکو کتێبی فاڵگرتنەوەی ژیان دەستی پێکرد. هـەروەک و فاڵگرتنەوەی بابلی کە بۆ ئەو سەردەمە لە گەنجێتی مرۆڤ دەگەڕێتەوە، بینایەکی لەسەر نمونەکان و حوکمەکان لەسەر

سستترین کۆڵەکەکان دروستکراوە.

ماهیەتی ڕەمزی حاشاهەڵنەگری ئی چینگ دەبێتە مایەی سەرئێشە و دەردیسەر بۆ توێژەرانی کۆنفۆشیۆسی کە بە دروستی تەئکیدی لەسەر بۆچوونی مادی و زەمینی مامۆستا بەرامبەر بە فەلسەفە دەکەنەوە، لە هەمانکاتدا گومان لەوەدا نییە. کە کۆنفۆشیۆس ساڵانێکی زۆری لە ژیانی بە خوێندنەوەی ئەو کتێبەوە تەرخان کرد و لە دوا ساڵەکانی تەمەنیدا لە لوودا شیکردنەوەیەکی تێر و تەسەلی لەسەر نوسی. ئەم شرۆڤەیە نەک هەر لەگەڵ ناوەڕۆکی ئیچینگدا ناتەبا نییە، بەڵکو تەنانەت شێوازی بەکارهێنانی کتێب، بەخت گرتنەوە لە ڕێگەی هەڵدانی داری بچووکەوە و چۆنیەتی خوێندنەوەی شێوازێک کە دروستیدەکات پەردەوەدە دەکات، لە هەمانکاتدا ئەکمە هەر ئەوەندە مسۆگرە کە ئەوە بدۆزینەوە کە هیگڵ لە تەنهایی خۆیدا سەمای کردووە ، بەڵام تەنانەت فەیلەسوفەکانیش دەبێت سەرقاڵیەکیان بۆ خۆیان هەبێت و هەڵدانی پارچە داری بچووک بۆ تێگەیشتن لەوەی کە براوەی پێشبڕکێی دوو

و سێ خولەک لە شانگهای کێیە بە بۆچوونی من ئەمە زیانێکیشی نییە.

کۆنفۆشیۆس هەروەها لە ساڵانی کۆتایی تەمەنیدا سەرقاڵی گواستنەوەی فەلسەفەکەی خۆی بۆ پەیڕەوەکانی بوو. هەر بەو جۆرەی کە دەبێت ئەمڕۆ روون بووبێتەوە، ئەمە لە راستیدا فەلسەفە بە واتا خۆرئاواییەکەی نەبووە. ئامۆژگاریەکانی کۆنفۆشیۆس ئاماژەگەلێک بە مەعریفە ناسی، لۆژیک، میتافیزیک، جوانیناسی- چەمکە نەریتیەکانی فەلسەفە دەکات، بەڵام ئەمانە تەنها ئاماژەگەلێکی خێرا تێپەڕیوون. دەزگایەک بونیاد نانێن. تەنانەت ئامۆژگاری سەبارەت بە زەنجەفیل و قەبارەی جلی نوستن هەیە، بەبێ ئەوەی چیشلێنرەیەکی هەمەلایەنەو تیۆرییەکی تایبەتی سەبارەت بە مۆدەی جل هەبێت. هەرچەند ئەگەر بە پێی سەردەم داوەری بکەین کە کۆنفۆشیۆس وەزیری بەدواداچوونی تاوانەکان بوو، مەحاڵە بۆچوونێکی ورد و دروستی سەبارەت بە مۆدەی جل پۆشین هەبێت، هەروەها لەوانەیە تیۆری کامڵ و هەمەلایەنەشی سەبارەت بە

چێشت لێنان و هەبێت کە بەدەستی ئێمە نەگەیشتبێت. ئەم زانستە کۆنفۆشیۆسی و پەروەردە مەعنەویە دواتر بوو بە خوێندی سەرەتای چینە ئەشرافەکان کە ماوەی زیاتر لە دوانزە هەزار ساڵ ئیدارەی کاروباری حکومی چینیان بەدەستەوە بوو، بەڵام ئەم زنجیرە پلەو پایەیەش وەکو هەموو جۆرەکانی دیکەی سەرەنجام پوچەڵبوونەوە. کۆنفۆشیۆس پێویستی گونجان لەگەڵ سەردەمی پێشبینی کردبوو. «تەنها ئەو کەسانەی کە ناگۆڕدرێن زاناکان و گەمژەکانن.»، بەڵام ئاگادارکردنەوەکەی کۆنفۆشیۆس لەخۆڕایی و بێهودە بوو. رەنگە چارەنوسی هەموو دام و دەزگا حکومیەکان ئەوەیە کە دانایان و گەمژەکان هیدایەتی دەکەن.

لە 479ی پێش زایین، کۆنفۆشیۆس لە تەمەنی حەفتاو دوو ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. شوێکەوتوانی لە دوایین ساتەکانی نەخۆشیدا ئاگاداری ئەو بوون. دوایین قسەکانی لە لایەن تزە – لۆ شاگردی خۆشەویستیەوە تۆمار کرا:

«شاخی بڵند دەبێت دارمێت،
کۆڵەکەی قایم تێکدەشکێت،
پیاوی عاقڵ و زاناش دەبێت وەکو گیا سیس ببێت.»

شوێنەکەوتوانی کۆنفۆشیۆسیان لە شاری چۆفۆ لە کەناری روباری سوو بە خاکسپارد. زیارەتگایەکیان بۆ دروستکرد و زەویەکانی دەرووبەری پیرۆز کران. ماوەی زیاتر لە دوو هەزار ساڵ زیارەتگاکەی ئەو بوو بە شوێنی لێشاوی زیارەتکاران. لەم دوایانەدا و لە سەردەمی کۆمۆنیزمدا ئەو نەریتە بە رواڵەت کۆتایی پێهات – کۆتایی وەستانێکی کورت لە نەریتێکی پڕ رێز و حورمەتی چینی کە ماوەیەک پێش لە دایکبوونی سوقرات و مەسیح هاتە ئاراوە.

ئەگەر لەسەر دوایین قسەکانی کۆنفۆشیۆس داوەری بکەین، ئەو ئاگاداری گەورەیی خۆی بووە، بەڵام دڵنیانەبووە لەوەی کە پەیامەکەی دوای مردنی زۆر بخایەنێت. کۆنفۆشیۆس لەو بارییەوە مافی خۆی بوو نیگەران بێت. ئاینی کۆنفۆشیۆس رەنگە زیاتر لە دوو

هـەزار و پێنسەد سـاڵ بـەردەوامـی هەبێت، بەڵام هاوشێوەبوونەکەی لەگەڵ ئامۆژگارییە سەرەکیەکانی خودی کۆنفۆشیۆس هەندێک جار بەسەختی جیادەکرایەوە (بەوجۆرەی کە بە سەختی دەتوانرێت دادگاکانی پشکنینی باوەڕ و سوتاندنی داهێنەران بە پەیامی کەسێکەوە گرێبدەین کە لە شاخ و چیا ئامۆژگاری دەکات)، بەڵام شوێن کەوتوانی بە تەواوەتی پەیامەکانی ئەویان تێکنەدا. دوو سەدە پاش مردنی ئەو، زنجیرەی هانەکان یەکەمین سەردەمی گەورەی شارستانیەتی چینیان بونیادنا، بە زۆری ئەو زنجیرەیە لـەسـەر بنەماکانی کۆنفۆشیۆس رێنوێنی دەکرا کە ئەوەندە سەرکەوتوو بوو کە ئەو زنجیرەیە زیاتر لە چوارسەد ساڵ بەردەوام بوو زیاتر لە زۆربـەی ئیمپۆاتۆریەکانی چین تەمەنی هـەبـوو و سەرمەشقێکی کولتوری بەجێهێشت کە زنجیرە جۆراوجۆرەکانی دوای خۆی هـەوڵـی لاسـایـی کـردنـەوەیـان دەدا، لە خۆرئاوا کۆنفۆشیۆس لەلایەن لایب نیتس و عەقڵگەرای هاوسـەرەمی ڤۆڵترەوە ستایش دەکرا و دەیانوت:»من رێزم هەیە بۆ کۆنفۆشیۆس،

ئەو یەکەم کەسێک بوو کە وەحی بۆ نەدەهاتە خوارەوە.»

کاردانەویەکی رواڵەتی لە ئامۆژگاریەکانی کۆنفۆشیۆس ئەمڕۆ لە هونەری جەنگی کۆنگ فۆدا دەبینین کە ناوەکەی لە مامۆستا (کۆنگ فۆتزەوە وەرگیراوە، بەڵام ئەوەندە هاوشێوەی پرنسیپی ناوەکەیەتی کە چۆکلێتی مارس، لەگەڵ کەرەی مەریخدا هەیەتی، هەر وەها دەنگدانەوەیەکی دابەزی، لە کۆنفۆشیۆس دەتوانن لە بیرۆکی چینی چەواشەکراودا ببینین کە لەم داوایانەدا شوێنی ئامۆژگارییەکانی مامۆستای گرتوەتەوە. گەورەکردنەوەی کەسایەتی ماو، سەیرو سەفەری پەیوەندیدار بەرێ پێوانی کۆمۆنیستەکان، پرسیاری کتێبی سوری بچوک(هەڵگری وتەکانی ماو) لێکچوونێکی بێ ئەملاوئەولای بە بەرزکردنەوەیەک لە دەوروبەری کۆنفۆشیۆسدا دەبینرا (ئەوەی لێکەوتەوە کە وێنەکەی لە پۆلی هەر وانەوتنەوەیەکدا لە چین هەڵواسن) بە سەردانی گەشتیاری ئەو بەدوای پیشەیەکی سیاسی، پەرەستینی بەرهەمی کلاسیکی وتەکانی

کۆنفۆشیۆسی هەیە، بەڵام هەمووئەمانە رەنگە کۆنفۆشیۆسی نیگەران نەدەکرد. بەوجۆرەی کە وتبووی:»من جیاوازم، بۆ من هەرچییەک بێت پێش چاکەیە.»

**دواوتەکان: فەلسەفەی چینی**

دەوترێت کە خۆرئاوا بە راستی هیچ کات لە فەلسەفەی چینی تێنەگەیشتووە، لە راستیدا زۆربەی بیرمەندانی خۆرهەڵات مەحاڵ زەینی خۆرئاوایی مەجالێک نادۆزرێتەوە کە هیچ وێنایەکی لەوان تێدا نەبێت.

تێکڕای فەیلەسوفەکانی خۆرئاوا سەبارەت بە وەرگرتنی فەلسەفەی خۆیان لە شارستانیەتی خۆرئاوادا بۆچوونێکی هاوشێوەیان هەبووە. لەم رووەوە نابێت بەم جەختکردنەوەیە لەسەر نەبوونی لێک تێگەیشتنی هاوبەش بێهیوا بین. فەلسەفەی چینی جیاوازە لە فەلسەفەی خۆرئاوا بەو جۆرەی کە چینیەکان جیاوازن لە ئەوروپییەکان، بەڵام لە کۆتاییدا هەموومان بەشێوەی یەکسان بە بایەخ، یان بێ بایەخین. هەموومان لە دۆخێکی مرۆیی یەکساندایین هەر فەلسەفەیەکیش بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەمە تاوتوێ دەکات. بەم پێیە لەوانەیە فەلسەفەی چینی

له روانگەی ئێمەوە کەموکوڕیگەلێکی هەبێت کە فەلسەفەکەی ئێمە لەروانگەی ئەوانەوە هەیەتی، بەڵام هەردووکیان رەچەتەن بۆ یەک ئازار: ئەویش ژیانە. فەلسەفەی چینی بەواتا وردەکەی لە سەردەی شەشەمی پێش زایینەوە پێکهات، بە درێژایی ئەو ماوەیە سەد قوتابخانە دامەزراکە جۆراوجۆری و جیاوازیەکانیان لەم وتەزایەوە گریمانە دەکرێت. ئەم قوتابخانانە زۆربەیان لە فەیلەسوفانێکی ماڵص لەکۆڵ سەریان هەڵدا کە لە ویلایەتەکانی چینی ئەو یەردەمە گەشتیان دەکرد. فەیلەسوف کە لە رێگاوە دەگەیشت تفاقێکی دەکردەوە و ئامۆژگاریە فەلسەفیەکانی لە هەرجۆرێک بوایەت دەخستەڕوو. بەشێوەی باو ئامۆژگاریەکان روو لە دەربار بوو بە زۆری بریتی بوون لە پرنسیبگەلێکی جۆراوجۆر بەئامانجی یارمەتیدانی حکومەتی ویلایەتەکان. ئەم ئامۆژگاریانە بەرگەی ماوەیەکی زۆریان نەدەگرت و فەیلەسوف بەزوویی ناچاردەبوو دوبارە بکەوێتەوە رێگا.

ئەو فەلسەفانەی کە لە سەد قوتابخانە سەریانهەڵدا بە پێناسەی خۆرئاوایی لە فەلسەفە

زۆربەیان وەکو فەلسەفە هەژمار نەدەکران. ئەوان زۆربەیان هەندێک زیاتر لە جۆرێک «تیڕوانین بەرامبەربە هەستی» بوون کە لە وتەگەلێکی رازئاسادا دەردەبڕدران. فەلسەفەی هەقیقی ئەوان زۆر بەکەمی رێکخراو بوو، یان بە شێوەیەکی لۆژیکی پوختەکراو دەلیلی دەهێنایەوە و بە زۆری لە راسپاردەی سیاسی نزیکتر بوو.

نمونەی سەرەکی یەکەم ئاینی کۆنفۆشیۆس، دووەمی ئاینی دائۆ بوو. ئەم دووانە بە خێرایی بوون بە رەوتێکی فیکری زاڵ لە فەلەسەفەی چینیدا. دواتر هەردووکیان کاریگەریان لە سێهەمین رەوتی سەرەکی لە فەلەسەفەی چینی واتا ئاینی بوزی وەرگرت.

**ئاینی کۆنفۆشیۆس**

ئەو ئامۆژگاریانەی کە لەگەڵ کۆنفۆشیۆس پەیدابوون بە شێوەیەک لە شێوەکان تا بە ئەمڕۆش بەردەوامن. ئاینی کۆنفۆشیۆس لە بنەڕەتدا پراتیکییە. گرنگی بەوە دەدات کە لە بواری تاک و کۆمەڵایەتیدا دەبێت چۆن بژیت. بەم هۆیەش مەسەلە سەرەکیەکانی ئاکار

و سیاسەتە. سەبارەت بە واتا و پێناسەی ئەنجامگەرایانەی ژیان وەها قوڵنابێتەوە. ئەودیوی سروشت بە زۆری تێدا ناپەیدایە. ئەمەش هەر لەسەرەتای ئاینی کۆنفۆشیۆسەوە لە دووهەزا رو پێنج سەد ساڵ پێش ئێستاوە سەبارەت بەوە راستبووە و سەبارەت بە ئاینی کۆنفۆشیۆس لە شێوە باوەکەی ئەمڕۆشیدا هەر راستە.

ئاینی کۆنفۆشیۆس دەریخستووە کە دەتوانرێت بەبێ بیرکەدنەوە لە بۆچوونی ئەودیوی سروستیش ژیان بکرێت. پێدەچێت بیرۆکەی خۆرئاوایی پاش دوو هەزار و پێنسەد ساڵ، بە نابەدڵی و بە شێنەیی بەو روانگەیە دەگات.

**ئاینی دائۆ**

ئاینی دائۆ یان دائۆئیسم لە تائۆ/دائۆ بە واتای «رێگا» دێت. تێکڕای فەیلەسوفەکانی چین سەبارەت بە دائۆ بۆچوونی تایبەت بە خۆیان هەیە، بەڵام خودی دائۆئیسم لە بیروباوەڕێک وەرگیراوە کە لائۆتزۆی زانا و

پیرو دواتریش چوانگ تزۆ گەڵاڵەی کردووە. لائۆتزۆ لە سەدەی شەشەمی پێش زاییندا دەژیا، بەڵام سەبارەت بە چۆنیەتی ژیانی شتێکی ئەوتۆ نازانرێت. دەوترێت مێژوونوس و دانوستانکاری ئاینی دەرباری ئیمپراتۆرەکان چۆن بووە. بە گێڕانەوەی ئەفسانەکان لەگەڵ کۆنفۆشیۆس دیداری کردوە و کاریگەریەکی ئەوتۆی وەرنەگرتووە. دەوترێت دواتر سەردانی خۆرئاوای کردووە، لە ملەی شی یەن کۆ ڕێگەوانەکە وتویەتی بەمەرجێک ڕێگای پێدەدات کە ئامۆژگاریەکانی سەبارەت بە دائۆ بخاتە سەر کاغەز. ئەو کتێبە ناوی دائۆ دێ جینگی لێنرا و دواتر بوو بە کتێبی پیرۆزی ئاینی دائۆ. لائوتزۆ دواتر سەردانی خۆرئاوای کرد، بەگوێرەی راپۆرتێکی هاوچەرخ کەس نازانێت چی بەسەرهاتووە.» زۆربەی ئەندامانی سەد قوتابخانە لائۆتزۆ بە حەکیم، پیرۆز، یان تەنانەت خواوەند ئاسا لەقەڵەم دەدەن. تەنانەت دەڵێن شوێنکەوتوانی هاوچەرخی کۆنفۆشیۆس بە فەیلەسوفێکی گەورەی دەزانن. بەسەختی دەتوانین لەمە تێبگەین، چونکە

ئامۆژگاری و راسپاردەکانی لائۆتزۆ تەواکەری ئامۆژگاریەکانی کۆنفۆشیۆس بوون. بە بڕوای هەندێک لە شارەزایان ئەو دوو فەلسەفەیە ئاماژەیە بە هەوڵەکانی مرۆڤ لە دوو ناوەند و رەهەندی بە تەواوەتی لەیەک جیاواز، بە بۆچوونی کەسانی دیکەش، ئەم دووانە لە هەر بوارێکدا دژی یەکترین.

کۆنفۆشیۆس «رێگای مرۆڤ» نیشان دەدات، لە کاتێکدا لائۆتۆز «رێگای سروشت»دەڵێتەوە» بە بڕوای لائۆتزۆ، رێگا تێگەیشتنێکی متافیزیکی و عارفانەیە. هێزی هەتاهەتایی و رەهایە کە سروشت کۆنترۆڵ دەکات، بەڵام هێشتا لەو دیوی کات و شوێنەوەیە. ئەمانە بە گوێرەی تێگەیشتنی لۆژیکی کە بە زۆری پێویستی گوتاری فەلسەفی بیرمەندانی خۆرئاواییە بە سەختی دەتوانین تێیی بگەین. سەربای ئەمە بەوجۆرەی کە هەندێک جار دەردەبڕدرێت، لەگەڵ فەلەسەفەدا بۆجۆرەی کە لە خۆرئاوا دەیناسین نامۆ نییە، ئاینی رەواقی و فەلسەفەیەک کە کەلبیەکان لایەنگری بوون لەبنەڕەتدا وەها تێڕاونینێک بەرامبەر بەجیهان بوون، بە وتەی

لائۆتزۆ دەبێت بەهەوڵدان بۆ لاساییکردنەوەی دائۆدا خۆمان لەگەڵی هاوتەریب بکەین. دەبێت خۆمان لە دەغدەغە لاوەکیەکان بەتاڵ بکەینەوە، ژیان بەسادەیی و خۆپەروەردەیی تێپەڕێنین، لە هەمانکاتدا هێمن و لەسەرخۆبین. ئاینی دائۆ سەردەمێک کە لەلایەن مامۆستایەکی نمونەی وەکو لائۆتزۆوە دەوترایەوە، بێگومان هێزێکی گەورەی هەبوو، بەڵام بۆمانەوەی تەنانەت وەکو فەلسەفەی متافیزیکی، دەبوایە زیاتر دەستکاری بکرایەت. ئەمە لەلایەن چوانگ تزۆوە بە ئەنجام گەیشت کە دوو سەدە پاش لائۆتزۆ لەدایکبوو. دیسان زانیاری کەم سەبارەت بەژیانی ئەو لەبەر دەستدایە، جگەلەوەی کە کتێبێکی نوسی کە تا ئەمڕۆش بە چوانگ تێزۆ ناسراوەئەوەش بە سەختی دژی ئاینی کۆنفۆشیۆس بوو. دەوترێت لە کۆتایی تەمەنیدا بوو بە پیرە پیاوێکی شڕەپۆشی سەرنجڕاکێش بە پێڵاوی پینەکراوەوە. یەکێک لە شوێن کەوتوانی چوانگ تێزۆی پاش مردنی هاوسەرەکەی بینی و خەمباربوو لەوەی کە بینی لەبەر خۆیەوە گۆرانی دەڵێت و لەسەر قاپەکەی تەپڵ لێدەدات.

چۆانگ تێزۆ لە پاساوی ڕەفتارەکەیدا وتی گریان و ماتەمگێڕان نیشانەی «نەزانییە بەرامبەر بە چارەنوس».

بە بڕوای چوانگ تێزۆ، دائۆ سروشتی ئاڵۆز و ناسازگاری بە شێوەی یەکێتی هاوتەریبی ڕێگای سروشت دەردەهێنا. ئەمەش تەنها کاتێک ڕوودەدات کە سروشت پەیرەوی لە سروشت بکات و کاتێک دەتوانین دەستمان پێبگات کە ئێمەش شوێن کەوتووی ڕێگای سورشت بین، نەک شوێن کەوتووی ڕێگای مرۆڤ کە کۆنفۆشیۆسس داوای دەکرد. دائۆ(یان ڕێگای سورشت) دۆخێکی بەرفراوانە کە ئیتر چاک و خراپەی تێدا نییە، هەموو شتێکی لە هاوسەنگیەکی دادپەروەرانەدایە، بەڵام چوانگ تێزۆ هێشتا لەو بڕوایەدابوو کە دائۆ لە هەموو شوێنێک هەیە و لە هەموو شتێک تەنانەت لە مێرولەکان و لە پیساییشدا بوونی هەیە، لە لێواری مردندا ئەنجامدانی مراسیمی بەخاکسپاردنی لە لایەن شاگردەکانیەوە قەدەغەکرد وتی باشتروایە تەرمەکەی فڕێ بدەن، بۆئەوەی

ببێته خۆراکی قەل و دالاَن تا لەوەی لە ژێر خاکدا ببێته خۆراکی کرمەکان.

**ئاینی بوزی**

ئاینی بوزی لە سەدەی سێهەمی زیاندا لە هندستانەوە گەیشتە چین، بوزیگەرایی بە درێژایی قۆناغی دووردوودرێژی گۆڕانکاری دووردوودرێژ لە نیشتمانە سەرەکیەکەیدا، گۆڕانکاریەگەلێک، بە تایبەتی چینی بەخۆیەوە بینی کە بە گشتی سەرچاوەی لە هاوشێوەبوونی بە دائۆوە هەیە.

خۆرئاواییەکان بوزیگەری زیارت لە ئاین لەقەڵەم دەدەن تاکو فەلسەفە، بەڵام ئەوەندە بەسە چاوێک بە فەلسەفەی مودەڕسیدا لە سەدەکانی ناوەڕاست بخشێنین، بۆئەوەی بزانین چۆن ئەم دوو شێوە جیاوازەی بیرکردنەوە دەتوانین بە شێوەیەکی جیایی هەڵنەگر پێکەوەبن، ئەگەر بەمجۆرە بڕوانین، ئاینی بوزی بەدڵنیایەوە هەم فەلسەفەیە و هەم ئاین، فەلسەفەی ئەودویو سروشتیەکەی هاوشێوەی فەلسەفەی مودەڕسی(یان لەم حاڵەتدا دائۆئیسمە)بە

هەمووی ئەمانەوە،) بوزیەکان بە پێچەوانەی مەکتەبەکانی دیکە بڕوایان بە ئازادی کردار، بە تایبەت سەبارەت بە قڵشتە ئاینیەکان. دەرەنجام زۆری نەخایاند کە بوزیگەری بە چەندین جۆر فەلەسەفەی دینی دابەشبوو. هەمووی ئەمانەش لە بنەڕەتدا خۆیان بە بوزیگەری دەناساند. سەرباری ئەوەی کە زۆربەیان پێکەوە دوژمنایەتیان هەبوو. (لێرەشدا هاوشێوەبوون لەگەڵ بیرۆکەی مەسیحیەت ئاشکرایە، بەم جیاوازیەوە کە لە کاتی سەرهەڵدانی گرفتی بوزیەکان لە بری ئەوەی یەکتری بسوتێنن هەوڵی خۆسوتاندن دەدەن.)بوزیگەری لەلایەن سیدارتا گائۆتاماوە بونیادنرا کە لە ناوەڕاستی سەدەی شەشەمی پێش زایین لە نیپاڵ لە دایکبوو. پاش هاوسەرگیری لە شانزە ساڵیدا و سانزە ساڵی دیکەش ژیان لە ئاسایش و خۆشگوزەرانیدا هەموو شتیکی بەجێهێشتوو و سەردانی هندستانی کرد و لەوێ بوو بە ریازەتکارێکی ئاوارە. لەترسی ئەوەی بەهۆی هۆگری لە رادەبەدەریەوە بۆ خواپەرستی بەهەڵەدا بچێت، سەرەنجام بڕیاریدا رێگاکەی

تاکو ئەشراق درێژە پێبدات، بەگێڕانەوەی ئەفسانەکان نزیکەی ساڵانی 528ی پێش زاین لە تەمەنی سی و پێنج ساڵیدا گەیشتە ئەشراق و بوو بە بوزی. ئەوەش لە کاتێکدابوو کە چوار ئەژنۆ لەژێر درەختی لول، یان هەنجیردا سەرقاڵی چاودێری بوو.

ئاینی بوزی لە سەرەتادا تەئکیدێکی زۆری لەسەر چاودێری هەبوو کە ئارامی رۆحی بە تاک دەبەخشی، بۆئەوەی خۆی لە ناکۆکی و دژبەیەکیەکانی ژیان لە جیهانی رۆژانەدا رزگار بکات. ئەو بەندە رۆژانەییانە وەکو هەورێکن کە هەتاو دادەپۆشن. تەنها ئەو کاتەی کە بە دیسیپلینی رۆحی ئەوان وەلانێنین تا دەگەین بە هەقیقەتی درەوشاوەی هۆشیاری.

بوزیگەری چینی بە قوڵی لەژێر کاریگەری دائۆئیسمدایە کە لە کاتی هاتنی ئاینی بوزیدا لە چین رەواجی هەبوو. دواتر بوزیگەریش کاریگەری خۆی لەسەر گۆڕانکاری ئاینی کۆنفۆشیۆس لە سەدەی یانزەیەمدا دانا. ئەم ئاینی نوێ کۆنفۆشیۆسیە توخمێکی ئەودیو سروشتی لە ئاینی بوزی وەرگرت، کە لە روانگەی

خودی کۆنفۆشیۆسەوە تەردکراوبوون، بەڵام پێدەچێت لە ئامۆژگاریەکانیدا بۆشاییەکی بۆ شوێنکەوتوەکانی پڕ کردبێتەوە.

**وتەکانی کۆنفۆشیۆس**

راسپاردەکانی کۆنفۆشیۆس سەبارەت بەوەی کە چۆن دەتوانیت کارگوزارێکی باش بیت، لەگەڵ بەرهەمەکانی:

چوان سۆن سیا لە مامۆستای پرسی «دەبێت چی بکەم ببمە پیاوێکی سەرتر خزمەت بە حکومەتەکەم بکەن؟»

«دەبێت پێنج خەسڵەت و تایبەتمەندی بەرز لەخۆتدا پەروەردە بکەیت، لە چوار خراپە خۆت بەدوور بگریت.»

**«ئەو پێنج خەسڵەتە بەرزە چییە؟»**

«پیاوی سەرتر چاکە دەکات بەبێ ئەوەی بەرتیل وەربگرێت، لەگەڵ خەڵک کار دەکات بێ ئەوەی ببێتە هۆی ئازاردانیان. بەرزە فرە، بەڵام چاوچنۆک نییە، سەربەرزە بێ ئەوەی لوتبەرز بێت. رێزدارە، بەڵام ستەمکار نییە.»

«مەبەستی سەرەکی لەم خەسڵەتانە چییە؟»

«ئایا کارکردن لە بەرژەوەندی خەڵکدا لێبوردەیی بێ بەرتیل نییە؟ ئەگەر پیشەیەکی باش بە کەسێکی چاکەکار بسپێردرێت، چ کەسێک دەڕەنجێت؟ ئەگەر کەسێک بۆ دابینکردنی خۆی ئەوەی کە مافیەتی بەدەستی بهێنێت، چۆن دەتوانێت چاوچنۆک و تەماکار بێت؟ پیاوی سەرتر بە بەردەوامی ئەرکەکانی خۆی ئەنجام دەدات، بێ ئەوەی گوێ بە سەختی و چەندێتی بدات بۆیە تەمەڵ نییە، ئایا ئەمە سەربەرزی بێ لوتبەرزی نییە؟ پیاوی سەرتر ئاگاداری بارودۆخی خۆیەتی. بەشێوەیەکی شیاو جل دەپۆشێت و کڵاو لەسەردەکات بەرێزەوە مامەڵە لەگەل خەڵک دەکات. بە هۆی رەفتارە جدیەکانیەوە خەڵک رێزی لێدەگرن، بەمجۆرە رێزدار دەبێت بێ ئەوەی ستەمکار بێت.»

**«ئەی ئەو چوار خراپەیە چییە؟»**

«کوشتنی کەسێک کە لە ئەرکەکانیدا کەمتەرخەم بووە، لە کاتێکدا پەروەردەی پێویست نەکراوە، ستەمکارییە. چاوەڕوانی ئەنجامدانی کارێک لە کەسێک ،بێ ئەوەی راسپاردەی پێویستت پێ کردبێت ستەمە. پێداگریکردن لەسەر ئەوەی کە کەسێک

ئەرکەکانی بە خێرایی ئەنجام بدات، لە کاتێکدا ئاگادارکراوەتەوە لەوەی کە بە دروستی و بێ کەموکۆڕی ئەنجامی بدات، بیرتەسکییە.»
**وتەکانی کۆنفۆشیۆس**

**چەند خاڵێکی دیکە سەبارەت**
**بە حکومەتێکی چاك:**

«ئەگەر فەرمانڕەوایی خۆی دروستکار بێت، لەو حاڵەتەدا پەیڕەوی لێدەکەن بێ ئەوەی کە پێویستی بە برشیاردان بێت، بەڵام ئەگەر خۆی چاکەکار نەبێت، تەنانەت ئەگەر فەرمانیش دەربکات پەیڕەوی کردنێک لە ئارادا نابێت.»

«ئەگەر تەنها فەرمانڕەواییەک بە خزمەتکردن وەریدەگرتم، لە ماوەی یەک مانگدا هەموو شتێکم ڕێکدەخست، لە ماوەی سێ ساڵیشدا هەموو کارەکان بە نۆرمێکی شایستە و ئاسان بەڕێوە دەچوون.»

مامۆستا سەرباری قسەکردن سەبارەت بە حکومەت بە چۆنگ یۆی وت: «تەنها ئەو کارەی کە فێری کەسانی دیکەت کردوە لەوانت بوێت.»
**وتەکانی کۆنفۆشیۆس**

کۆنفۆشیۆس لەسەر پێویستی خوێندنەوە جەخت دەکاتەوەو سەبارەت بە تێڕوانینی

گشتی ئێمە لەو بارەیەوە رای دەردەبڕێت:

«بەوجۆرە بخوێنەرەوە وەکو ئەوەی هەرگیز فێرنابیت، لەوە دەترسی ئەوەی فێری دەبیت لە دەستت دەچێت.»

«دۆزینەوەی کەسێک کە ئارەزومەند بێت سی ساڵ بخوێنێت، بێ ئەوەی کە لە کۆتاییدا پیشەیەکی دەستکەوێت سەختە؟»

**وتەکانی کۆنفۆشیۆس**

چەند دەربڕینێکی قوڵ لە مامۆستای گەورە:

«بە سەر سەرکێشی و فریوکاریدا دەستپێشخەری مەکە، لە هەمانکاتدا بە بەردەوامی ئاگاداریان بە ئەمە پێویستییە، ئەگەر دەتوێت بە دەسەڵات بگەیت.»

«ئەوەی کە لە دلێریدا بە توانایە، بەڵام لە هەژاریدا دەناڵێنێت کێشە دەخولقێنێت.»

«دەتوانێت هەندێک کەس ناچار بەکارێک بکەیت، بێ ئەوەی لێی تێبگات.»

**وتەکانی کۆنفۆشیۆس**

**چەند دەربڕینێك ئەوەندە قوڵ نەبوو لە مامۆستای گەورە:**

«کاتێک هەوا سارد دەکات دەبینین، کە سنەوبەرەکان بەدوای هەموویاندا هەڵدەوەرن.»
کاتێک ئامۆژگاریەکی زیاتریان سەبارەت بە حکومەت لە مامۆستا داواکرد لە وەڵامدا وتی:»هەرگیز ماندوو نەبن.»
مامۆستا سەبارەت بە کۆنگ تزۆچینگی خەڵکی ڤی وتی:» ئەو دەزانێت چۆن لە شتەکان بەهەرەمەند بێت. یەکەم جار کە سەرکەوتوو بوو وتی: خەریکە دروست دەبێت. کاتێک زیاتر سەرکەوتوو بوو وتی: خەریک کیفایەت دەکات. کاتێک زۆر سەرکەوتوو بوو وتی:»خەریکە کامڵ دەبێت.»

**وتەکانی کۆنفۆشیۆس**

وەسفکردنە بەناوبانگەکەی کۆنفۆشیۆس سەبارەت بەخۆیی و قۆناغەکانی ژیانی:
«لە تەمەنی پانزەساڵیدا تەنها هۆگری خوێندنەوە بووم، لە سی ساڵیدا ژیانم دەستی پێکرد، لە چل ساڵیدا پشتم بە خۆم بەست، لە پەنجا ساڵیدا پێگەی خۆم لە پرۆژەی گەورەی بووندا دۆزیەوە، لە شەست ساڵیدا تێگەیشتم

که نابێت باس و مشتومڕ بکەم، ئێستاش لە حەفتاساڵیدا دەتوانم ئەوەی کە پێمخۆشە بەبێ ئاڵۆزکردنی ژیانم ئەنجامی بدەم.»

**وتەکانی کۆنفۆشیۆس**

بەرپرسێک دەربار لە کۆنفۆشیۆسی پرسی ئایا ئەرباب چائۆ بە بەردەوامی دابونەریتەکان بەجێدێنێت کۆنفۆشیۆس لەوەڵامدا وتی، بە جێی دێنێت.

پاش ڕۆشتنی کۆنفۆشیۆس کاربەدەستەکە وتی:»بیستبووم مامۆستای گەورە کۆنفۆشیۆس پیاوێکی ژیرو عاقڵە، بەڵام وانییە. ئەرباب چائۆ بە ژنهێنان لە خانەوادەکەی خۆی نەریتەکانی پێشێلکردووە و ئەوەشی بەگۆڕینی ناوی هاوسەرەکەی شاردووەتەوە.»

کاتێک مەسەلەکەیان بە کۆنفۆشیۆس گوت، لە وڵامدا وتی:»کاتێک من هەڵەیەک دەکەن، دڵنیا بن بەگوێی هەموان دەگات.»

**وتەکانی کۆنفۆشیۆس**

نمونەیەکی دیار لەواقعبینی، زیرەکی، راسپاردەکانی مامۆستا سەبارەت بە ژیان:

«نیازپاکیەکی شێلگیرت هەبێت، خوێندنت

خۆش بوێت، ئامادە بە بەفیداکردنی گیانت بەرگری لە چاکە بکەیت، سەردانی ناوچەیەک مەکە کە ناجێگیرە، هەرگیز لە ویلایەتێکدا کە کودەتای تێدایە ژیان مەکە. هەوڵبدە خۆت دەربخەیت کاتێک رێورەسم و ئیمپراتۆری بەرقەرارە، کاتێک جێگیر نییە، خۆت بشارەوە. هەژاری و گومناوی لە وڵاتێکدا کە رێورەسم و ئیمپراتۆری جێگیرە مایەی شەرمەزارییە، هەروەها مایەی شەرمەزارییە دەوڵەمەندبوون لە وڵاتێکدا کە ناجێگیرە.»

**وتەکانی کۆنفۆشیۆس**

نزیکترین حاڵەت لە پێشکەشکردنی تیۆری ورد لە نەریتی جل پۆشین لە بەرهەمەکانی کۆنفۆشیۆسدا:

«پیاوی گەورە نابێت یەخەی کراسەکەی سوور، یان ئەرغەوانی بێت. جلی ژێرەوەی نابێت گوڵدار و وەنەوشەیی بێت، هاویندا لە ناوماڵ پێویستە تەنها باڵاپۆشی کەتانی زبر، یان نەرم لەبەر بکرێت. کاتێک دەچێتە دەرەوە پێویستە بە بەردەوامی باڵاپۆشی لەبەردا بێت، لە زستاندا پێویستە جبەی رەشی خوریدار

لەسەر باڵاپۆشەکەی لەبەر بکات. کاتێک باڵاپۆشی رەنگ نەکراو لەبەردەکات، جلەکەی ژێرەوەی پێویستە رووکەشی پێستی مامز بێت. کاتێک باڵا پۆشە زەردەکەی لەبەر دەکات، جلی ژێرەوەی پێویستە رووکەشی پێستی رێوی بێت. کاتێک لەماڵەوەیە پێویستە باڵاپۆشێکی رێ رێ لەبەر بکات، کە شۆڕتر لە باڵاپۆشێک بێت کە کە مەراسیم و بۆنەکاندا لەبەری دەکات، دەبێت قۆڵی راستی کورت بێت بۆ ئەوەی بتوانێت بە ئاسانی دەستی بسوڕێنێت. کاتێک دەچێتە ناو جێگا پێویستە جلی نوستن، بە درێژی نیوەی باڵای لەبەر بکات، لە ناوماڵدا پێویستە رووکەشی باڵاپۆشەکەی لە پێستی رێوی، یان گۆرهەڵکەنە بێت. بە بەردەوامی دەبێت نیشانەی کارو پیشەکەی بە سەر پشتێنەکەیدا هەڵبواسێت تەنها لە مەراسیمی بەخاکسپاردندا نەبێت. جلەکانی هەمیشە دەبێت بەباشترین شێوە دورابێت، مەگەر ئەوەی کە لە مەراسیمی قوربانیدا بێت. کاتێک بۆ بینینی کەسێکی ماتەمگێر دەچێت نابێت هەرگیز باڵاپۆسشی خوری و کڵاوی رەش لەسەر بکات، لە رۆژی سەرەتای مانگدا دەبێت بەجلی

ڕەسمییەوە سەردانی فەرمانڕەواکەی بکات. کاتێک بە ڕۆژوو دەبێت بە بەردەوامی دەبێت جلی کەتانی پاکی لەبەردابێت.»

**وتەکانی کۆنفۆشیۆس**

هەندێک لە شیکاران و توێژەران دەڵێن ئەم ئامۆژگارییە بەو دووروودرێژییەی لە ڕاستیدا تیۆری ڕەسەنە لە نەریتی پۆشیندا. بە بڕوای من وانییە، چونکە دەقەکە بەدەرە لە بنەمای تیۆری و هەندێک ناکۆکی تێیدا چارەسەر نەبووە، وەکو کاتێک پیاوی گەورە ڕۆژی یەکەمی سەرەتای مانگ لە مەراسیمی قوربانیدا لەگەڵ فەرمانڕەواکەی بەشدار دەبێت، چی لەبەر بکات؟

**چەند ڕادەربڕینێکی خۆرئاوایی:**

«من ڕێزم هەیە بۆ کۆنفۆشیۆس. ئەو یەکەم کەسێک بوو لە ئاسمانەوە وەحی بۆ هاتەخوارەوە.»

**ڤۆڵتێر**

«ئەوەی کە ئەو دەیگواستەوە بایەخ گەلێک بوو، کە خەڵکی چین چەند سەدەیەک پێش ئەو پێکیان هێنابوو، بۆیە بەر لەوەی کە چین

کۆنفۆشیۆسی بێت، ئاینی کۆنفۆشیۆس چینییە.»

**ولیام مەك نۆتن**

«ئەگەر ناچاربین واژەیـەک بۆ وەسفکردنی ئاکاری کۆنفۆشیۆسی هەڵبژێرین، ئـەو واژەیـە دەبێت مرۆڤایەتی بێت. ئامانج و مەبەستی سەرەکی ئاکاری کۆنفۆشیۆسی تێکڕای پرۆسەی فێربوونە لە پێناو بوون بە مرۆڤدا. ئەو پرۆسەیەش پێویستی بە بەڵێنیەکی رەها، هەوڵێکی بەردەوام بۆ خۆپاڵاوتەیی یان خۆپەروەردەیی و نیگایەکی گشتگرە بۆ تێکڕای بەرنامەکانی پەروەردەی ئاکاری.

**دکتۆ تو ڤی – مینگ**

**مامۆستای مێژوو و فەلسەفەی چین، زانکۆی هارڤارد**

کۆنفۆشیۆس زیاتر لەهەر فەیلەسوفێکی تر گرنگی بە پێویستی حکومەت و ئیدارەی حکومی دەدا.

**ئەزرا پاوەند**

## رۆژژمێری رووداوە گرنگە فەلسەفیەکان

سەدەی شەشەم پ.ز. – دەستپێکی فەلسەفەی خۆرائاوا بە تالس مەلتی.

کۆتایی سەدەی شەشەم پ.ز. – مردنی فیساغورۆس.

399 پ.ز. – سوقرات لەئەسینادا سزای مردنی بە سەردا سەپێنرا

387 پ.ز. – ئەفلاتون یەکەمین زانکۆی جیهانی بەناوی "ئاکادیمیا" لەئەسینا دامەزراند.

335 پ.ز. – ئەرەستو "لوکیۆن"، قوتابخانەی رکابەری ئاکادیمیای لە ئەسینا دامەزراند.

324 ز – ئیمپڕاتۆر کونستانتین پایتەختی ئیمپراتۆری رۆمای گواستەوە بۆ بیزانس.

400 – ئاگۆستین پیرۆزی دانپێدانانەکانی نوسی. فەلسەفە لەئیلاهیاتی مەسیحیدا دەتوێتەوە.

410 – تاراجی رۆما بەدەستی ویزیگوتەکان هەواڵی دەستپێکردنی سەدەی تاریکی" ئاشکرادەکات.

529 – بە فەرمانی ئیمپراتۆر یوستی نیان "ئاکادیمیا" لەئەسینا دادەخرێت و ئەوەش بە کۆتایی فیکری یۆنانی لەقەڵەمدەدرێت.

ناوەڕاستی سەدەی 13 – تۆماس ئاکوینا شرۆڤەکانی لەسەر ئەرستۆ دەنوسێت. (سەردەمی حیکمەتی مودەڕس).

1453 بیزانس کەوتە دەست تورکەکان. (کۆتایی ئیمپراتۆری بیزانس).

1492 – کۆڵۆمبۆس دەگاتە ئەمەریکا. (رێسناس لەفلۆرانسو جارێکیتر رووکردنەوە زانستی یۆنانی).

1543 – کۆپرنیک بەبڵاوکردنەوەی لەدەروازەی سوڕانی هەسارە ئاسمانیەکانی بڵاوکردەوەو لەسەر بنەمای بیرکاری دەیسەلمێنێت کە زەوی بەدەوری خۆردا دەسوڕێتەوە.

1633 – کڵێسا گالیلۆ ناچاردەکات نکۆڵی لەتیۆری خۆری ناوەندی عالەم بکات.

1641 – دیکارت تێڕامانەکان بڵاودەکاتەوە کە دەسپێکی فەلسەفەی نوێیە.

1677 – مردنی سپینۋازا بڵاوکردنەوەی مۆراڵەکانی ئەو مەیسەر دەکات.

1687 – نیۆتن بەبڵاوکردنەوەی بنەماکان چەمکی گرانش(وزەی راکێش) گەڵاڵە دەکات.

1689 – لاک نامیلکەی لەدەروازەی تێگەیشتنی مرۆڤ بڵاودەکاتەوە. (دەستپێکی ئەزمونیگەری).

1710 – برکلی بنەماکانی زانستی مرۆڤ بڵاودەکاتەوەو گەشەو لایەنی بەرفراوانتر بە ئەزمونگەری دەدات.

1716 – مردنی لایب نیتس

1739 – 40 هیوم نامیلکەی لەگەوهەری مرۆڤی بڵاوکردەوە و ئەزمونگەری تا سنورەکانی لۆژیک پێشخست.

1781 – کانت، راپەڕیو لە "خەوی دوگم"ی بە هاوکاری هیوم، رەخنە لەعەقڵی رووت بڵاودەکاتەوە. سەدەی مەزنی فەلسەفەی ئەڵمانی دەستپێدەکات.

1807 – هیگڵ دیاردەناسی زەین، لوتکەی فەلسەفەی تیۆری ئەڵمانی بڵاودەکاتەوە.

1818 – شۆپنهاوەر جیهان وەکو ئیرادەو وێنا بڵاودەکاتەوە و فەلسەفەی هندی لە فەلسەفەی تیۆری ئەڵمانیادا دەهێنێتە ئاراوە.

1889 – نیچە کە رایگەیاندبوو " خوا مردوە" لە توریندا توشی شێتی بوو.

1921 – ویتگنشتاینناملیکەی لۆژیکی – فەلەسەفەی بڵاوکردەوە بانگەشەی "وەڵامی کۆتایی" بۆ فەلەسەفە دەکرد.

دەیەی 1920– "بازنەی ڤین" پۆزیتیڤیزم لۆژیکی گەڵاڵە دەکات.

1927 – هایدگەربوون و زەمەن بڵاودەکاتەوە کە پچڕانی نێوان فەلسەفەی شیکاری و ئەوروپی رادەگەیەنێت.

1943 – سارتەر بوون‌و نەبوون بڵاودەکاتەوە کە ئەندێشەی هایدگەر گەشەپێدەدات، ئەگزیستانسیالیزم وەرپێدەخات.

1953 – بڵاوکردنەوەی پاش مردنی توێژینەوە فەلسەفیەکانی ویتگنشتاین. لوتکەی سەردەمی شیکاری زمانەوانی.

## رۆژ ژمێری ژیانی کۆنفۆشیۆس

551 پ.ز. – لە دایکبوونی کۆنفۆشیۆس( لە وانەیە لە 28ی سیپتەمبەر، کە هێشتا لە چەند شوێنێکی خۆرهەڵاتی ئاسیا جەژن بەرێوە دەچێت).

548 پ.ز. – مردنی باوکی کۆنفۆشیۆس

536 پ.ز. – بیر و زەینی ئەو دەبێتە فێربوون.

533 پ.ز. – لەگەڵ پی یوو هاوسەرگیری دەکات.

510 – 520 پ.ز. – قوتابخانیەک بۆ وتنەوەی وانەی (ئاینی) نوێی خۆی دەکاتەوە.

–500 509 پ.ز. – دەبێت وەزیری بەدواداچوون بۆ کاروباری تاوانەکان لە پارێزگای لوو.

500 پ.ز. – لە پۆستی حکومی پارێزگای لوو واز دەهێنێت.

490 – 500 پ.ز. – گەشتێکی دوورو درێژ بۆ دۆزینەوەی پۆستێک ئەنجام دەدات.

484 پ.ز. – دەگەڕێتەوە نیشتمانەکەی لە پارێزگای لوو.

479 پ.ز. – مردنی کۆنفۆشیۆس لە تەمەنی هەفتاو سێ ساڵیدا.

**سەرچاوە:**


–أشنایی با کنفسیوس، پل استراترن، ترجمەی: کاظم فیروزمند، ویرایش: تحریریه ی نشر مرکز، اجرای گرافیک طرح جلد: نشر مرکز، چاپ اول –1389 شماره ی نشر–963 3000 برگ – چاپ منصوری، شابک: 1–077–213–964–978، نشر مرکز: تهران – خیابان دکتر فاگمی – روبروی هتل لاله – خیابان، باباطاهر – شماره ی 8

# رووباری ئارام و کۆنفۆشیۆس

پەرەستوی ئیبراهیمی
وەرگێڕانی: ئازادی سەید عەبدوڵڵا

**ژیاننامە**

هەر کە پـەروەردە و فێرکردن و ئەدەبیات لە چیندا گەشەیسەند، زانا و بیرمەندان وەک کەسانێکی دەسەڵاتدار بوونە خاوەنی پلەوپایە، فەیلەسوفەکانیش بـوونـە جێگەی سـەرنـج و گرنگیپێدان.

لە دوایین شەش سەدەی پێش زایین، دوو فەیلەسوفی گـەورەی سـەردەمـەکـان لەچین دەرکەوتن. لائـوزی، دامەزرێنەری دایویزم و کۆنفۆشیۆس، کە فەلسەفە و ڕێبازەکەی پتر لە دووهەزار ساڵ باڵی بەسەر وڵاتی چیندا کێشا.

**کۆنفۆشیۆس (Confucius) کێ بوو؟**

زانیارییەکی ئەوتۆمان لەبارەی ژیانیەوە نییە، چونکە ژیاننامەکەی 375 سـاڵ دوای مردنی، لە لایەن مێژوونووسێکی نەناسراوەوە، بەنێوی (سو-ما-چی ین)ەوە نوسرایەوە. دوای ئەو هەموو ساڵە لەمردنی، بەهۆی زانایی و کەسێتیی هەڵکەوتوویەوە، زۆر سـەربردەوە

و ئەفسانەی کۆنفۆشیۆس بوونە ویردی سەرزاران، (سو-ما-چی)ینیش هەموو ئەو زانیاری و بەسەرهاتانەی کۆکردنەوە.

رەنگە بتوانین جیاوەرترین و وردترین زانیاری لەبارەی ژیانی کۆنفۆشیۆسەوە لە گوڵبژێری وتەکانییەوە هەڵێنجین، کە هەرزوو دوای مردنی لە لایەن فێرخوازەکانییەوە کۆکرانەوە.

کۆنفۆشیۆس ساڵی 551ی پ.ز لە ویلایەتی (لوو) کە ئێستا کەوتۆتە نێو سنووری شاری نوێی (شاندونگ)ەوە لەدایکبووە، ساڵی 479ی پ.ز کۆچی دوایی کردووە. دایک و باوکی کەهێشتا هەر لە تەمەنی منداڵیدا بوو ماڵئاواییان لە ژیان کرد، ناویان نا کۆنگ-کویی. ناوی کۆنفۆشیۆس لە وشەی کونگ فوزیی لاتینییەوە وەرگیراوە، کە بەمانای (مامۆستای گەورە، کۆنگ) دێت. کۆنفۆشیۆس پڕلایەنگرترین و رێزدارترین فەیلەسووفی مێژووی چینە. بیروباوەڕەکەی لە نزیکەی 100 ساڵی پێش زایینەوە، تا ساڵانی 1900ی زاینی زۆرترین

کاریگەریی لەسەر کۆمەڵگەی چین جێهێشتووە. حکومەتی چین بۆچوونەکانی ئەوی کردە فەلسەفەی رەسمیی کاری دەوڵەت، زۆر لە وڵاتی دەرودراوسێی چینیش بیروباوەڕەکانی ئەو بەرز دەنرخێنن.

کۆنفۆشیۆس لەهەوڵی بەدەستهێنانی پۆستی راوێژکاریی یەکێک لە دەسەڵاتدارانی چیندا بوو، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. ئەو دەیویست لەرێگەی ئەو پلەیەوە بیروبۆچوونەکانی خۆی پراکتیزە بکات و بەوەش گۆڕانێک لەکۆمەڵگەی چیندا بهێنێتەکایەوە.

گەر فێرخوازانی خۆی نەدەبوون، هەرگیز بیروبۆچوونەکانی کۆنفۆشیۆس نەیاندەتوانی باڵ بەسەر چیندا بکێشن و ئەویش هێندە نەدەناسرا، ئەگەرچی هیچ کام لەئامۆژگارییەکانی کۆنفۆشیۆس بەدەستی خۆی نەنوسراونەتەوە، بەڵام وتەو گفتوگۆکانی لەدوو توێی کتێبێک بەنێوی (هەڵبژاردەی وتەکانی کۆنفوشیوس)دا کۆکراونەتەوە.

سەردەمی ژیانی ئەو، سەردەمی ناکۆکی و فڕوفێڵی سیاسی و پێکداهەڵچوونەکانی

بەرەبەیانی مێژوو بوو. لێکهەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتی چینیش، هەر لەوسەردەمەدا بوو. سەرەڕای سزای قورسیش، کەچی تاوانەکانی مرۆکوژی، بەرتیلخۆری، داوێنپیسی وتاوانەکانی تر بە کاری ئاسایی لەقەڵەم دەدران. لە شاری (لو)دا، سێ بنەماڵە لەسەر میراتی دەسەڵات لەگەڵ یەکدی لە کێبڕکێدا بوون، ئەمە لەکاتێکدا کە زۆرێک لە ئەرستۆکراتە خاوەن بڕوانامەکان، بەشوێن پێگەیەک لەدەسەڵاتدا دەگەڕان، یان لەهەژاری و مەینەتدا دەژیان.

خودی کۆنفوشیوسیش لە بنەماڵەیەکی رەسەن و ئەرستۆکرات بوو، بەڵام بنەماڵەیەک کە تەواوی سامانی خۆیی لەدەستدابوو و بە نەداری مابووەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کۆنفۆشیۆس وەک ئەندامی خێزانێکی خانەدان، پەروەدەکراو فێری مۆسیقا و تیرهاوێژی و ماسیگری بوو، بەپێی وتەکانی خۆی، لە راوەماسیدا تۆڕی بەکارنەدەهێنا و باڵندەشی لەکاتی پشوو و حەسانەوەدا راونەکردووە.

کۆنفۆشیۆس لەسەردەمی منالیشیدا، قوتابییەکی راستەڕێ و کۆششکار بوو، لە

تەمەنی بیست ساڵیدا بە کارمەندی بێناونیشان لە دەزگایەکی حکومی دامەزرا. ئەو خاوەن کەسێتییەکی ژیر و لێبڕاو بوو، بەمەش ئەرکەکانی بەدیارکەوتن و لەتەمەنی سی ساڵیدا بووە کەسێکی ناسراو.

کۆنفۆشیۆس زۆربەی سنووری قەڵەمڕەوی شازادەکانی خۆی گەڕا و داکۆکیی لە دیدگاکانی خۆی کردو ئومێدی ئەوەشی هەبوو، کە هەوڵ و بیروبۆچوونەکانی ببنە مایەی پەسندی شازادەکان و لەبەڕێوەبردنی وڵاتدا، سوود لە پێشنیارەکانی ئەو وەربگرن، بەڵام وەک دیار بوو، کەمتر گوێ دەدرایە سەرنج و بۆچوونەکانی، سەرەنجام کۆنفۆشیۆس بڕیاری خۆی دا، هەموو وزە و توانای خۆیی لە پەروەردەوفێرکردنی خەڵکدا خستەگەڕ.

کۆنفۆشیۆس لەشاری (لو) نیشتەجێ بوو و فێرگەیەکی بەنێوی خۆی دامەزراند و بەبێ رەچاوکردنی توانای دارایان، هەموو فێرخوازێکی وەردەگرت و فێردەکرد. کاتێکیش کە خەڵک لەکردنەوەی قوتابخانەکەی ئاگاداربوونەوە، مناڵەکانی خۆیانیان ناردنە لای

و لەوێ وەرگیران، بەمەش لە مێژوووی چیندا، ئەو بووە یەکەمین کەس کە فێرگەی تایبەت دابمەزرێنێت.

لاوێکی هەژار و دەستکورت لەماڵێکی کەمدەرامەت بەناوی (یان هوی) دەیەویست لەو فێرگەیە وەربگیرێت، بەڵام کەسوکاری هێند هەژار بوون، کە خەرجی رۆژانەی خۆشیان پێ دابین نەدەکرا. (یان هوی) ترسی ئەوەی لێنیشتبوو، وەرنەگیرێت، چونکە مانگانەی فێرگەکەی بۆ دابین نەدەبوو. رۆژێک هاتە ئەو شوێنەی کە کۆنفۆشیۆس وتاری لێدەدا، بینی کە کۆمەڵە خەڵکێک لەژێر دارێک دانیشتوون، گوێی لێبوو کۆنفۆشیۆس دەیوت: «...هەرکەسێ تەنانەت ئەگەر دە پارچە گۆشتی قاورمەش لەبری مانگانەی خۆی بۆ فێرگە بهێنێت، لەهەر بنەچەو رەچەڵەکێکیش بێت، وەردەگیرێت...». یان هوی بە بیستنی ئەو قسەیە بەخوێنگەرمی و هەڵەداوانەوە بەرەوماڵ گەڕایەوە و ئەو هەواڵەی گەیاندە زی لۆ و زی کۆنگی هاوڕێی، چەند رۆژێک دواتر هەرسێکیان بوونە فێرخوازی کۆنفۆشیۆس، تەنانەت پیاوێک بەناوی گۆنگ

یچانگ کە تازە لە زیندان ئازادببوو، هاتەژێر سەرپەرشتی و چاودێریی کۆنفۆشیۆسەوە.

کۆنفۆشیۆس بەردەوام لەبارەی بەهاکانی خێرخوازی بۆ قوتابیەکانی خۆی دەدوا و گرنگی خۆشویستنی خەڵکی وەبیردەهێنانەوە.

رۆژێک لە گەشتێکیدا کە لەگەڵ قوتابیەکانی بۆ بناری چیای (تای) دەچوون، ژنێکیان بینی کە لەتەنیشت گۆڕێک دانیشتووە و شین و رۆرۆیەتی، کۆنفۆشیۆس پرسیی: بۆچی بەمشێوەیە دەگری؟ ژنە بەچاوی پڕ فرمێسکەوە وتی: «خەزوورم و مێردم و کوڕەکەم لێرە بوونەتە خۆراکی بەورەکان» کۆنفۆشیۆس پرسیی: ئەی بۆ یەکڕاست ئێرە جێناهێڵی و بڕۆی؟ ژنە وتی:»ئاخر، دەسەڵاتداری ئێرە کەسێکی دادپەروەرەو ستەمکار نییە» کۆنفۆشیۆس بە بیستنی ئەوە رووی کردە خوێندکارانی و وتی:»کەواتە دەبینن کە زیاتر لە بەورێکی دڕندە دەبێ لە دەسەڵاتداری ستەمکار بترسین».

کۆنفۆشیۆس هەمیشە چاودێریی وردی هەڵسوکەوتی فێرخوازەکانی دەکرد.

قوتابییەکی هەبوو بەناوی (زای یۆ)، کە وەک هاوپۆلەکانی کۆششی نەدەکرد، لەناو پۆلدا خەو دەیبردەوە و کەسێکی لووتبەرزیش بوو. ڕۆژێک کۆنفۆشیۆس بە قوتابیەکانی وت پشتگوێی بخەن، زای یۆ دیسانەوە لە پۆلدا خەوبردیەوە و سەریخستە سەر مێزەکەی، کۆنفۆشیۆس زۆر تووڕە بوو و لەخەو هەڵیساند و سەرزەنشتی کرد و پێیوت:»ئەتۆ ئیتر وەک پارچەدارێکی رزیوت لێهاتووە، داری رزیویش بەکەس ناکرێتە پارچەی دارتاشی و هەڵکۆڵین، تۆ وەک دیوارێکی چڵکنی کە ئیدی بەکەس سپی نابێتەوە«. زای یۆ لەوەڵامدا وتی:»مامۆستا ئیتر هەرگیز کاری وا دووبارە ناکەمەوە«. کۆنفۆشیۆس سەری لەقاند و وتی:»دیارە من هەردەم بەڵێنی کەسەکان بەهەند وەردەگرم، بەڵام سەبارەت بەم بارە تایبەتە، بەتەنها گوێ بۆ بەڵێنەکەت ناگرم، بەڵکو دەبێ لەمەودا چاودێری بەجێهێنانی بەڵێنەکەشت بکەم«. زای یۆ وەها شەرمەزار بوو کە زمانی گیرا و سەری لەبەرخۆی نایەوە.

ڕۆژێک کۆنفۆشیۆس لەگەڵ قوتابییەکانی خۆی بەمەبەستی کۆڕگێڕان چوونە شاری (وی). لەڕێگادا دەربارەی بابەتەکانی ئەدەبیات و شیعر و دەوڵەت گفتوگۆیان دەکرد، قوتابییەکان ڕێزی زۆریان لە ئاستی تێگەیشتن و فێربوونی کۆنفۆشیۆس دەگرت، دەیانویست بزانن ئایا کۆنفۆشیۆس لەرابردوودا چۆن لێکۆڵینەوەکانی خۆیی ئەنجامداون. کۆنفۆشیۆس وتی:»من بـــەردەوام بیرم لـەم بابـەت و لـەو بابـەت دەکـــردەوە، تـەنانـەت هـەندێ جـار خـەو و خواردنیشم فەرامۆشدەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا شتێکی ئەوتۆم وەگیرنەدەکەوت. سەبارەت بە هەر شتێک بـەردەوام کتێبم دەخوێندەوە، بەڵام دیسان سوودێکی وای نەبوو، ماوەیەکی زۆری برد، تا تێگەیشتم کە خوێندنەوەی زۆر بەبێ بەکارهێنانی مێشک چ سوودێکی نابێت. لە لایەکی دی، ئەگەر بیرکردنەوە لە واقیعبینی جیابکرێتەوە و لەکاتی خوێندنەوەی کتێب سەرنج و تێڕامانی وردمان نەبێت، سەرمان لێدەشێوێت. مرۆڤ دەبێت بـەردەوام بەوشتانەدا بچێتەوە، کـە فێریان بـووە و دەبـێت خوێندنەوەکانی

لەگەڵ بیروبۆچوونەکانی خۆی تێکەڵکێش بکات، بەسوودوەرگرتن لە بیروبۆچوونەکان مرۆڤ فێردەبێت، کە ڕێنوێنیی هزرەکانی خۆی بکات و پەی بە کێشەکانی بەرێ و بەوجۆرە سەرکەوتنی دێتە ڕێ.

کۆنفۆشیۆس خۆی بۆ فێرکردنی خەڵکی تەرخانکردو بەدرێژایی ژیانی سێ هەزار فێرخوازی پێگەیاند، کە 72 کەس لەوانە، بوونە زانا و بیرمەندی سەردەمی خۆیان. کۆنفۆشیۆس توانی لەڕێگەی فێرکردنەوە، دیدوبۆچوونە سیاسیەکانی خۆی بڵاوبکاتەوە. دواجار خۆی و خوێندکارەکانی، قوتابخانەیەکی هزریی سەربەخۆیان دامەزراند. قوتابخانەی کۆنفۆشیۆس کاریگەریی گەورە و بەرچاوی لەسەر وڵاتی چینی ماوە و سیستمی دەرەبەگایەتی (فیودالیزم)ی دانا، کە هەزاران ساڵ بەردەوام بوو.

کۆنفۆشیۆس 73 ساڵ ژیا، مردنی لەناخەوە بووە مایەی نیگەرانی و پرسەدانانی قوتابییەکانی. تەنانەت هەندێکیان ماوەی سێ ساڵ لە گۆڕەکەی دوورنەکەوتنەوە. زی لۆ

ماوەی شەش ساڵ لەنزیک گۆڕەکەی ئەو ژیا. قوتابییەکان بۆئەوەی ئامۆژگارییەکانی ئەو لەبیرنەکەن، بەهەماهەنگی یەکترو گفتوگۆکانی ئەویان نوسییەوە. دواتریش هەرچییەک لەبارەی بابەتگەلی جیاوازەوە لە لایەن کۆنفۆشیۆسەوە وترابێت، وەک چۆنیەتی رووبەرووبوونەوە لەگەڵ گرفتەکان و بارە ناهەموارەکان کۆکرانەوەو تۆمارکران. هەموو ئەمانە لەژێر ناوی قوتابخانەی کۆنفۆشیۆسی لەکتێبی هەڵبژاردەی وتەکانی کۆنفۆشیۆسدا چاپکران.

کۆنفۆشیۆس کەسێکی هۆشمەند و بەئاگا بوو، ئەو دروست هەمان ئەو کەسە بوو، کە ئەفلاتوون بە فەیلەسووف ناوی دەهێنا. ئەو بە تەواوی دەرکی دەکرد، کە شتەکان دەبێ چۆن بن (راستی) و لەسەر ئەم تێگەیشتنەی خۆی خەڵکی پەروەردە دەکرد، خەڵکیش ئەویان بەرز دەنرخاند و لەکاتی پەرێشانی و دڵەڕاوکێیاندا کۆمەک و هاوکاریان لەو وەردەگرت.

پێدەچێت کۆنفۆشیۆس جگە لە دنیای بیروبۆچوونەکان و پەیڕەویی لە «رێباز»دا،

لەهەوڵی ئەوەشدا بووبێت، کە بەسوودوەرگرتن لە پلەوپایە دەوڵەتییەکان، یان بەگرتنەبەری رەوشتی خێرخوازانە و گەورەیی نواندن، کاریگەری لەسەر دەوڵەتیش دابنێت. ئەو لەبارەی شتێکەوە نەدەدوا، کە دەیزانیٚ هیچی لیٚ نازانێت (وەک رێکخستنە سەربازیەکان و هی تر) و هەردەم سادەیی و عیشقی فێربوون لە هەڵسوکەوتەکانیدا شەپۆلی دەدا. لەکتێبی حەوتەمی هەڵبژاردەی وتەکانی کۆنفۆشیۆسدا هاتووە کە:»ئامۆژگارییەکانی مامۆستا لەسەر چوار کۆڵەکە هەڵنرابوون: فەرهەنگ، هەڵسوکەوتی ئەخلاقی، ئەوپەڕی هەوڵدان و راستگۆیی لە گوفتارەکاندا».

کۆنفۆشیۆس بەجۆرێک لە جۆرەکان لە هەڵسوکەوتە ئەخلاقییەکانی مرۆڤی ئەودەم و خۆیشی بەدبین بوو. دەیوت ئومێدی ئەوەی نییە لەم دنیایەدا هۆشمەندێکی زانا بدۆزێتەوە و ناونیشانی حەکیمی زانا، یان مرۆڤی خێرخوازیشی بۆخۆی پیٚ قبوڵنەدەکرا. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ئەوپەڕی کۆششی خۆی خستبووەگەڕ، تا بنەماکانی «رێباز»

باڵا بەسەر دنیادا بکێشن و خەڵکانی تریشی بە گرتنەبەری هەمان ڕێباز هاندەدا. ئەمە نموونەی مامۆستایەکی مەعنەویی هۆشمەندە، کە لەخزمەتی ڕەوشتە تاکییەکان و ڕەوشتە کۆمەڵایەتییەکان، سەرەڕای ناکاریگەیی هەوڵەکانی، هێشتا لەبەدەستهێنانی ئەنجامی بیروباوەڕەکانی مکوڕە.

بەپێچەوانەی فەیلەسووفە ئەفلاتوونییەکان، کۆنفۆشیۆس بەهای زۆری بۆ ڕەفتارە جوان و شایستەکان دادەنا، ڕەفتاری دروست وەک ڕێزگرتن لە خەڵکی ڕەشۆک و تاکە نائەرستۆکراتییەکان، ڕێزنان لە ئاداب و رسوم و پیرۆزیەکان، ڕێزگرتن لە دایک و باوک و زۆر ڕەفتاری شایستەی تر. لە کتێبی نۆیەم، لەبەشی چوارەمدا هاتووە کە:»مامۆستا هەرگیز چوار کاری ئەنجام نەدەدان: ئەو هەرگیز تەخمین و گومانی نەدەکرد، لەسەر هیچ پرسێکی نادیار و نالۆژیک پێداگریی نەدەکرد، سەرسەختیی نەدەنواند و کەسێکی خۆپەرست نەبوو«.

بەگشتی کۆنفۆشیۆس کەسێکی زۆر مرۆڤدۆست بوو و سنوری کار و ئەرکەکانی

خۆی باش دەزانی. هۆشمەند و تینووی فێربوون بوو. مرۆڤێکی سادە، بەڵام لەبارەی خێرخوازی و «رێباز»ەوە خۆڕاگرو پایەداربوو. رەوشتپەروەر و میانڕەو بوو، واقیعبین، بەڵام ئایدیال وخودان رێبازی ژیان بوو، حەزی لەکار دەکرد و لەکۆششدا بوو، بەڕێز و رێزدار بوو.

بەجۆرێک نوقمی موزیک دەبوو، کە جارێکیان بۆ ماوەی سێ مانگ تامی گۆشتی نەکرد، هەروەها فێری کاری ئاسایی خەڵکانی دەستکورتی، وەکو دوکانداری و چاودێریکردنی چراخانەکان بوو.

بەوپێیە، ئەگەرچی کۆنفۆشیۆس ئامادەی ئەنجامدانی هەرکارێکی رەوا بوو، بەڵام زۆربەی کات نەیدەتوانی کارێکی رەسمی بدۆزێتەوە. رەنگە بەهۆی پابەندبوونی بە بەها ئەخلاقییەکانەوە نەبووبێتە کەسێکی سوودمەند بۆ دەسەڵاتدارانی سەردەمی خۆی، ئەو هەمیشە کاتی خۆی بە ئەنجامدانی کارێکەوە بەسەردەبرد، کە خۆی حەزی لێبوو: ئەمەش یانی بەردەوامیی لە فێربوون.

کۆنفۆشیۆس لە تەمەنی پانزەساڵییەوە

خووی دایە فێربوون و لە تەمەنی سیساڵیدا هەستی بەوەکرد، کە خەریکە وردەوردە فێردەبێت و لەچل ساڵیدا ئیدی بەرچاوروون و لەتەمەنی پەنجا ساڵیدا هەستی بەوەکرد، ئەرکێکی لەسەرشانە، کە ئەویش گرتنەبەری رێگای خوداوەندە. لەشەست ساڵییدا ئیدی بیستنی هەموو شتێکی بەلاوە ئاسایی و لەحەفتا ساڵیشدا دەیتوانی بەرەچاوکردنی بەها وبنەما ئەخلاقییەکان، دەستبداتە هەرکارێک بیەوێت.

هیچ مامۆستایەک بەتەنیا کاریگەریی تایبەتی لەسەر کۆنفۆشیۆس دانەنا، بەڵکو ئەو هەوڵی دەدا لەهەموو کەس شت فێربێت. سەرمەشقی ئەو، فەرمانڕەوای دێرینی هەرێمی (ژوو) بوو، کە لە دامەزراندنی زنجیرەی فەرمانڕەواییدا، هاوکاریی کردبوو، کۆنفۆشیۆس جارێک پەیوەندیی مەعنەویی خۆی لەگەڵ فەرمانڕەوای ژوودا بە دەربڕینی نیگەرانیی خۆی لەوەی دەمێکە نەهاتۆتە خەویەوە نیشاندابوو.

کۆنفۆشیۆس بەوردییەوە بەرهەمە کلاسیکەکانی مێژوو، شیعر، ئەدەبیات و

بەتایبەت کتێبی گۆڕانکارییەکانی (ئی چینگ)ی خوێندبوونەوە. ئەو لەوباوەڕەدابوو، کە ئەگەر ماوەی پەنجا ساڵ خەریکی خوێندنەوەی کتێبی گۆڕانکارییەکان بێت، ئیدی هەرگیز تووشی هەڵەیەکی گەورە نابێت.

کۆنفۆشیۆس لە منالییەوە دایک و باوکی خۆی لەدەستدان، دواتر چووە ژیانی هاوسەری و بووە باوکی کچێک و کوڕێک، چاودێریی براگەورەکەشی دەکرد کە کەمئەندام بوو، ئەو هەرگیز لە ویستی بەدەستهێنانی شتدا زیادەڕۆیی نەدەکرد، جگە لەوەی بۆنەیەکی ماتەمگێڕیی تەواوی دەویست. هەرگیز لێوی لەشەراب نەدا.

دەتوانین کۆنفۆشیۆس وەک یەکەمین مامۆستای ساڵمەندانیش ناو ببەین، هەموو فێرخواز و دیاریەکانیانی وەردەگرت، بگرە فێرخوازی دەستکورت و بێدیاریشی وەردەگرتن.

ئەگەرچی دەسەڵاتداران بەپێی ڕێنماییەکانی ئەو کارەیان نەدەکرد، بەڵام سەرەنجام لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا پۆستێکی حکومییان پێ بەخشی.

کۆنفۆشیۆس ئامۆژگاریی (جی گۆنگ زی)ی گەورەی بنەماڵەی حوکمڕانی دەکرد، کە ڕێزی دایک و باوکی خۆی بگرێت و لەگەڵ مناڵەکانیشیدا میهرەبانی بنوێنێت. پلەی کەسانی شایستە و بەتوانا بەرزبکاتەوە و کەسانی هیچ لەبارنەبووش رابهێنێت. لێرەدا دەبینین کە چۆن کۆنفۆشیۆس بایەخی فێربوون و توانایی خستۆتە سەر خەسڵەتی بۆماوەییەوە. هەندێک لەقوتابیانی کۆنفۆشیۆس پۆستی گرنگیان لەحکومەت پێسپێردرا. ئەو زی لۆی بەهۆی کارامەیی و زی گۆنگی بەهۆی تێگەیشتن و ڕەن کیوشی بەهۆی گونجاوییەوە بۆ وەرگرتنی پۆست دەستنیشانکردن.

جگەلە وانەوتنەوە، کۆنفۆشیۆس بە نووسینی دیوانە شیعری ئەدیس و ساڵنامەی بەهار و پاییز، نوێگەری لەمۆسیقا و تەشریفات، هەروەها شیکردنەوە و خوێندنەوەکەی بۆ «کتێبی گۆڕانکاریەکان» بەناوبانگە. سەرچاوەی سەرەکیی ڕێنمایی و ئامۆژگاریەکانی ئەو کەلەگفتوگۆ و وانەبێژیەکانی لەگەڵ قوتابیەکانی بەرجەستەکراوە و لەکتێبی هەڵبژاردەی وتەکانی ئەو کە لەلایەن (لۆنگ یو)ەوە ئامادەکراوە، لەلایەن

قوتابیەکانییەوە نوسراونەتەوە. لەو نوسینانەدا نەک هەر تەنها پەی بە هزر و بۆچوونی کۆنفۆشیۆس دەبەین، بەڵکو شێوەی وانەوتنەوەو رەفتار و بیروبۆچۆنیشیمان بۆ دەردەکەوێت. دەڵێن هەرگیز پێشبینیی سەرەنجامەکانی نەدەکرد، سەرسەخت و خۆپەسند نەبوو، کەسێکی میهرەبان و ئارام بوو، بەسەرخۆیدا زاڵ، بەڵام توندوتیژ نەبوو، بەرێز وئاسانکار بوو.

زی کۆنگ دەڵێت: »کۆنفۆشیۆس بەوپەڕی دڵگەرمی، راستگۆیی، میانەڕەوانە و رێزەوە لە ویلایەتەکانی دەوروبەر، زانیاریی کۆدەکردەوە، هەڵبەت خەڵکانی تر ئەم شێوازەیان بۆ لێکۆڵینەوەو توێژینەوەکانیان پەیڕەو نەدەکرد». کۆنفۆشیۆس مرۆڤێکی ئارام و رووخۆش بوو و لە رەخنەی قوتابیەکانی خۆی بۆ راستکردنەوەی هەڵەکانی نەدەڕەنجا.

کۆنفۆشیۆس رێزێکی زۆر و تایبەتی بۆ ماتەمگێڕان دادەنا و خەسڵەتی رێزگرتن لە دایک و باوکی بە خەسڵەتێکی سەرەکی و بەهادار دەزانی. ئەو گوتویەتی:»مرۆڤ لەکاتی خزمەتکردنی دایک و باوک، دەبێ بەنەرمی

ڕەفتاربکات، ئەگەر لەگەڵ بیروبۆچۆنی ئەواندا کۆک نەبوو، نەشتوانێ بیروبۆچوونەکانیان بگۆڕێت، ئـەوا نابێ دژایـەتیـان بکات. ڕەنگە لێیان دڵگران بێت، بەڵام نابێ بەرامبەر بەوان نامیهرەبان بیت».

کۆنفۆشیۆس گرنگی زۆری بەخەڵک دەدا و ڕەنگە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا، بەیەکەمین هۆمانیست (مرۆڤدۆست) لەقەڵەم بدرێت. لەکاتی سووتانی تەویلەیەکی ئـاژەڵان، ئەو هەر زوو هـەواڵـی مرۆڤەکانی دەپـرسـی، داخـۆ زیانیان پێنەگەیشتووە و گرنگییەکی بە ئەسپەکانی نێو تەویلە سووتاوەکە نـەدەدا. لە ئیرادەو ویستی مرۆڤەکان بەئاگابوو و لـەو بـاوەڕەدابـوو، کە دەتوانرێت فەرماندەی سێ لەشکر لە هێزەکانیان جیابکرێنەوە، بەڵام ناتوانرێ ئیرادە لە کەسێکی ئاسایی بسەنرێتەوە و لێی زەوتبکرێت. لەبارەی (دایۆ)وە دەدوێ و دەڵێت:»بەیانیان گوێ لە دایۆ بگرە، لەشەودا بەرەزامەندییەوە بمرە». لەگەڵ هەموو ئەمانەدا ئەو لەوباوەڕەدا بوو کە:

ئـەوە مـرۆڤـە کـە دەتـوانـێـت ڕێچکـەکان فراوانبکات، ڕێگە ناتوانێ مرۆڤ گەورە بکات.

مـرۆ دەتوانێت لەنێو مرۆڤە دڕندەکانیشدا

ژیان بەسەرببات، چونکە شکۆمەندی گۆشەگیر نابێت و هەردەم بۆخۆی هاودەمێک دەدۆزێتەوە، مرۆڤی شکۆمەند دەبێ دەستی هاوکاری بۆ نیازمەندان درێژبکات، نەوەک برەو بە سامانی دەوڵەمەندەکان بدات.

کۆنفۆشیۆس لەسەر ئەو باوەڕە بوو، کە گەشەپێدانی فەرهەنگ ئەرکی سەرشانییەتی و ئەو ئەرکەش لەلایەن پادشای (وەن)ەوە بەو سپێردراوە، بەوبڕوایەی، کە ئەوە ویستی خوداوەندە، لەهیچ شتێک بگرە لەمردنیش سڵی نەدەکردەوە.

هەروەها باوەڕی بە لەخواپاڕانەوە هەبوو و پێیوابوو، ئەو کەسەی پشت لەخوا دەکات، ئیدی کەسێکی تری بۆ نامێنێتەوە، تا داوای کۆمەکی لێبکات. ئەو ئومێد و ئارەزووی ئەوەی دەکرد، کە ئەگەر لەم دنیاش کارەکانی بێبەرهەمبن، لەمەلەکوتدا بەرهەمێکیان دەبێت.

کۆنفۆشیۆس لەوباوەڕەدا بوو، کە کەسانی دیکەی وەک ئەو، راستگۆ و سەرڕاست هەن، بەڵام کەس هێندەی ئەو ئارەزووی فێربوون نییە. هەر بارودۆخێکی تازە بۆ ئەو، وانەیەک بوو.

ئەودەمەی لەگەڵ کەسێک بەرێدا دەڕۆیی، لاسایی هەڵسوکەوت و ەرەفتارە جوانەکانی ئەو کەسەی دەکردەوە و بەتێبینیکردنی هەڵەی خەڵکانی تر، هەڵەکانی خۆی راستدەکردنەوە. کۆنفۆشیۆس بانگەشەی دانایی و تەنانەت شکۆداریی تەواویشی نەدەکرد، بەڵام ماندونەناسانە لەهەوڵی فێربوون و فێرکردنی خەڵکیدا بوو.

کـۆنـفـۆشـیـۆس پـێـیـوابـوو، کـە سـروشـتـی هەموو مرۆڤەکان هاوشێوەیە، ئەو جیاوازیەی کـە لـەنـێـوانـیـانـدا دروســتـبـووە، بـەهـۆی کردەوەکانیانەوەیە.

**میتۆدی کۆنفۆشیۆس**

کۆنفۆشـیـۆس تـاکـە دیـــاردەی پڕبەهایە لەمێژووی چیندا. ئەو هەموو شتێکی خستە ژێر کاریگەریی خۆیەوە: پەروەردە و فێرکردن، حکومەت، رەفتارە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکانی چینییەکان. میتۆدی کۆنفۆشیۆس مەزهەبێک نییە. پتر فەلسەفە و رێنوێنییەکە بۆ رەوشتە دروست و ئەخلاقییەکان.

سـەردەمـی هـاتـنـە دنـیـای کۆنفۆشیۆس،

سەردەمی شەڕ و پێکداهەڵچوونەکان بوو و گۆڕانە سیاسییە یەکبەدوایەکەکان، پێکهاتەی کۆمەڵگەی چینیان وەها گـۆڕی، کە ئیدی چینییەکان هیچ بەهایەکیان بۆ ڕێنوێنییەچاکەکان دانـەدەنـا. کۆنفۆشیۆس پێیوابوو کە مرۆڤی ڕاستەقینە ئەو کەسەیە کە خودان کەسێتییەکی ڕەوشتپەروەرە. مرۆڤی ڕاستەقینە بەڕێزەوە لە خواپەرستی دەڕوانێت و ڕێزی دایک و باوکی دەگرێت و دەسەڵاتیش دەپارێزێت. دەبێت بیربکاتەوە و بنەما ڕاستەقینەکانی خوڕەوشت بکاتە ڕێنیشاندەری خۆی. بەوتەی کۆنفۆشیۆس دەبێ مرۆڤی ڕاستەقینە:»لەپێناو پەیبردن بە خوڕەوشتە چاکەکان هێندەی هەوڵی کەسانی هەلپەرست بۆ وەچنگ خستنی سوود و بەرژەوەندیی زیاتر، هەوڵبدات«. بەبڕوای کۆنفۆشیۆس وەها ڕەفتارێکی باش لە لایەن دەسەڵاتداران، پتر لە یاسا و چوارچێوە یاساییەکان کاریگەر دەبێت، بەمپێیە ئەگەر ئەمجۆرە خەڵکە دەسەڵات بگرنەدەست، خوڕەوشتی ئەخلاقییان دەبێتە سەرمەشق بۆ خەڵکانی تر و دەبنە هەوێنی ژیان و گوزەرانێکی

باشتر بۆ خەڵک.

ئەودەمەی کۆنفۆشیۆس ماڵئاوایی لە ژیان کرد، فەلسەفەکەی هێندە نەناسرابوو. رەنگە ئەگەر هەوڵی قوتابیەکانی نەبووایە، تائێستاش بەنەناسراوی دەمایەوە. کۆنفۆشیۆس هەرگیز لەلایەن خۆیەوە شتێکی نەنووسی، هەموو وتەکانی ئەو لەلایەن قوتابیەکانییەوە لەزنجیرەیەک کتێبدا بەناوی (هەڵبژاردەی وتەکان) نوسرانەوە. ئەو زنجیرە کتێبە سەرچاوەی هەموو ئەو زانیاریانەن، کە مرۆڤی ئێستا دەربارەی کۆنفۆشیۆس دەیانزانێت.

دوو فەیلەسووفی گرنگی کۆنفۆشیۆسی لەمێژوودا هەن: یەکێکیان منسیوس (390–305 پ.ز) و ئەوی دی زۆن زی (نزیکەی 200 ساڵا پ.ز) کە هەندێ بیروبۆچوونیان هاوشێوەی هی کۆنفۆشیۆس بوو، بەڵام لەراستیدا تیڕوانینێکی جیاوازیان هەبوو بۆ شتەکان.

دیدوبۆچوونی مینسیوس ئەوەبوو، کە مرۆڤەکان هەموویان بەباش دێنە دنیا، تەنها دەبێت: «دڵسۆزی و میهرەبانی سروشتی نێو دەروونیان بپارێزن». زۆن زی بەپێچەوانەوە

دەیوت، ئەگەر خەڵک هزری خۆیان بە پەروەردە و خوڕەوشتی باش رابهێنن، دەتوانن مرۆڤگەلی باش بن و بەئارامی ژیان بەسەرببەن. ئەم دوو بۆچوونە لەگەڵ بۆچوونی کۆنفۆشیۆس، کە پێیوایە مرۆڤەکان دەتوانن باش بن، لێک نزیکدەبنەوە.

میتۆدی کۆنفۆشیۆس، بەپێچەوانەی بودیزم و تائۆیزم، کە تواناکانی تاک لەپێناو هەماهەنگیی گونجان لەگەڵ سروشتدا لەبەرچاودەگرن، لەبنەڕەتدا گرنگی دەدات بە خواستەکانی کۆمەڵگە. لەدەستپێکی ساڵەکانی 200ی بەرلەزایین، بودیزم و تایویزم رۆڵی کاریگەریان گێڕا لەگۆڕینی چوارچێوەکانی میتۆدی کۆنفۆشیۆس و هەندێ چەمکی تازەی وەک سروشتیان هێنایە گۆڕێ. لەساڵانی نێوان 200-600ی زاینی بیروبۆچوونەکانی کۆنفۆشیۆس لاوازبوونێکی بنەڕەتییان بەخۆوەبینی. بەشێکی ئەم لاوازبوونە بەهۆی ئەوەوە بوو، کە دەبوایە میتۆدی کۆنفۆشیۆس، کێبڕکێی بودیزم و تایویزم بکات، کە ئەودەم لە گەشانەوەدابوون. ئەم دوو مەزهەبە لەبەرامبەر میتۆدی کۆنفۆشیۆسدا وەک شەو وابوون لە بەرامبەر رۆژدا، یان

بەدەربڕینێکی تر خاڵی رووبەرووبوونەوەی رێنوێنییەکانی کۆنفۆشیۆس بوون. بودیزم و تایویزم زۆر لەخەمی چەمکگەلی وەک رەنج و مەرگدا بوون، ئەمە لەکاتێکدا کە لە میتۆدی کۆنفۆشیۆسدا، بەشێوەیەکی رۆشن ئەو چەمکانە بەهەند هەڵنەدەگیران. میتۆدی کۆنفۆشیۆس لەدەوروبەری سالانی 600ی زایینی زیندوو و تا ساڵەکانی 700ی زایینی بەتەواوی زیندووبووەوە. لەساڵەکانی 1100ی زایینی بزووتنەوەیەک بەناوی میتۆدی نوێی کۆنفۆشیۆس بەڕابەریی زو-کسی سەریهەڵدا. ئەو لقێکی بزووتنەوەکەی بەناوی باڵی عەقڵگەرایی گەشەپێدا. ئەو لقە پەیوەست بوو بە خوێندنەوەی (لی) یاخود پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و سروشت. لقێکی تر بەناوی باڵی گەواهی دەرکەوت، کە پتر تایبەت بوو رۆشنگەری لەرێگەی پێکهاتەیەک لە وردبوونەوە (meditation) و رەفتارە ئەخلاقییەکان.

لەسالانی 1900 پێکداهەڵچوونێک لەنێوان بیروباوەڕە رۆژئاواییەکانی کۆمۆنیزم سەریهەڵدا. تا سالانی دوای گۆڕانکاریەکانی کۆمۆنیزمی

چینی، دەوڵەت بەتوندی دژی بیروباوەڕەکانی کۆنفۆشیۆس دەوەستایەوە، چونکە میتۆدی کۆنفۆشیۆس لەبری ئایندە، چاوی دابووە رابردوو. بەهەرحاڵ هەموو ئەو دژایەتیانەی دەوڵەت لەساڵی 1977دا کۆتاییان هات.

### هەڵبژاردەیەك لەوتەكانی کۆنفۆشیۆس

*1.خانەوادەکەت وەک چۆن ماسییەکی بچکۆلە دەبرژێنرێت، ئاوا بەڕێوەی ببە: زۆر بەنەرمی و رووخۆشی.*

*2. بۆ راستەڕێکردنی جیهان، دەبێت یەکەم گەلان راستەڕێ بکرێن، بۆ راستەڕێکردنی گەلانیش، دەبێ لەپێشدا خێزان رێکبخەین، بۆ رێکخستنی خێزان سەرەتا دەبێت خۆمان رێکبخەین، دەبێت سەرەتا دڵمان پاک بکەینەوە.*

*3. کەسێک بیەوێ بەرژەوەندیی خەڵکی مسۆگەر بکات، لەپێشدا بەرژەوەندیی خۆیی مسۆگەر کردووە.*

*4. بێدەنگی هاوڕێیەکە، هەرگیز خیانەت ناکات.*

*5. کاتێک لەگەڵ کەسێکی باشتر لەخۆت ئاشنادەبیت، هەوڵدە وەک ئەوت لێبێت. کە لەگەڵ کەسێکیشدا ئاشنا دەبیت، کە بەباشیی تۆ ناگا، لەدەروونی خۆت*

وردبەوەو بەهای خۆت بزانە.

. چاکترین مرۆڤەکان، گرنگی دەدەنە چاکەی خەڵکانی دی و خراپەکانیان بەرجەستەناکەن. مرۆڤە نزمەکان پێچەوانەی ئەوەدەکەن.

7. حەز مەکە لەئەنجامدانی کارەکاندا پەلەبکەیت، بەدوای بەرژەوەندیی بچووکدا مەگەڕێ. هەڵپەکردن لەئەنجامدانی کارەکان دەبێتە هۆی بەباشی ئەنجامنەدانیان و دوای بەرژەوەندی بچوک کەوتنیش دەبێتە رێگر لەبەردەم ئەنجامدانی کاری مەزن.

8. لەسێ رێگەوە دەتوانین عەقڵ وەربگرین: یەکەم بە بیرکردنەوە و سەرنجدان، کە بنەڕەتیترین رێگەیە. دووەم، بە چاولێکەری، کە ئاسانترین رێگەیە و سەرەنجام بە ئەزموون کە تاڵترینی رێگەکانە.

9. گەر پێمبڵێی، لەبیرتدەکەم. گەر نیشانم دەی وەبیردەهێنمەوە. گەر تینم بۆ بێنی، تێدەگەم.

10. گەشتی هەزاران کیلۆمەتر بە هەنگاوی یەکەم دەستپێدەکات.

11. مرۆڤی پایەبەرز کەم دەدوێ و زۆر ئەنجامدەدات.

12. توانای ئێمە، هەرگیز لەتاقەتی ئەو چاوەڕوانییەدانییە کە لێی دەکەین.

13. لە بەورێک پتر، دەبێ لە حکومەتی ستەمکار بترسین.

14. بەبیرت بێت، گرنگ نییە بۆکوێ دەچی، هەر ئەوەندە پێت هەڵگرت، لەوێ خۆت دەبینییەوە.

15. ئەڵماسێک، تەنانەت درزیشی بردبێت، لە بەردێکی درزنەبردو باشترە.

16. ئەو کارەی حەزت لێیەتی، بیکە بە پیشە، تاکو ناچار نەبی بەدرێژایی تەمەن کاربکەیت.

17. ژیان و مەرگ لەپێشدا دیاریکراون. سامان و شانازی بەدەست خواوەندە.

18. هەموو شتێک جوانە، بەڵام هەموان ئەو جوانییە نابینن.

19. ئەو کەسەی فێردەبێت و بیرناکاتەوە گومڕایە، بەڵام ئەوەی بیردەکاتەوە و فێرنابێت لەمەترسییەکی گەورەدایە.

20. ئەوەی زیاد لەپێویست بدوێ، ئەستەمە بتوانێ قسەی باش بکات.

21. بەهەشت یانی ڕێکبوون لەگەڵ خودا.

22. گرفتم ئەوە نییە، کە خەڵکی تر بمناسن، گرفتم ئەوەیە کە تاچەند خوازیاری توانینم.

23. ئەگەر لەگەڵ دوو کەسی تر بەڕێدا بڕۆم، ئەوان دەبنە مامۆستای من. خاڵە باشەکانی یەکێکیان دەستنیشان دەکەم و چاوی لێدەکەم، خاڵە خراپەکانی ئەوی دیش دەستنیشان دەکەم و لەدەروونی خۆمدا

ڕاستیان دەکەمەوە.

24. ئەگەر ژیان نەناسین، چۆن دەتوانین مردن بناسین؟

25. گەر سەیری دڵت بکەیت و کەم و کوڕیی تێدا بەدی نەکەی، ئیدی بۆ نیگەرانی؟ بۆ دەترسی؟

26. ئەگەر تەقە لەئەستێرە بکەی و مانگ بپێکی، کێشە نییە، گرنگ ئەوەیە کە تەقە لە شتێک بکەیت. زۆر خەڵک هەن هەر تەقە ناکەن.

27. لەوڵاتێکدا کە بەڕێوەبردنێکی چاکی هەبێ، هەبوونی هەژاری مایەی شەرمەزارییە. لەوڵاتێکیشدا کە بەڕێوەبردنێکی خراپی هەیە، دەوڵەمەندی مایەی نەنگییە.

28. لەبری ئەوەی سەرقاڵی بەدەستهێنانی کارو پلەوپایە بن، با بیرتان لای شایستەبوون بۆ ئەو کارو بەرپرسێتییە بێت. نیگەرانی ئەوە مەبە کە نەناسراویت، کارێک بکە کە بتکاتە شایستەی ناساندن.

29. گرنگ نییە کە چەندە لەسەرخۆ هەنگاو دەنێیت، گرنگ ئەوەیە نەوەستی.

30. کینەگرتن ئاسان و خۆشویستن دژوارە. هەموو شتێک بەم چەشنەیە: ئەنجامدانی کاری باش قورس و ئەنجامدانی کاری خراپ سانایە.

31/ بێباوەڕی لە هاوڕێیان پتر لە فریوخواردن لێیان

مایەی نەنگییە.

32. بەراستی ژیان سادەیە، بەڵام ئەوە ئێمەین کە پێدادەگرین و ئاڵۆزی بکەین.

33. سەیرکەن مرۆڤ بۆ گەیشتن بە ویست و ئارەزوو و چێژەکانی دەستدەداتە ئەو هەموو کارە، ناتوانێ خۆی لەپەنای هیچ شتێکدا بشارێتەوە.

34. هەرگیز هاوڕێیەتیی کەسێک مەکە کە لەخۆت باشتر نییە.

35. هەرگیز شمشێر مەدەدەست کەسێک کە نازانێ سەما بکات.

36. هەرچەندی پێتوابێ سەرت قاڵە، بەڵام بۆ خوێندنەوە و هەڵپەساردنی فەرامۆشییێکی ویستراو دەبێ کات تەرخانبکەیت.

37. تەنها دەبەنگترین و ژیرترین مرۆڤەکانن کە لەگۆڕان نەهاتوون.

38. باوەڕ بێنە کە پیری شتێکی دڵگیرە، راستە مرۆڤ بەئەسپایی لەشانۆ وەدەردەنرێ، بەڵام دواتر جێیەکی ئاسوودەی لە ریزی پێشەوەی تەماشاچیان پێدەبەخشرێت.

39. شانازیی گەورە ئەوە نییە کە نەگلێین، بەڵکو ئەوەیە کە دوای هەر کەوتنێک هەستینەوە سەرپێ.

40. دانایی راستەقینەی هەر کەسێک، زانینی رادەی

نەزانییەکەیەتی.

41. هەق بڵێ، بەتووڕەیی زۆرەوە هاوار مەکە. ئەگەر شتێکی کەمیان لێ داواکردی بیبەخشە. بەوە سێ هەنگاوت بەرەو لای خواوەند هەڵێناوە.

42. سەرکەوتن پەیوەستە بە خۆئامادەکردنی بەرایی. دڵنیابە کە بەبێ ئەو خۆ ئامادەکردنە، شکستدێنی.

43. گەر دەتەوێ پێشبینیی ئایندە بکەی، بەرابردوودا بچۆرەوە.

44. دەبێ رێز لە کتێبفرۆش بگیرێت، چونکە سەرنجمان بۆ کتێبگەلێک رادەکێشێ، کە زیاتر لەهەموو شتێ پێویستمانن و زیاتر لەهەموو شتێکیش لێیان بێئاگاین.

45. هۆشمەند بەکەمی دەکەوێتە هەڵەوە.

46. سەرەنجامی ئەو چاوەڕوانییەی لەژیاندا هەمانە، پەیوەستە بە کۆششی خۆمان. ئەو وەستایەی کە بیەوێ کارەکەی بێخەوش بێ، دەبێ سەرەتا ئامێرەکانی تیژکاتەوە.

47. مرۆڤی پایەدار، خۆڕاگر، سادە و ساکار لە شکۆمەندی نزیکترە.

48. ئامانجی مرۆڤی شکۆمەند، گەیشتنە بەڕاستی.

49. هێزو توانای هەر گەلێک لە یەکێتیی نێو خێزانەوە سەرچاوە دەگرێت.

50. مرۆڤی پایەبەرز لە سنوربەندیی تواناکانی نیگەرانە، نیگەرانی ئەوە نییە کە نەبادا خەڵکانی تر پەی بە تواناکانی نەبەن.
51. مرۆڤە بژاردەکان هەمیشە بیر لە شکۆمەندی دەکەنەوە و رەشەخەڵکیش لەخەیاڵی ئاسایشدان.
52. مرۆڤی پایەبەرز تێدەگات، کە کام شت دروستە و مرۆڤی نزم دەزانێت کە کامە شت باش دەفرۆشرێت.
53. چەرخی بەخت، هەردەم لەخولانەوەدایە، داخۆ کێ دەتوانێ بڵێ من ئەمڕۆ لەهەموان باڵاترم.
54. هەڵەکردن گرنگ نییە، مەگەر ئەوەی هەمیشە وەبیر خۆیی بهێنیەوە.
55. ویستی بەدەستهێنان، خواستی سەرکەوتن و پێداگری لەسەر گەیشتن بەوپەڕی تواناکانی خود، ئەمانە کلیلن بۆ کردنەوەی دەرگای پایەبەرزیی مرۆڤ.
56. دەبێ جێگۆڕکێ بکەن، کێیە کە هەردەم خۆشبەختی، یان عەقڵی میوانە؟
57. زیادەڕۆیی باکەمیش بێت هەر خراپە.
58. دانایی، واتە بزانی کە هیچ نازانی. ئەمە مانای زانینی راستەقینەیە.
59. ئەگەر بزانین کارێک نادروستە و لەگەڵ ئەوەشدا ئەنجامی بدەین، ئەوپەڕی ترسنۆکییە.

60. سەیرکردن و گوێدانە کەسانی بەدکار، خۆی لەخۆیدا دەسپێکی بەدکارییە.
61. ئەنجامدانی پێنج کار لە هەموو هەلومەرجێکدا نیشانەی شکۆمەندیی تەواون: سەنگینی، روح سووکی، دڵسۆزی، چاکە و میهرەبانی.
62. شکۆمەندی هەرگیز تەنیا نامێنێتەوە، ئەوەی کە بەشکۆمەندی هەنگاو دەنێ، هاوڕێ و هاودەمی بۆ پەیدا دەبن.
63. هەرکاتێک پیاوانی مەزن کاری بچوکیان ئەنجامدا، بەکەساسی بەخۆدا دەچنەوە.
64. ئەو کارەی حەز ناکەی لەگەڵ تۆدا بکرێت، لەگەڵ خەڵکی مەکە.
65. لەکاتی هەڵچووندا بیر لە پاشهاتەکەی بکەوە.
66. کاتێک کە ئامانجەکەت رۆشن نییە، جێگۆڕکێ بە ئامانجەکەت مەکە، بەڵکو رێگای بەئامانج گەیشتن بگۆڕە.
67. ئەو کارەی بۆ خەڵکی دەکەی بەهەمان حەز ئەنجامیبدە کە بۆ خۆتی دەکەی.
68. کاتێ شتێک دەزانی پابەندی بەوەی کە نایزانی بزانە کە نایزانی، ئەوەیە دانایی.
69. هەر هەنگاوێک دەنێی، بە دڵ و بەگیان بینێ.
70. ناشێ کتێبێک بکەیتەوە و شتێکی لێ فێر نەبی.

# پێغەمبەری وڵاتی چین
# (کۆنفۆشیۆس)

ئـامادەکردنی: نـــاز ســـەعـــیـــد

زۆرن ئەو مرۆڤانەی، کە دێنە ئەم دونیایە و بۆماوەیەکی دیاریکراو دەمێننەوە وەکو جەستەی ماددییان، پاشان سەفەری یەکجاری دەکەن و ئەم جیهانە بەجێدەهێڵن، بەڵام ناو و ناوبانگ و گوتە و کار و نوسین و ڕێنماییەکانیان بە درێژایی چەندین ساڵ و سەدە و زەمەن لەنێو بیر و هزری خەڵکیدا دەمێننەوە و کاریگەری دیار و بەرچاویان دەبێت لە سەر ژیانی مرۆڤەکان بەگشتی و پەیڕەوان و شوێنکەوتوانیان بە تایبەتی. یەکێک لەو کەسایەتیانەش کە چەندین سەدە پێش ئێستا لەسەر ئەم زەمینە ژیاوە و دواتر کۆچی دوایی کردووە، بەڵام تا ئیستاش ناوی بەسەر زارانەوەیە و پەیڕەوکارانی ڕێبازەکەی لە چەندین شوێنی جیهاندا بەردەوامی بە ڕێگە و ڕێبازەکەی دەدەن، ئەویش (کۆنفۆشیۆس)ە، کە لە هەنێک شوێن بە پەیامبەری چینییەکان ناویدەبەن و ڕێبازەکەی (کۆنفوشینیزم)،

یاخود (ئایینی کۆنفوشیوسی) وەک ئایینی بەشێک لە خەڵکی چینی ئەژمار دەکرێت. ئێمە هەوڵدەدەین لەم بابەتەدا جەخت بخەینە سەر ژیانی ئەم مرۆڤە مەزنەو باس لە چۆنێتی بەسەربردنی ژیانی بکەین و دواتر باس لە بۆچونەکانی پاشان تیشک دەخەینە سەر ئەو ڕێگە و ڕێبازەی دایناوە بۆ پەیڕەوانی و دواتریش هەندێک لە گوتە و گوفتارە گرنگەکانی دەخەینە بەرچاو. بەو ئومێدەی سود و گرنگی خۆی هەبێت بۆ خوێنەرانی کورد.

**کۆنفۆشیۆس کێیە؟**

ناوی (کۆنفۆشیۆس)ە کە ناوەکەی لە دوو وشەی (Kung) و (Futuze) پێکهاتووە. یەکەمیان ناوی ئەو خێڵەیە کە تێیدا لەدایکبووە و سەر بەوانە، دووەمیان بە واتای مامۆستا، یاخود سەرکردە یان فەیلەسوف دێت. ساڵی (551پ.ز)لە شاری (تیسوو) و سەربە ویلایەتی

(لوو)ی چینی لە خێزانێکی ناودار و خانەدان هاتۆتە دونیاوە. باپیری والیی ئەو ویلایەتە بووە و باوکیشی ئەفسەری سەربازی دەریایی بووە.

### ژیـــانـــی کۆنفۆشیۆس

کۆنفۆشیۆس بیرمەند و فەیلەسوف و دانا و مامۆستایەکی بەناوبانگی چینی بووە و سەر بە خانەوادەیەکی ناودار و دەسەڵاتدار بووە و لەنێوان دوو چینی کۆمەڵایەتی ئەرستۆکراتی و چینی خەڵکی ئاسایدا ژیاوە و گەورەبووە. لە تەمەنی 3 ساڵاندا بووە، کە باوکی کۆچی دوایی کردووە و بەبێ سەرپەرشتی باوک گەورە بووە و ژیانی سەختیی و زەحمەتیی زۆری تێدابووە، بۆیە ناچاربووە کە خۆی کاربکات، هەر لە سەرەتاکانی تەمەنییەوە و بە بچوکی دەستی بە کاری شوانی کردووە. کاری جۆراوجۆری تریشی کردووە، وەکو خۆیشی ئاماژەی پێکردووە لە زۆر بواری جۆراوجۆری حکومیدا کاریکردووە، هەروەها کاری ژمێریاری و پاسەوانیشی کردووە.

لە تەمەنێکی بچوکدا و پێش 20 ساڵی

ژیانی هاوسەری پێکهێناوە و کوڕێکیان بووە، دواتریش دوو کچیان بووە کە دوانە بوون، بەڵام یەکێکیان هەر بە بچوکی کۆچی دوایی کردووە، بەڵام پاش تەنها 2 ساڵ هاوسەرەکەی لێی جیابۆتەوە، هەروەها کۆنفۆشیۆس خۆی لە تەمەنی 23 ساڵیدا بووە کاتێک دایکی کۆچی دوایی کردووە و ئەم کۆچکردنەی دایکی کاریگەری زۆری هەبووە لەسەری و زۆر پێی غەمبار و دڵتەنگ بووە و تا 3 ساڵ ماتەمینی بۆ گێڕاوە وەک خۆی باسی لێوە کردووە.

## ئیلهام و پەیامبەرداری کۆنفۆشیۆس

بیروڕای جیاواز هەیە لەسەر ئەوەی کە ئایا کۆنفۆشیۆس پەیامبەر و خاوەن پەیامی ئاسمانی بووە وەک پێغەمبەرانی دیکەی ئاینە ئاسمانییەکان یاخود نا، بەڵام ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە کرۆک و ناوەڕۆکی ڕێبازو فەلسەفەکەی هاوتایە لەگەڵ تەواوی پەیامە بەرز و پیرۆزە ئاسمانی و زەمینییەکان و ئەو وتە بەرزو مەزنانەشی لە ئیلهامەوە نزیکترن، تا ئەوەی وتەی مرۆڤی ئاسایی بن. ئاشکرایە کە بە پەروەردەی نەفسی خودی خۆی و بە هەوڵ و ماندووبونی زۆری

خۆی گەیشتوە بەو پلە و مەقامە مەزنەی دوای چەندین سەدەش و تائیستاش ناوی بەسەر زارانەوەیە و لە لایەن نوسەران و لێکۆڵەرانەوە گرنگی و بایەخی تایبەت بە ژیان و بەرهەم و فەلسەفە و ڕێبازەکەی دەدرێت.

ئەوەی جێگەی ئاماژەیە ئەوەیە کە خۆی باسیدەکات و دەڵێت: کاتێک تەمەنم پازدە ساڵان بوو خۆمم ڕاهێنابوو لەسەر خوێندنەوە و تێڕامان، کاتێک گەیشتمە سییەکانی تەمەنم زانیارییەکانم بەهێزبوون، کە بووم بە چل ساڵ گومانەکانم ڕەوینەوە، لە پەنجادا ئیرادەی ئاسمانی دەرکەوت، لە شەستدا ئامادەبووم بۆ وەرگرتن و گرنگیپێدانی، لە حەفتا ساڵیمدا گوێڕایەڵی و ئیرادەی دڵم بەدەستهێنا بەبێ هیچ لادانێک لە هەق و ڕاستی.

ڕەنگە بتوانرێت ئەم وتانەی خۆی بکرێنە بەڵگەی ئەوەی کە ئەو خاوەن ئیلهامێکی تایبەتی ئاسمانی بووە، یاخود پەیامی ئیلاهی پێدراوە بۆ ڕێنوێنیکردنی خۆی و کەسانی تر وەک هەرخاوەن پەیام و بەرنامەیەکی تری ئاسمانی. هەربۆیەش لە کۆڕێکی ناو موریدەکانیدا جارێک دەڵێت هیچ کەسێک نییە من بناسێت، کەسێک

لێی دەپرسێت هۆکاری ئەوە چییە؟ لە وەڵامدا دەڵێت: من گلەی و گازاندەم نییە لە دژی دروشمەکان، هەرگیز لۆمەی کەسیش ناکەم، بە خوێندنەوە و دیراسەی خۆم (گەرچی سادە و ساکاریش بن) بە بەرزترین پلەکان دەگەم و لە هەموویشی گرنگتر ئەوەیە کە من لەلایەن ئاسمانەوە ناسراوم.

هەروەها وەسفی خۆی دەکات بەوەی کە ئەو تەنها گوێزەرەوەیە و داهێنەر نییە. لە ووتە و پەندەکانیدا باسی ئاسمان کراوە و هەندێک جار وەک پەرستراوی سەرەکی چینی باسی لێوەکراوە. خودی خۆیشی بڕوای وابووە، کە ئاسمان پشتیوانی ئەوە و هەرگیز دەستبەرداری نابێت. جارێک لە گفتوگۆیەکدا کە ئینکاری لەگەڵ کراوە و بڕوایان پێی نەکردووە و لێی تێنەگەیشتوون، ئەویش وتویەتی من ئاسمان لێم تێدەگات، هەمیشە موژدەدەر و ڕێنمایی کاران کەسانی نامۆ و غەریبن و خەڵکی بە سانایی لێیان تێناگەن.

ئەوەیش وتراوە کە کۆنفۆشیۆس لەپێناو گەیاندنی بیروبۆچوون و پەیامە مەزنەکەیدا زۆربەی کات لە سەفەر و گەڕاندا بووە بە شار

و شارۆچکەکاندا و لە هەندێک شوێن پەیڕەوان و شوێنکەوتەی زۆری هەبووە و لە هەندێک شوێنی تر کەمتر، هەندێکجاریش دژایەتی کراوە و دورخراوەتەوە، بەڵام ئەو بەردەوام بووە لە سەفەرەکانی سەردانی وویلایەتە جیاوازەکانی چینی کردووە و هەندێک جار لەلایەن حاکم و دەسەڵاتدارانی ویلایەتەکانەوە پێشوازی و پشتگیری باشی لێکراوە و ڕێزی زۆری لێگیراوە، و گەلێک جار تا ئەو ڕادەیە بڕوا و متمانەیان پێی هەبووە، کە پلە و پۆستی حکومی گەورەیان پێداوە لەوانەش وەزارەتی دادی پێدراوە لە لایەن حاکمی یەکێک لە ویلایەتەکانەوە.

لەمانەوە دەگەینە ئەوەی کە ئەگەری ئەوە هەیە، کە ئەو قسەیە تەواو بێت کە کۆنفۆشیۆس پەیامبەرێک بووە و پەیامی ئاسمانی بۆ چینییەکان هێناوە، ئەگەر بە تەواویش ئەوە ڕوونەبوبێتەوە کە لە دەستەی پێغەمبەران و پەیامبەران بوبێت، ئەوا دەکرێت بووترێت لەو کەسە تایبەتانە بووە کە خاوەن پلەیەکی مەزن و باڵابووە و ئیلهامی تایبەتی پێدراوە و ڕێنمایندە و مامۆستا و فێرکارێکی گرنگ و کاریگەربووە بۆ سەردەمی خۆی و نەوەکانی،

دواتریش بەگشتی و بۆ پەیڕەوانی ڕێگە و ڕێبازەکەی بەتایبەتی.

### فەلسەفە و ڕێبازی کۆنفۆشیۆس (کۆنفۆشینیزم)

زۆربەی نوسەران و لێکۆلەران پێیانوایە کە کۆنفۆشیۆس یەکێکە لە دامەزرێنەرانی ڕێبازی ئایینی و هەندێکیش بە (پێغەمبەری چینییەکان) ناویدەبەن، بەڵام هەندێکی تر پێیانوایە کە ڕێبازەکەی کۆنفۆشیۆس، هیچ پەیوەندی بە ئایینەوە نییە و هەرگیز باسی پەیامی ئاسمانی و خوداوەندی نەکردووە، بەڵکو ڕێگە و ڕێبازێکی تایبەتی هەبووە، کە جەختی کردۆتەوە لەسەر ڕەوشتی تاکەکەس و ڕێگەی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و سیاسی لە کۆمەڵگەدا. لە مەزهەب و ڕێبازەکەیدا کۆنفۆشیۆس جەختی کردۆتە سەر زۆر شتی گرنگ کە زۆرینەی ڕێباز و مەزهەبە ئاسمانی و زەمینییەکانیش گرنگییان پێداون. لەوانەش کۆنفۆشیۆس زۆر جەخت دەکاتەوە لەسەر (موحیبەت و خۆشەویستی خەڵکی و جوان مامەڵەکردن لەگەڵ یەکتری و نەرم و نیانی لە وتار و گوفتار و ڕەفتاردا)، گرنگی زۆر دەدات بە خاوێنی دەست و زمان،

کە مەبەستی لەوەیە پێویستە مرۆڤ دەست و زمانی پاک بێت و هەرگیز کردار و گوفتاری ناشیرین بەکارنەهێنێت و زیان بە بەرامبەر نەگەیەنێت لە ڕێگەی دەست و زمانییەوە، هەروەها جەخت لەسەر ڕێزگرتنی کەسانی بەساڵاچوو دەکاتەوە، هەروەها کەسانی خاوەن پایەی بەرزی کۆمەڵایەتی. لەهەمانکاتدا گرنگی زۆر دەدات بە خێزان و ڕێز و موحیبەتی ئەندامانی خێزان. ئاشکرایە ئەم بنەما گرنگانەی کۆنفۆشیۆس جەختی لەسەر کردونەتەوە هەموویان مایەی گرنگیپێدانن لەلایەن هەموو ڕێگە و ڕێباز و مەزهەبە ئاینی و ئاسمانی و زەمینییەکانەوە، هەروەهاش بۆ بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی تەندروست، پێویست و جێگەی بایەخن.

لەلایەکی دیکەشەوە کۆنفۆشیۆس بە توندی دژی زوڵم ستەم بووە و جەختی لەوە کردۆتەوە کە پێویستە مرۆڤ خۆی بپارێزێت لە زوڵم و ستەم و ئازارو زیان گەیاندن بە کەسانی دیکە و جەختی لەو وتە کردۆتەوە، کە دەڵێت ( ئەوەی بۆ خۆت پێت خۆشە بۆ خەڵکیش پێت خۆش بێت)، ئەم وتەیەی کردبووە بنەمای

ڕەفتار و گوفتارەکانی خۆی و پەیڕەوکارانی ڕێبازەکەی هاندەدا بۆ پەیڕەوکردن لەسەر ئەو بنەما جوانە. پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین، کە کۆنفۆشیۆس جەختێکی زۆر زۆری کردۆتەوە لەسەر دوو بنەمای مۆراڵی گرنگ، ئەوانیش بە زمانی چینی پێیان ووتراوە (جن) و (لی)، کە پێیوابووە مرۆڤی نمونەی ژیانی بە پەیڕەوی ئەو دوو بنەمایە بەڕێوەدەبات، کە یەکەمیان بە مانای خۆشەویستی و موحیبەت دێت، واتە پێویستە موحیبەت و گرنگیپێدانمان هەبێت بۆ هەموو کائینێکی مرۆیی و بە کەسی خۆمانیان ئەژماربکەین. دووەمیشیان بە واتای هەندێک لە ڕەفتار و سروت و ڕەوشتی جوان دێت، کە پێویستە پەیڕەوبکرێن لەپێناو بەدیهێنانی ژیانێکی جوان و ئارامدا بۆ تاکەکەس و کۆمەڵگە.

سەبارەت بە حکومەت و دەسەڵاتیش کۆنفۆشیۆس بڕوای وابووە کە حکومەت بۆ خزمەتی گەل هاتۆتە بوون نەک بەپێچەوانەوە و پێویستە حکومەت هەوڵی دابینکردنی خۆشبەختی و ژیانێکی باش و ئارام بدات بۆ هاووڵاتیانی و کەسی حاکم و دەسەڵاتدار پێویستە کەسێکی پاک و خاوەن بنەما ئەخلاقییە جوانەکان بێت

و خاوەن حیکمەت و دانایی بێت. لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت: حیکمەت و دانایی لەناو ماڵ و لە خێزانەوە دەستپێدەکات و تاکەکەس بناغەی کۆمەڵگەیە، بەڵام تاکێک کە پەروەردەکرابێت بە پەروەردەیەکی ڕێکوپێک لەناو خێزانێکی خاوەن بنەمای ڕاست و دروستدا. گەرچی ڕەشبین بووە لە ژیان لە کۆمەڵگەی سەردەمی خۆیدا و وتویەتی کە چەرخی زێڕینی مرۆڤایەتی بەسەرچووە و پێش ئێمە و لە ڕابردوودا بووە، بۆیە زۆر بە پەرۆش و گرنگییەوە باسی ڕابردووی زێڕینی کردووە و هانی خەڵکی داوە کە وەک ژیانی ڕابردوو بژین و هەوڵبدەن لەو شێوازە ژیانەی ڕابردوو سود وەربگرن، بەهۆی ئەم بیروبۆچونەشیەوە زۆربەی کاربەدەستانی سەردەمی خۆی دژی وەستاونەتەوە و هاوڕا نەبوون لەگەڵیدا، دوای کۆچی خۆیشی ئەم دژایەتییانە زۆر زیاتر بوون، تا گەیشتە ئەو ڕادەیەی یەکێک لە سەرکردەکانی چین بڕیاری سوتاندنی کتێب و نوسراوەکانی کۆنفۆشیۆسی دا و بڕیاری قەدەغەکردنی پەیڕەوکردنی ڕێبازەکەی و فێرکارییەکانی دەرکرد. چونکە پێیوابوو بیروبۆچونەکانی ڕەشبینانەن و

نەهامەتی بۆ خەڵکی دەهێنن، ئەگەر بێتوو هەر بیر لە ڕابـردوو بکەنەوە ناتوانن بۆ داهاتوو هەنگاوبنێن و داهێنان بکەن و گەشە بە خۆیان و کۆمەڵگە بدەن، لەکاتێکدا پێویستە خەڵکی بۆ داهاتوو بڕوانێت و ئاوڕ لە ڕابردوو نەداتەوە... لەگەڵ ئەو بۆچوونە پێچەوانانە و ئەو هەموو دژایەتیەش کە کراوە بەرامبەر بە کۆنفۆشیۆس و بیرو بـۆچـوون وڕێـبازەکـەی کەچی وەک دەوترێت نزیکەی 20 سەدە فەلسەفە و ڕێبازی کۆنفۆشیۆس حوکمی چینی کردووە و لەلایەن زۆرینەی خەڵکییەوە شوێنکەوتە و پەیڕەوکاری هەبووە، بەتایبەت هەتا کۆتاییەکانی سەدەی نـۆزدە. ئەو ڕاستییە ئاشکرایە کە فەلسەفە و ڕێبازی کۆنفۆشیۆس ئاشتی و ئارامیی ناوەکیی بۆ خەڵکی چینی بەدیهێنابوو بە درێژایی (20) سەدە، بەڵام لەدوای سەدەی 19 و لە ئێستاشدا کۆنفۆشیۆس و ڕێباز و فەلسەفەکەی بەرەو لـەنـاوچوون و بیرچوونەوە چـوون، ئـەوەش بەهۆی زاڵبوونی دەسەڵات و بیری کۆمۆنیزم لـە چیندا کـە بـە ئاشکرا دژایـەتـی بـەرچـاوی کۆنفۆشیۆس و ڕێبازەکەی دەکـات، بەمەش وردەوردە ئەو مامۆستا و فەیلەسوف و زانا

مەزنە و ڕێبازەکەی کە لەسەر بناغەی موحیبەت و پاکی داڕێژرابوو، لە هزری چینییەکان و خەڵکی تریشدا سڕایەوە و دوای ئەوە کەسانێک هاتونەتە بوون کە بیر لە موحیبەت و مرۆڤایەتی ناکەنەوە تەنها گرنگی بە بازرگانی و مادیات دەدەن، لە وڵاتێکدا کە مرۆڤێکی مەزنی وەک کۆنفۆشیۆس تێیدا هاتە دونیاوە.

### ڕێگەی مرۆڤ بەرەو پلەی بالآیی بەپێی ڕێبازی کۆنفۆشیۆس

کونفۆشیوس پێیوابووە مرۆڤ پێویستە هەنگاو بنێت بەرەو پلەی باڵابوون و گەیشتن بە لوتکەی بەرزی مرۆڤبوون. ئەو پێیوابووە پلەی حیکمەت و دانایی لە یەکەم هەنگاودا لە ناوماڵ و خێزانەوە دەستپێدەکات و بناغەی هەر کۆمەڵگەیەکیش تاکاکەسەکانن، ئەو تاکانەی کە بە شێوازێکی ڕێکوپێک لەناو خێزانێکی باشدا پەروەردەکرابن. بڕوای وایە کە مرۆڤ لەسەریەتی خۆی ڕۆشنبیر بکات و پێی وایە گەشەکردن و پلە باڵای تاک بناغەیە بۆ گەشەکردنی کۆمەڵگە. مرۆڤی نمونەیی بە تێڕوانینی ئەو بریتییە لەو کەسەی کە فەلسەفە

و پیرۆزی تێدابێت و بەهۆی ئەم دوو شتەوە بوبێت بە کەسێکی دانا. مرۆڤی کامڵ لە ڕوانگەی ئەوەوە ئەو کەسەیە کە پێویستە خاوەنی سێ سیفەت بێت. ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەو 3 سیفەتە کە کونفۆشیۆس باسیکردوون بەبڕوای هەریەکە لە (سوکرات، نیتچە، عیسای مەسیح) یش سێ سیفەتی سەرەکین بۆ مرۆڤی کامڵ. ئەو سیفەتانەش بریتین لە (زیرەکی – ئازایەتی- خۆشویستنی چاکە). لەم بارەوە کۆنفۆشیۆس دەڵێت: مرۆڤی باڵا دەترسێت لەوەی، کە نەگاتە هەقیقەت، و لەوە ناترسێت توشی هەژاری ببێت. و خاوەن هزرێکی فراوانە. ئەو تەنها مرۆڤێکی زیرەک نییە و بەس، تەنها فێرخوازێکی ڕێگەی زانست و زانیاری نییە و بەس، بەڵکو ئەو خاوەنی ڕەوشت و زیرەکییە، کاتێکیش پێکەوە خاوەن ئەم سیفەتانە بوو، ئەوکات دەبێتە مرۆڤێکی کامڵی خاوەن فەزیلەت. ئەو دەڵێت، زیرەکی دەبێتە هۆی چەسپاندنی پێیەکانی لەسەر زەوی و پابەندبوونی بە ڕەوشتی باش و دڵسۆزی. ئەو کاردەکات پێش ئەوەی قسە بکات، پاشان دێتە گۆ دەربارەی ئەو کارانەی ئەنجامیاندەدات. هەروەک لە هونەری

نیشانەپێکاندا هەمان نمونەی ڕێگەی مرۆڤی باڵا هەیە، وەک ئەوەی کە کەسی تیرهاوێژ ئەگەر نیشانەکەی نەپێکا دەگەڕێتەوە بۆ نەفسی خۆی بۆ دۆزینەوەی هۆکاری شکستەکەی. ئەوەی مرۆڤی مەزن و باڵا بۆی دەگەڕێت لە ناو ناخی خۆیدایە: بەڵام مرۆڤی نەفام و خراپ لە کەسانی تردا بۆی دەگەڕێت. مرۆڤی مەزن غەمبار دەبێت بەوەی کە بەتەواوی کارێکی بۆ ئەنجام نەدرێت، هەرگیز بەوە غەم ناخوات کە خەڵکی نایناسن و ناوبانگی نییە، لەگەڵ ئەوەشدا رقی لەوەیە کە دوای خۆی ناوی چاکی نەمێنێت. ئەو کەسێکە کە زۆر سادە و ساکارە لە وتە و گفتوگۆدا، بەڵام زۆر سەرکەوتووە لە کار و کردەوەکانیدا. کاتێک گفتوگۆدەکات هیچ گومان و دودڵییەکی نییە، ناتوانرێت سەرزەنشتی بکرێت لە کارەکانیدا چونکە ئەوەی ئەو ئەنجامی دەدات جگە لەو کەسانی دیکە توانای ئەنجامدانیان نییە، ئەو هەمیشە هەوڵی ڕاگرتنی باڵانس دەدات لەنێوان گوفتار و ڕەفتارەکانیدا، واتە هەرگیز نایەوێت بە قسە شتێک بڵێت، کە نەتوانێت بە کردەوە ئەنجامیبدات، یاخود هەرگیز کردارەکانی پێچەوانەی گوفتارەکانی نین. هەمیشە ڕێگەی

ناوەندگیری هەڵدەبژێرێت لە هەموو شتێکدا. ئەو شتانەی بەزۆری کاردەکەنە سەر خەڵکی بۆ ئەو بەو جۆرە کاریگەر نین، ملکەچی هەیە بۆ یاسا و ڕێساکان، ئەگەر پێویستبێت سروشتی خۆی دەگۆڕێت بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو پێشهاتانەی ڕووبەڕووی دەبنەوە، واتە کەسێکی بەهێز و خۆگونجێنە و تەسلیم بە ڕووداوەکان نابێت، هەروەها مرۆڤی مەزن و باڵا بە شێوەیەک دەجوڵێت کە جوڵەکانی دەبنە ڕێگەی گشتی بۆ نەوەکانی داهاتوو. ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی وەک یاسای گشتی پەیڕەودەکرێن لەلایەن جیلەکانی ترەوە، گفتوگۆدەکات بەشێوەیەک کە وتەکانی دەبنە پێوەری گشتی بۆ نەوەکانی دوای خۆی.

## کتێبی فێرکارییەکانی کۆنفۆشیۆس

کتێبی فێرکارییەکانی کۆنفۆشیۆس کە بە (ئینجیلی کۆنفۆشیۆس) ناوبراوە بریتییە لە تۆماری وتە و گوفتارەکانی بیرمەند و فەیلەسوفی چینی کۆنفۆشیۆس و فێرخواز و موریدەکانی، هەروەها گفتوگۆ و مناقەشەی نێوان خۆی و مورید و شوێنکەوتووەکانی کە

تا ئێستا رۆڵ و کاریگەری زۆری هەیە لەسەر ڕەفتار و گوفتار و هەڵسوکەوتی خەڵکانی چینی بەتایبەت شوێنکەوتوانی ڕێبازەکەی. ئەم کتێبە لەرووی مێژووی و فەلسەفی و هزرییەوە بە کتێبێکی گرنگ دادەنرێت و وەرگێڕراوە بۆ زۆربەی زمانە زیندووەکانی جیهان و لە سییەکانی سەدەی بیستەمیشدا لەلایەن کەسێک بەناوی (ما جیان)ەوە وەرگێڕدرا بۆ سەر زمانی عەرەبی، کە ئەو کەسە فێرخوازی زانکۆی ئەزهەر بوو لە قاهیرەی پایتەختی میسر و بە (محەمەد ماکینی چینی) ناسرا.

## هەندێک لە وتەکانی کۆنفۆشیۆس

• فێرکاری بەبێ بیرکردنەوە، بەفیڕۆدانی کاتە، بەڵام بیرکردنەوە بەبێ زانست شتێکی مەترسیدارە.

• هەموو کارێکی سەرکەوتوو بەهۆی ئەوەوەیە کە کەسێکی سەرکەوتوو ئەنجامیداوە.

• ئەو کەسەی بەبێ تەوازوع قسە و گفتوگۆ بکات، توشی زەحمەت دەبێت لەوەی کە وشەکانی ببیسترێن، واتە بەزەحمەت کەسانێکی دەستدەکەوێت کە گوێی بۆ بگرن.

• کەسانی وشیار و بەئاگا زۆر بە دەگمەن توشی هەڵە دەبن.

• بێدەنگی تاکە هاوڕێیە کە هەرگیز خیانەتت لێناکات.

• مرۆڤی مەزن، گەورەییەکەی لە ناخی خۆی و لە کار و کردەوەکانییەوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵام مرۆڤی بێبەها و پلەنزم لە بنەچە و بنەماڵە و کەس و کاریدا بۆ گەورەیی و مەزنی خۆی دەگەڕێت.

• لە سایەی حکومەتی باشدا هەژاری عەیبەیە، چونکە حکومەت هۆکاری کار و کاسبی ڕەخساندووە بۆ گەل، ئەوەی هەژاربێت خۆی تەمبەڵە، بەڵام لە سایەی حکومەتی خراپدا دەوڵەمەندی عەیبەیە.

• زانیاری ڕاستەقینە ئەوەیە مرۆڤ ڕادەی ئەو نەزانییە بزانێت کە هەیەتی.

• ئەگەر پلانت بۆ 1 ساڵ هەیە، ئەوا برنج بچێنە، ئەگەر پلانت بۆ 10 ساڵ هەیە، ئەوا درەخت بڕوێنە، ئەگەریش پلانت بۆ 100 ساڵ هەیە، ئەوا پەروەردەی نەوەی نوێ بکە.

• مرۆڤ 3 ناوی هەیە، ناوێک کە لە

بنەماڵەکەیەوە وەریگرتووە، ناوێک کە دایک و باوکی لێیاننناوە، ناوێکیش کە خۆی بۆ خودی خۆی دروستیدەکات.

• گرنگ نییە گەر لەسەر ڕەوتی ڕێگەکەت بە هێواشیی بڕۆیت، ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە بەردەوامبیت لە ڕۆیشتن و هەرگیز نەوەستیت.

•کار و پیشەیەک بۆخۆت هەڵبژێرە، کە حەزت لێیبێت و خۆشتبوێت، ئیدی هەرگیز یەک ڕۆژ ناچیت بۆ کار لە ژیانتدا.

• مرۆڤی خاوێن و مەزن سادەیە لە گفتوگۆ و وتەکانیدا و بەهێز و جەسوورە لە کردارەکانیدا، بەڵام مرۆڤی نزم و نارێک و خراپ، وتە و قسەکانی گەورە و قەبەن، بەڵام کار و کردەوەکانی زۆر بچوک و سادەن.

• ئەگەر سەرکردە پاک و چاک بێت، کێ جورئەتی ئەوەی هەیە گەندەڵی بکات؟

• ئەو مرۆڤەی هەڵەکەی ڕاستنەکاتەوە، هەڵەی تر بەدوایدا ئەنجامدەدات.

• سەرەڕای سەرقاڵی زۆریشت پێویستە کات بۆ خوێندنەوە دابنێیت، گەرنا دەکەویتە ناو نەزانییەکەوە کە خۆت هۆکارەکە بویت.

• مەزنی و ئازایەتی ئەوە نییە، کە هەرگیز نەکەوتبیت، گەورەیی ئەوەیە هەرجارێک کە کەوتیت سەرلەنوێ هەستیتەوە.

• بۆ بەختەوەربوون دوو بنەمای ئەزەلی هەیە ئەوانیش : پاکی و سادەیی.

• ویـژدان نورێکە بۆ جیاکردنەوەی خێر و شەڕ لەیەکدی.

• لە جێی نەفرەتکردن لە تاریکی، مۆمێک دابگیرسێنە.

• ئەو بازرگانەی هەموو سەروەتەکەی لەژێر زەویدا دەشارێتەوە هیچی زیاتر نییە لە کەسێکی هەژار و نەدار.

**سەرچاوەکان**


1. https://en.wikipedia.org/wiki/Confucius
2. http://www.saaid.net/feraq/mthahb/83.htm
3. http://mashaheer.d1g.com/forum/show/3676994
4. http://www.hekams.com/
5. http://www.biography.com/people/confucius

# کۆنفۆشیۆس

**لە فارسییەوە: ئارام مەحمود ئەحمەد**

کۆنفۆشیۆس ساڵی 551 پ.ز لە ویلایەتی (لو)، کە ئەمڕۆ بەشێکە لە شاری نوێی (شاندونگ) لەدایکبووە و ساڵی 479 پ.ز کۆچی دوایی کردووە. لە منداڵیدا باوانی نەماون و بە ناوی (کونگ-کویی) ناویاننناوە. کۆنفۆشیۆس لە وشەت لاتینی (کومگ فوزی) بە واتای (مامۆستای گەورە، کونگ) وەرگیراوە.

یەکەم ژیاننامەی کۆنفۆشیۆس 375 ساڵ دوای مردنی لەلایەن (سوماچین)ی مێژوونووسی متمانە پێنەکراوەوە نوسراوە. لە ماوەی ئەوساڵانەدا دوای مردنی، لەبەرئەوەی کەسێکی بەناوبانگ و بەرجەستە بوو زۆر ئەفسانە لەبارەیەوە گێڕدراونەتەوە، لەسەر ئەو بنەمایە (سوماچین) زانیاری کۆکردووەتەوە.

بەپێی ئەفسانە چینییەکان لەدایکبوونی کۆنفۆشیۆس لەکاتێکی دیاریکراودا لەلایەن تارماییەکانەوە هەوڵەکەی دراوە. کۆنفۆشیۆس لە سەدەی شەشەمی پ.ز لەدایکبووەو لەو سەردەمدا ئاینی (بوزی، جاین، زەردەشتی) دەرکەوتوون. وەک گێڕدراوەتەوە لە کاتی لەدایکبوونی کۆنفۆشیۆسدا ژمارەیەک ئەژدیها

پاریزگاریان لەو ئەشکەوتە کردووە، کە کۆنفۆشیۆس تێیدا لەدایکبووە و کۆمەڵێک ژنی وەک فریشتە فەزای ئەشکەوتەکەیان بۆنخۆش کردووە. وتراوە لەکاتی لەدایکبوونیدا پشتێکی هاوشێوەی ئەژدیها و لێوێکی وەک مانگا و دەمێکی وەک دەریای هەبووە و ناوی (کونگ فوتزە، واتە مامۆستای زانا) بووە. لەکاتی لەدایکبوونیدا باوکی تەمەنی 70 ساڵ بووەو تەمەنی سێ ساڵ بووە باوکی مردووە. دایکی ناردویەتی بۆ بەرخوێندن و لە منداڵییەوە پێگەی داهاتووی کۆنفۆشیۆس دیاریکراوە. لە گەنجیدا میوزیک و هاویشتنی تیری وەک مامۆستایەک فێربووەو سێ ساڵ گیای خواردووە. لە تەمەنی 19 ساڵیدا هاوسەرگیری کردووەو لە تەمەنی 23 ساڵیدا هاوسەرەکەی جێهێشتووە. لە تەمەنی 22 ساڵیدا بووە بە مامۆستا و ماڵەکەی خۆی کردووە بە خوێندنگە بۆ خوێندکارەکانی و پارەیەکی کەمی لێوەرگرتوون. بەرنامەی وانەوتنەوەکانی بریتی بوون لە مێژوو، هۆنراوە و ئاینی بەڕێوەبردنی خەڵک. خۆی وتویەتی، کە هۆنراوە سروشتی مرۆڤ دروستدەکات

و میوزیک سروشت تەواودەکات و مێژوو سەرجەم رابوردوو باسدەکات و خۆی وتویەتی، کە من رابوردوو دەخەمەڕوو.

بە وتەی کۆنفۆشیۆس، کەسێک موشتاق نەبێت بە حەقیقەت ناگات و هیچ کەسێک ناتوانێت لە خۆیەوە خوێندنەوە بۆ فەلسەفەی خەڵکی بکات، ئەگەر پێشتر هزری خۆی پەروەردە نەکردبێت. سەرەتا کۆنفۆشیۆس چەند خوێندکارێک زیاتری نەبووە، بەڵام دواتر خەڵکی بۆیان دەرکەوتووە، کە بیرێکی قوڵی هەیە.

3000 گەنجی پەروەردەکردووە، کە سەرجەمیان پۆستی باڵایان بەدەستهێناوە و 70 خوێندکاری بەردەوام لەگەڵیدا بوون، لەگەڵ ئەوەی توندبووە، بەڵام ژمارەیەک لە خوێندکارەکانی وەک منداڵی خۆی خۆشویستووە. خوێندکارە تەمبەڵەکانی خۆش نەویستووە و لێیان دوورکەوتووەتەوە.

ئەو وێنەیەی بۆ کۆنفۆشیۆس دروستکراوە لەکۆتایی تەمەنیدایە، کە سەری کەچەڵە و روخسارێکی چرچی هەیە، بەڵام دڵنیایی تێدا دەخوێندرێتەوە. لە سەفەرێکدا جارێک لە

خوێندکارەکانی دوورکەوتووەتەوەو کاتێک بۆ کاتی ڕۆیشتنی لە کەسێک پرسیاریان کردووە، لە وەڵامدا وتویەتی «من ئەوم بینیوە، ڕوخسارێکی وەک سەگی بەرەڵاو هاوشێوەی دێو بووە.» کاتێک ئەو وتەیەیان بۆ کۆنفۆشیۆس گێڕاوەتەوە، وتویەتی «زۆر باشە زۆر باشە.»

کۆنفۆشیۆس مامۆستایەکی کۆنەپەرست بووەو سنوری مامۆستاو خوێندکاری لەبەرچاو گرتووەو بەخۆیدا هەڵوتووە و وتویەتی «ئەگەر کەسێک بۆ 12 مانگ منی لابم، کارێکی گرنگی بۆ ئەنجام دەدەم و ئەگەر 3 مانگیش لەگەڵیدا بم حکومەتەکی بۆ کامڵ دەکەم. نەیوتووە، کە دانایی هەیە، بەڵام وتویەتی من گوێزەرەوەی وتەی (خاقان)ەکانی رابوردووم. ئارەزووی ئەوەی کردووە، کە پلە و پایەی هەبێت، بەڵام بۆ بەدەستهێنانی پەنای بۆ سازش و تێپەڕین لە شەرەف نەبردووە. زۆر پۆستی حکومیان بۆ پێشنیار کردووە، بەڵام لەبەرئەوە ئەوانەی ئەو پۆستانەیان پێ پێشنیارکردووە بە لێهاتووی نەزانیون، پەسەندی نەکردوون. ئامۆژگاری خوێندکارەکانی کردووە، کە مرۆڤ پێویستە بە

خۆی بڵێت ترسم لەوە نییە، کە هیچ پلەیەکم نەبێت. ترسی من لەوەیە بۆ هەبوونی پۆست شایستە بم. باکم نییە کە بەناوبانگ نیم، خوازیاری ئەوەم کە شایانی ناوبانگ بم.

کۆنفۆشیۆس لەگەڵ خوێندکارەکانی بە چیایەکدا ڕۆیشتووەو پیرێژنێکی بینیوە، کە لە تەنیشت گۆڕێک گریاوە، بە خوێندکارەکانی وتووە لەبارەی هۆکاری گریانەکەیەوە پرسیاری لێبکەن. پیرەژنەکە وتویەتی، لێرەدا پڵنگێک باوکی هاوسەرەکەم و هاوسەرەکەم و کوڕەکەمی کوشتووە. کۆنفۆشیۆس وتویەتی، کەواتە بۆچی لێرە ناڕۆیت. ژنەکە وتویەتی «لێرە مرۆڤی ستەمکار بوونی نییە.»

کۆنفۆشیۆس وتویەتی «کوڕەکانم ئەمەتان لەیادبێت، کە حکومەتی ستەمکار لە پڵنگ خراپترە.»

بەپێی گێڕانەوەی یەکێک لە (خاقان)ەکانی چین بە ناوی (چی) بانگیکردووە بۆ دەرباری خۆی و لەبارەی حکومەتەوە وتویەتی «حکومەت ئەو کاتە باشە، کە ئەمیر، ئەمیر و وەزیر، وەزیر و باوک، باوک، و کوڕ، کوڕ بێت، واتا

هەموو کەسێک لە شوێنی خۆی بێت، لەبەرئەوە خاقانەکە باج و خەراجی شاری (لین چیو)ی داوە بە کۆنفۆشیۆس، بەڵام وەرینەگرتووەو وتویەتی «من هیچم نەوتووە کە پاداشتی لەبەرامبەردا وەرگرم.» ئەمیر پێداگری کردووە لەسەر ئەوە ببێت بە راوێژکاری، بەڵام وەزیر پەشیمانی کردووەتەوە.

کۆنفۆشیۆس بۆ ماوەیەک بووە بە بەڕێوەبەری پۆلیستی ویلایەتی (چونگ تو) و بووە هۆی ئەوەی دزی و خراپەکاری لەو ویلایەتە نەمێنێت. گێڕاویانەتەوە ئەگەر کەسێک شتێکی گرانبەهای ببینیبێت، یان هەڵینەگرتووە، یان بۆ خاوەنەکی بردووەتەوە.

لە کاتی دەسەڵاتی (کینگ)دا کۆنفۆشیۆس سەرپەرەشتی خزمەتگوزاری گشتی شاری (لو) بووە. لەو کاتەدا جۆرێک چاکسازی زەوی و زاری ئەنجامداوە، دواتر کراوە بە وەزیری تاوانکارییەکان و لەو کاتە بە دواوە لە (لو) راستگۆیی و وەفاداری بووە بەتایبەتمەندی پیاوانی ئەو شارە، گوێڕایەڵیش بووە تایبەتمەندی ژنان.

ویلایەتە هاوسێکان ویستیان سوود لەو نمونەیە وەرگرن، کە بە نمونەی سەرکەوتوو هەژماردەکرا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون، ئەمەش بووە هۆی ئیرەییان. مێژوونووسان ئاماژەیان بە ئەوە کردووە، کە ویلایەتە هاوسێکان ترسیان لە بەهێزبوونی ویلایەتی (لو) هەبووە و هەوڵیانداوە (کینگ) گومان بە کۆنفۆشیۆس ببات.

لەبەرئەوە ویلایەتی (چی) 120 کچی جوان و 120 ئەسپیان بۆ خاقانی (لو) ناردووە، خاقان گوێی بۆ ئامۆژگارییەکانی کۆنفۆشیۆس نەگرتووە، لەبەرئەوە کۆنفۆشیۆس بە نیگەرانییەوە وەزارەتەکەی جێهێشتووەو 13 ساڵی لە ئاوارەییدا بەسەربردووە. دوای ئەوەی کۆنفۆشیۆس لە شا جیابووەتەوە، پێشنیاری پێ کراوە کە ویلایەتی (وی) بەڕێوە ببات، بەڵام بە هۆی شایستە نەبوونی ئەمیری ئەو کاتەوە پێشنیارەکەی رەتکردووەتەوە.

کاتێک کۆنفۆشیۆس دەگاتە ویلایەتی (چی) دوو پیرەمێردی بینیوە، کە تەرکی دنیایان کردووە، یەکێکیان کۆنفۆشیۆسی ناسیوە و بە

خوێندکارەکەی کۆنفۆشیۆس، (تسە لو)ی وتووە، ئاڵۆزی وەک زریان جیهانی گرتووەتەوە و نزیکە هەموو شتێک لە پێ بخات، ئایا وا باشتر نییە پەند لە ئێمە وەرگریت و دنیا تەرک بکەیت و دوای کەسێک نەکەویت، کە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەچێت؟

ئەمیر (گی) سێ کەسی بە کۆمەڵێک دیارییەوە لە تەمەنی69 ساڵیدا نارد بۆ لای کۆنفۆشیۆس و بانگهێشتی کرد بۆ ویلایەتی (لو)، بۆئەوەی لەوێ ژیان بەسەر ببات و پێنج ساڵی کۆتایی تەمەنی بەڕێزەوە ژیا. چەندین جار زانایان و گەورەکانی ویلایەتەکە دەچوونە لای کۆنفۆشیۆس، بۆئەوەی سودی لێوەرگرن.

کۆنفۆشیۆس لە تەمەنی 72 ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە. کۆنفۆشیۆس لە کۆتایی تەمەنیدا بە خوێندکارەکانی وتووە «لە جیهاندا کەسێکم نەبینیوە من بکات بە سەروەری خۆی.» خوێندکارەکانی دوای مردنی بۆ ماوەی سێ ساڵ لای گۆڕەکەی ماتەمیان گێڕا، بەڵام یەکێک لە خوێندکارەکانی بە ناوی (تسە لو) شەش ساڵ لای گۆڕەکەی مایەوە و ماتەمی گێڕا.

**فێرکارییەکانی کۆنفۆشیۆس**

پـەیـڕەوانـی کۆنفۆشیۆس خـاوەنـی کتێبی پـیـرۆزنـیـن و زۆربـــەی ئـــەوەی لـەبـارەیـەوە نـوسـراوە، بە هی کۆنفۆشیۆس نـازانن، بەڵام گێڕدراوەتەوە، کە ژمارەیەک لە کتێب و وتەکان هـی کۆنفۆشیۆسن، بـەڵام پێنج یاسا بە هی کۆنفۆشیۆس دەزانن، کە بریتین لە:

1. **شوکینگ:** ئەو وتـار و نوسینانەن، کە لە زمانی (خاقان)ە کۆنەکانەوە گێڕدراونەتەوە و لە گرنگترین یاساکانی کۆنفۆشیۆس–ن.

2. **شی کینگ:** هۆنراوە و غەزەلەکانە و سرودە مـەزهـەبی و رەشـتـیـەکـان دەگـرێـتـەوە و لای پەیڕەوانی کۆنفۆشیۆس گرنگی زۆریان هەیە.

3. **یی کینگ:** کتێبی گۆڕاوەکانە و وێنە و بابەتە پەیوەندیدارەکان بە غەیبەوە دەگرێتەوە و وتراوە کە لە نوسینی نەوەی کۆنفۆشیۆس–ە.

4. **لی کی/ لی چی:** کتێبی دروشمە مەزهەبییەکان و پاڕانەوە شەریعەتە.

5. **چون چیە:** ساڵنامەیەکی تایبەت بە بەهار و پاییزە و لە ساڵی 727 پ.ز تا 481 پ.ز نوسراوە.

**یادداشتی خوێندکارەکانی کۆنفۆشیۆس**

یادداشتەکانی کۆنفۆشیۆس لە چوار کتێبدا کۆکراونەتەوە، کە ئەمانەن:

1. **ئانالکت:** کۆموڵێک وتەی کۆنفۆشیۆس و خوێندکارەکانییەتی، کە بابەتی فەلسەفەی گرنگ لەخۆدەگرێت، بەڵام دەڵێن ئەم نوسینانە بۆ سەردەمەکانی دواتر دەگەڕێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە گرنگترین سەرچاوە بەردەستەکانی فەلسەفەی کۆنفۆشیۆسە. لەم کتێبەدا کۆنفۆشیۆس دەڵێت، کە «من گێڕەرەوەم نەک نوسەر. من ڕێزم لە وتەی خاقانەکان گرتووە و پەسەندیان دەکەن.»

2. **تاسوئە (زانستی گەورە):** بەشی 39ی کتێبی (لی چی)یە و پێکدێت لە فێرکردن و پەروەردە، بنەما ڕەوشتییەکان و پەیڕەوانی کۆنفۆشیۆس بە وردی دەیخوێننەوە.

3. **فێرکاری مین:** بەشی 38ی کتێبی (لی چی)یە و پێکدێت لە سیستم و ڕێکخستن لە سروشتدا. لەسەدەی دووەمی پێش زاییندا لەلایەن نەوەی کۆنفۆشیۆسەوە نوسراوە.

4. **منکیوس:** لەسەدەی سێیەمی پێش زاییندا کۆکراوەتەوە و لە غەزەل پێکدێت و پەیڕەوانی کۆنفۆشیۆس باوەڕیان پێی هەیە.

لە راستیدا ئەم چوار کتێبەو نۆ یاسا لە سەرچاوە سەرەکییەکانی پەیڕەوانی کۆنفۆشیۆسن، بەڵام لەسەدەی سێیەمی پێش زاییندا ڕووداوێکی بەسەر هات، یەکەم خاقانی چین کە حکومەتێکی یەکگرتووی دروستکرد ناوی (چنگ) بوو، سەرزەوییەکانی چینی لەو سەدەیەدا داگیرکرد، لەبەرئەوە نازناوی خاقانی گەورەیان پێدا. (چنگ) لە ڕێکخستنی وڵات و بواری سەربازیدا بێ هاوتا بوو، سیستمی فتۆدالی لەناوبرد و سەرجەم کاروباری وڵاتی دایە دەست خاقان و چینی بۆ 36 ویلایەت دابەشکرد و دیوارێکی گەورەی بە دەوری چیندا دروستکرد، نوسینی گۆڕی، کە تا ئەو کاتە بە پێنوسی (نەی) لەسەر پارچە قوماش دەیاننووسی، بەڵام دواتر گۆڕی بۆ پێنوسی (مو) و لەسەر پارچە قوماشی ئاوریشم نووسیان و ئەلف بای چین-ی بە شێوەیەکی تایبەتی داڕشتەوە بۆ نوسین.

چاکسازییەکانی (چنگ) لەگەڵ هەندێک لە کۆنەپەرستەکان نەدەگونجاو لەو نێوانەشدا پەیڕەوانی کۆنفۆشیۆسیشی دەگرتەوە، لەبەرئەوە (چنگ) لەگەڵ وەزیرەکەی راوێژی کرد و ساڵی

213 پ.ز سەرجەم کتێن و ئاسەوارە دێرینەکانم لەوانە نوسینەکانی کۆنفۆشیۆسیان سوتاند. ئەمکارە لەلایەن زانایانەوە نفرینی لێکرا. تەنیا کتێبەکانی جوتیاری و پزیشکی هێشتەوە. ئەوانەی کتێبیان دەشاردەوە، ئەشکەنجە دەدران و ناچاریان دەکردن بۆ ماوەی چوار ساڵ لە دروستکردنی دیواری چیندا کاربکەن. دەگێڕنەوە کە 460 کەس لە زانایانی چین لەلایەن (چنگ)ەوە کوژراون. دوای سێ ساڵ (چنگ) کۆچی دوایی کرد و سەردەمی ئیمپراتۆریەتی (هان) دەستییپێکرد. دوای ئەوە خاقانەکانی چین توانیان ئەو کتێبانەی لە کتێبخانەی پاشایەتیدا مابوون بە یارمەتی پەیڕەوانی کۆنفۆشیۆس بنوسنەوە و بڵاویان بکەنەوە.

**بنەما رەوشتییەکانی کۆنفۆشیۆس**

لەسەردەمی کۆنفۆشیۆسدا کاری مرۆڤەکان بریتی بووە لە گەندەڵی، بەڵام چاکە لە ناخیاندا بۆ چاکسازی مابوو. دۆخی کۆمەڵایەتی خراپ بوو، بەڵام دەتوانرا باش بکرێت. لەو بارودۆخەدا کە خەڵکی لە بنەما رەوشتییەکان دوورکەوتبوونەوە، دەبوو لەسەر بنەمای (لی) کە کۆنفۆشیۆس خستبوویەڕوو بۆ رێگەی راست رێنوێنی بکرێن.

**بنەمای (لی)**

بنەمایەکە بۆ چاکسازی لە کۆمەڵگەدا بە واتای پاکی، ئـەدەب، مرۆڤایەتی، رێـز، سەرمەشقی مرۆڤـایـەتـی دێـت. لـە کتێبی (لـی چـی)دا ئەم بابەتە روونکراوەتەوە. کۆنفۆشیۆس وتویەتی «بنـەمـای دادپـــەروەری بنچینەی سیستمی کۆمەڵایەتی دەخاتەڕوو و لە رێگەی (لی)یەوە مافی رەسمی تاکەکان ڕووندەبێتەوە و جۆرێک دادپـــەروەری کـۆمـەڵایـەتـی دروسـتـدەکـات. کۆنفۆشیۆس لـەبـارەی (لـی)یـەوە وتویەتی «هۆکاری بنەڕەتی لە رێکخستنی کاروبار و باشی پەیوەندییە مرۆییەکان لەسەر ئەمەیە و لە پێنج خاڵدا کورتدەکرێتەوە:

1. پەیوەندی سوڵتان لەگەڵ ژێردەستەکانی.
2. پەیوەندی باوک لەگەڵ منداڵ.
3. پەیوەندی هاوسەر لەگەڵ هاوژینەکەی.
4. پـەیـوەنـدی بـرا گـەورەکـان لـەگـەڵ برا بچووکەکان.
5. پـەیـوەنـدی هـــاورێ لـەگـەڵ هـــاوڕێ و ژمارەیەک پەیوەندی خوارتر.

**بنەمای (شو)**

ئەم بنەمایە ئەو کاتە خرایەڕوو، کە یەکێک لە خوێندکارەکانی کۆنفۆشیۆس لێی پرسی، ئایا وشەیەک یان رستەیەک دەدۆزرێتەوە، کە بۆ هەموو مرۆڤەکان لە تێکڕای تەمەنیاندا دەستوری گشتی بێت؟

کۆنفۆشیۆس وتویەتی «بەڵێ».

کاری بەرامبەر واتە (شو) واتا ئەوەی بۆ خۆت بە رەوای نازانی بۆ کەسانی تریش بە رەوای مەزانە. کۆنفۆشیۆس جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە، کە حکومەتەکانی سەرزەوی چین بۆ دابینکردنی ئسایشی هاووڵاتیانی چین کاردەکەن و خاقان و دەسەڵاتدارانی حکومەت، پێویستە پارێزگاری لە مافی هاووڵاتیان بکەن. پیر و گەنج هەر یەکێکیان بەپێی خۆی ئەرکی هەیەو پێویستە بەردەوا ئەوەیان لەبەرچاوبێت. ئەو ئەرکانە لە کتێبی (لی چی)دا بە پەیوەندی پێنجی بەناوبەناگە:

1. پێویستە باوک لە کوڕ لەڕووی دڵسۆزییەوە لێی بڕوانێت، هەروەها کوڕیش بە هەمانشێوە.

2. برا گەورەکان بەرامبەر برا بچووکەکان،

پێویستە بەسۆزو ئارامگر بن و برا بچووکەکان گوێ لە برا گەورەکانیان بگرن و دڵفراوان بن.

3. هاوسەر (پیاو) پێویستە بەرامبەر هاوژینەکەی (ژن) دادپەروەر بێت و ژن گوێ بە فەرمانی هاوسەرەکەی بێت.

4. ژێردەستەکان و باڵادەستەکان مەیک نیشانبدەن و ژێردەستەکان گوێ رایەڵی باڵا دەستەکانیان بن.

5. پێویستە دەسەڵاتداران بەرامبەر شوێنکەوتووانیان بەسۆزبن و شوینکەوتەکانیش بۆ دەسەڵاتداران بەوەفا بن.

کۆنفۆشیۆس دەڵێت، ئەگەر ئەم پێنج تایبەتمەندییە لە کۆمەڵگەیەکدا هەبن، ئەوا ئەو کۆمەڵگەیە بە بەرزترین پلەی پاکی و رێزداری و باڵایی دەگات. ئەگەر ئەوانە جێبەجێبکەن شەڕ و ناکۆکی امێنێت و خەڵکی بە خۆشبەختی هەمیشەیی دەگەن. کۆنفۆشیۆس لە وتەکانیدا خۆشەویستی زۆری بۆ خێزان دەربڕیوە و بە بەشێک لە ئاینی ئەو هەژمار دەکرێت و لە ئێستادا چینییەکان ئەم بنەمایە لە رەفتاری خۆیاندا دەپارێزن.

لە ئاینی کۆنفۆشیۆسدا هاتووە، کە هەر گەنجێکی تازە پێگەیشتوو پێویستە لە رووی رێزەوە بە هەموو توانایەوە لە لەدایکبوونییەوە، تا مردن خۆی بۆ خێزانەکەی تەرخانبکات. منداڵی خێزان پێویستە گوێڕایەڵی باوک بێت و ئەگەر باوک نەبوو، گوێڕایەڵی براگەورەکەی بێت. لە بەرامبەردا هەموو باوکێک بەرامبەر خۆشبەختی و تەندروستی خێزانەکەی بەرپرسە. ئەرکی باوکە منداڵەکانی لەسەر رەوشتی باش پەروەردە بکات، لەسەروو هەموویانەوە رەوشتی جوان. کۆنفۆشیۆس لە جێگەیەکدا وتویەتی «تا ئەو کاتەی باوک لە ژیاندایە پێویستە کوڕ بە ویستی باوکی رەفتار بکات و کاتێک کۆچی دوایی کرد، منداڵ پێویستە رەفتار و کردارەکانی باوکی لەبەرچاوبگرێت و بۆ ماوەی سێ ساڵ هەموو رەفتارێکی باوکی ئەنجامبدات، بۆئەوەی نەمر بێت.» لە جێگەیەکی تردا وتویەتی «کوڕی خۆشبەخت ئەو کوڕەیە، کە بێجگە لە نەخۆشی نابێت ببێتە هۆی بێزار کردنی باوکی.»

هەروەها وتویەتی «منداڵی باش ئەوە نییە، کە لە کاتی بە توانابیدا خواردن بە باوک و دایکی

بدات، چونكه ئەمكارە لەناو گیانەوەرانیشدا هەیە.
كوڕی باش ئەوەیە، كە ڕێز لە باوانی دەگرێت.»
بەشێوەیەكی گشتی لە وتەكانی كۆنفۆشیۆسدا پەیوەندی و هەماهەنگییەك لە نێوان باوك و منداڵەكانیدا هەیە.

كۆنفۆشیۆس لەبارەی شاو شوێنكەوتووەكانی وتویەتی «هەر كاتێك شا و مەلیكەكان ئەم بنەما باڵایە كە بنەمای مەدەنییەكانی باڵایە لەبەرچاو بگرن، دۆخی دەوڵەتەكاین وەرچەرخانی بەسەردادێت. هاووڵاتیان لە خاوەن پلە و پایە باڵاكانەوە تا هەژارترین تاكەكان لە سەرتاسەری وڵاتەكەدا پەرەستش و ڕێز دەكەنە پیشەی خۆیان.» كۆنفۆشیۆس وتویەتی «ئەو شایەی وڵات بە پەرەستشەوە بەڕێوەببات هاوشێوەی ئەستێرەی باكور دەبێت و درەوشانەوەی جێگیر دەبێت و ئەستێرەكانی تر بە دەوریدا دەسوڕێنەوە.»

كۆنفۆشیۆس كاتێك بە یەكێك لە سەرۆك خێڵەكانی وت «پیاو گەورەیی و ڕێز بەدەستدێنێت كاتێك بنەمای (شو) لەبەرچاو دەگرێت.»

یەكێك لە فەرمانڕەوایان لە كۆنفۆشیۆس-ی

پرسیوە «بنەمای حوکمڕانی چییە؟» لە وەڵامدا کۆنفۆشیۆس وتویەتی «هەموو شتێک دابەشبکرێت و ڕاستی هەبێت، ئەگەر تۆ هاووڵاتیان دروست و ڕاست ڕێنمایی بکەیت، هیچ کەسێک لە ڕێگەی ڕاست لانادات.»

هەمان ئەو فەرمانڕەوایە ڕۆژێکی تر لێی پرسیوە «لەسێدارەدان بۆچی پێویستە؟» لە وەڵامدا وتویەتی «ئەگەر تۆ لەڕووی نیەتی تایبەتی و باوەڕی تەواوەوە لەسەر ئەم ڕێگەیە بڕۆیت و باش بیت، خەڵکانی ژێر دەسەڵاتیشت خەڵکانی باش دەبن، باڵایی شاکان وەک بایە و تاکەکان وەک گیای چیمەن. هەڵبەتە گیا لە بەرامبەر بادا ملکەچ دەکات و سەری ڕێز دادەنەوێنێت.»

کۆنفۆشیۆس لەبارەی سیاسەتی ئەو ڕۆژگارەوە وتویەتی «بەشێوەی سروشتی مرۆڤەکان باش و چاکەکارن، لەمڕووەوە هەر کاتێک لە خاوەن دەسەڵات و فەرمانڕەواو گەورەکان باشە ببینن، سود لە باشانەیان وەردەگرن، کەواتە ئەگەر لەسەر زەوییەک 100 ساڵ یەک لە دوای یەک شای باش دەسەڵاتدار

بن، ئەوا تاوان و تاوانکاری خۆیان لەناودەچن و لەمڕووەوە لە سێدارەدان هیچ پێگەیەکی نامێنێت.»

لە وتەکانی کۆنفۆشیۆسەوە بەو ئەنجامە دەگەین، کە ژیانی باش بە بڕوای کۆنفۆشیۆس ژیانی رۆحانییە. ژیانی باش لە دانانی یاساکاندا نییە. فەرمانڕەوا و دەسەڵاتداری باش دەبێت سەرمەشقی ئاشتی و پێشەوایەتی پەسەندکراو بن، ئەگەر بەو شێوەیە بێت تاوانکاری نامێنێت. ئەمەش لەکاتێکدا کە یاسا و سیستمە دەسەڵاتدارەکان لە سەرزەوییە جیاجیاکان خۆیان هۆکاری تاوانن. حوکمەتی باش و دەوڵەتی سیستماتیک ناتوانرێت بە زەبری یاسا لەناوببرێت، بەڵکو تەنیا بنەما و هۆکاری بەرفراوانبوونی باشە لەناو خەڵکدا کاری پەسەندکراوە. هەر کاتێک راستی و راستگۆیی و هاوکاری لە نێوان شاکاندا هەبێت، ئیتر یاسا پێویست نابێت. ئەگەر ئەمیر یان فەرمانڕەوایەک پاکی بگرێتەبەر و رەفتارەکانی باش بن، ئەوا کاری حکومەتەکی رێکخراو دەبێت و دەوڵەتەکەی سەرکەوتوو دەبێت و ژێر دەستەکانی لاسایی دەکەنەوە و

ڕێگەی یەکسانی و دادپەروەری دەگرنەبەر و بە خۆشبەختی دەگەن.

ڕۆژێک کۆنفۆشیۆس بە دەسەڵاتدارانی ناوچەی (لو)ی وتووە»کاتێک کەسانی شایستە لەسەر کار بن کاروباری دەوڵەت چاک دەبن، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەگەر کەسانی شایستە بخرێنە پەراوێزەوە، ئەوا وڵاتەکە نوقمی گەندەڵی و وێرانی دەبێت، لەبەرئەوە پێشکەوتنی کار وڵات بە دەستی پیاوانی شایستەوە گرێ دراوە و پیاوانی شایستەش لە ژێر کاریگەری باشییەکانی شاکان پەروەردە دەبن، کەواتە شاکان پێویستە ڕەوشت و تایبەتمەندی خۆتان ئاڕاستە بکەن و خۆی لە قۆناغی یەکەمدا ڕێگەی ڕەوشت بەرزی بگرێتەبەر و ئەم ڕەفتارە ڕەخنە دەکاتە ناو هاووڵاتیان و کۆمەڵگە بە تەواوی دەبێتە کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتی.»

کۆنفۆشیۆس باوەڕی بە ئەو یاسا دانراوانە نەبوو و دەیوت «ئەگەر خەڵکی لە ڕێگەی یاسا و سیستمەوە ڕێنمایی بکرێن و لەسەر بنەمای ئەو یاسایانە تاوانەکان ببینن، لەوانەیە لە ترسان توشی تاوان نەبن، بەڵام سروشتی ئەوان هێشتا

